لێکۆڵینەوە

# مێژووی دە هۆزی کوردی دێرین

## ١٠٠٠ ساڵ پ – ز

ئامادەکردنی:

**عومەر حاجی عەلی زەنگنە**

کەرکووک – ٢٠١٤

ناوی کتێب: مێژووی دە هۆزی کوردی دێرین

بابەت: لێکۆڵینەوە

ئامادەکردنی: عومەر حاجی عەلی زەنگنە

دەرهێنانی هونەری: ئەنجام سەعید

چاپخانە: کارۆ

چاپی یەکەم– ٢٠١٤

تیراژ: (٥٠٠)دانە

## پێشکەش

- پێشکەشە بە گیانی پاکی ئەو شەهیدانەی کە لە پێناوی کورد و کوردستاندا سەریان نایەوە.
- پێشکەشە بەو تێکۆشەرە بە ئەمەکانەی کورد بە هزری پاك و بەرزیان و بە نووکی پێنووسەکانیان گیانی پیرۆزی باپیران و ئاکارە جوانەکانیان زیندوو نوێ دەکەنەوە.
- پێشکەشە بە گیانی پاکی باوکم کە هەمیشە سەر بەرزی و سەربەستی کوردی خەمبوو.

نووسەر

٢٠١٣/٤/٤

**هۆزەکان**

١- هۆزی هورمزیار
٢- هۆزی گاوانی
٣- هۆزی زراری
٤- هۆزی مووکری
٥- هۆزی گەڵاڵی
٦- هۆزی رەوادی = هەزەبانی
٧- هۆزی فەیلی
٨- هۆزی رۆژەکی
٩- هۆزی زەنگنە
١٠- هۆزی گۆران

# بەناوی یەزدانی بەخشندە و میهرەبان

## پێشەکی نووسەر

مێژووی دێرین و نوێی کورد لە کوردستانی دێرین و (میدیا)ی ئێستادا دەگەڕێتەوە بۆ چەندین هەزار ساڵ بەر لە ئێستا، لە زۆربەی سەردەمەکانی ماوەی سێی هەزارەی ڕابوردویان زیاتر لە زۆربەی ناوچەکانی کوردستانی دێرین و نوێدا بە تایبەت شارستانی نەتەوەی کورد لە رووی رامیاری و کۆمەلایەتی و کولتوری و فەرهەنگی و ئایینییەوە سەرەکیترینیان یان یەکێك لە سەرەکیترین بنیاتنەری مێژووی ئەم قەڵەمڕەوایەتییە بووە. نموونە بەرجەستەکانی ئەم شارستانییە دێرینەیە وەکو گۆتییە (جۆدی)ییەکان و لۆلۆییەکان و عیلامی = ایلامییەکان و مادەکان و خۆرییەکان و ئەشکانییەکان و ساسانییەکان و شەدادییەکان و ئەیوبییەکان و زەندەکان و براخۆییەکان و لە دوایشدا میرنشینەکانی سەدەکانی دوایی ئەمانە پشت راستی بەڵگەکانمان دەکەنەوە. شارستانییەکی دێرینە و کاریگەری لەم چەشنە



بێگومان دەبێ ئاسەوار و میراتی رامیاری و جوگرافیایی و کولتوری و کۆمەلایەتی و زانستی و وێژەیی فەرهەنگی بەجێهێشتبێ کە نەوەکانی دوایی بتوانن لێیان سوودمەند بن و شانازی پێوە بکەن.

مێژوو لێرەدا بەتایبەتی مێژووی نووسراوە یەکێ لە ئامرازە سەرەکییەکانی تۆماری ئاسەوارەکانی شارستانییە، ئاسەوارەکانی شارستانی کوردیش بێگومان دەبێ لەم روانگەیەوە جێ پەنجەی دیاربێ. لە بارەی تۆماری نووسراوەی مێژوویی و شارستانی نەتەوەی کورد دەتوانین کۆمەڵێك ئاسەواری بەرجەستە ناوبەرین لەوانە پەرتووکی پیرۆزی (ئاڤێستا و دین کورد و زەند ئاڤێستا و پازەند و یوزمەند و دانستان و دین تەك و ئارتایی و ێڕاڤنامە (میعراج نامە) و کارنامەی ئەردەشێری بابك یان کار و زریران و رێ لیکی خوسرەوی وەشتر بگۆنان و خدانانی نامە و خودان نامە و رۆستم نامە و نامەی نەوشیروانی دادوەر و ئەسکەندەر نامە و یوردراسب و خوسرەو و شیرین و گوشاسب نامە و بەهمەن نامە و شەهریار نامە رۆستەم وزۆراب و بەختیار نامە و گواتەکانی حەزرەتی زەردەشت پەیامبەر و راڤەی گواتاکانی) و دەیان پاشماوەی ئەم پەرتووکە گرنگانە کە بە شێوەی (ماچۆ)یی و زمانی کوردی نووسراون و جگە لەمانە تەنگ گلۆکە ناسراوە بە شنگول لە ساڵەکانی (٧٠٠پ.ز) پەرتووکێکی لە بارەی ئایین و ئەستێرەناسییەوە بە زمانی کوردی نووسیوە (ئاریانە) پزیشکێکی

بەناوبانگی کوردە لە ساڵی (٦٦٨پ.ز) پەرتووکێکی پزیشکی بە زمانی کوردی نووسیوە و جگە لەم پەرتووکە گرنگانە بە دەیان پەرتووکی ئایینی و کۆمەڵایەتی و مێژوویی جوگرافی لە سەردەمی پێش زایین و لە سەردەمی ئایینی ئیسلامدا نووسراونەتەوە بە کوردی و بە تایبەت بەو پیتە کوردییە رەسەنانەی کە لە پەرتووکی (ئاڤێستا و یەکتاپەرستی) لە لاپەڕەی ١٥ – ١٨ ئاماژەم پێکردوون ئێستا بەپێی سووڕانی سەردەم لە بەین چوون و نەماون ئەم دە هۆزە کوردە دێرینانەی نەتەوەکەمان کە پێش هەزاران ساڵ توانیویانە تا ئێستا پێوە پارێزگاری لە خۆیان و ناوە رەسەنەکەیان بکەن سەرەڕای ئەوەی خاکەکەمان لەلایەن هێرشبەران و داگیرکەرانەوە هەوڵی گۆڕینی دیموگرافی و مێژووی رەسەنی دراوە لە شێوەی (تەتریك و تەفریس و تەعریب)

عومەر حاجی عەلی زەنگنە
کەرکوك–خورماتوو–رزگاری
٢٠١٣/٤/٤

## دەستپێك و ئامادە كاری

له سەرتای هەرەتی لاویمەوه تا ئێستایشی پێوه خولیای مێژووی گەلەکەمم هەمیشە لە بیرو هزرمدا هاتووچۆی دەکرد کاتێك پەرتووکە مێژوویەکانی نەتەوەکانی دیکە و دراوسێکانم دەخوێندەوە کاتێك سەیری پاشماوەکانیان دەکەم ئەگەر راستەوخۆیان بەوێنە و نووسین کە بەرانبەریان دەکەم بە ئاسەوار و بەڵگەنامە و پاشماوەی گەلی کورد لە خاکی کوردستان و لە دەرەوە یشدا بۆم ئاشکرا دەبێت خاکی کوردستان و گەلەکەی زۆر لەوان دێرینتر و گەلێ لە پێشترەو پاشماوەکانی خۆمان و توێژینەوەی بیبانی و نەتەوەکانی دیکە و دراوسێکانمان ئەوەیان دابین کردووە کە گەلی کورد گەلێك لەوان دێرین تر و مێژینەترە و کوردستانەکەی ئێمە لە سەرتاوە لانکەی شارستانی و زانست و زانیاری بووە ئەگەر نەتەوەکانی جیهان شتێکیان لە زانینی و پێشکەوتنی مرۆڤایەتی وەدی کردبێت هیچ گومانی تێدا نیە سەرچاوەکە یان لە کوردستانەکەی ئێمەوە بە دی کردووە و لە تەك خۆیان دا بردوویانە و لەم جیهانە دا پەرەیان پێداوە و بڵاویان کردۆتەوە و بۆ خۆشیان سوودیان لێوەرگرتووە کاتێك کەشتییەکەی (ناخ=نوح) پەیامبەر لە سەر چیای (گوودی = جودی) نیشتەوە کە ئەو کاتە لە لایەن یەزدانەوە بە پاکترین و



پیرۆزترین جێگە زانراوە هەروەك لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی پێکراوە لە سەر فەرمانی (ناخ) پەیامبەر دانیشتوان سەرکەشتییەکە لەسەر سنگی چیای ( جوودی=گودی) گوندێکیان دروستکرد بە ناوی (هەشتانینیا) کە ئێستا ئەو جێگە و کوندە هەر ناودانە و بەزمانی عەرەبی بە (نزول) دەناسرێت بەواتای ئاماژەی دابەزین لە کەشتییەکە و پێش چەند ساڵێکی نزیك لەلایەن چەند پسپۆڕێکی بیانییەوە ئاسەواری کەشتییەکەیشی لە ژێر خاك دەرهێنرا و رژێمی تورکیا دەستی بە سەردا گرت و ئێستا لە یەکێك مۆزەخانەکاندا لە تورکیا پارێزراوە هەر لەو سەردەمەوە هۆزی (جودی =گوودی) لەودەورو بەرەدا زۆربوون و بڵاوەیان کرد بەناوچەی کوردستاندا و سەرئەنجام بە فەرمانی پەیامبەرەکەیان شاری (شارناخ) یان دروستکرد و ئێستا تورکە رەگەز پەرستەکان بە (شیرناخ) ناوی دەبەن گەلی گوودی زۆر بوون و بەرەو رۆژهەڵات و خواروی رۆژ هەڵات و خوارووی کوردستانی ئێستا دا بڵاوەیان کرد سەرەنجام پایتەختی وڵاتەکەیان لە (ئەکباتانا) هەمەدان دروستکرد و بەشی لای خوارووی کوردستانیش شاری (کارکۆك = کەرکوك) و قەڵا دێرینەکەیان دروستکرد هەمەدان کرا بە پایتەختی هاوینە و کەرکوکیش بە پایتەختی زمستانە و پاشاکانیان گەرمیان وکوێستانیان تێدا دەکرد ئەشکەوتەکانی زەرزی وکریم شار و هەزار مێرد شانیدەر مێژووەکانیان دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە (١٠٠) هەزار ساڵ پێش ئێستا

بە پێی ئەو ئاسەوارانەی پشکێنەرانی بییانی لەم جێگەیانەدا دۆزیویانەتەوە ئەم راستییە دەسەلمێنێت کە لە پێش (١٠٠) هەزار ساڵ ژیان لە کوردستان هەبووە. هەر لە گەلی گوودی گەلان دیکە و هۆزانی دیکەشی دروستبوون لە شێوەی ١- مادەکان . ٢- ئیلامیەکان. ٣- کاسیەکان. ٤- سۆمەریەکان. ٥- خۆریەکان. ٦- سوباریەکان . ٧- ساسانیەکان . ٨- شەدادیەکان. ٩- ئەیوبیکان. ١٠- براخۆیەکان - میرنشینەکانی سەردەمی دوایی هۆزە دێرینەکانی گەلی کورد زۆر بەیان رۆڵی سەرەکیان لە کوردستان گێراوە چ لەبارەی رامیاری و کۆمەڵایەتی و کارگێریەوە و چ لە بارەی مێژووی و کەلتووری و زانیاری و رۆشنبیریەوە لە زۆربەی سەردەمەکانی خۆیاندا خاوەنی خەباتی درێژ خایان بوو نەو هەمیشە بەر گریان لە خاك و نیشتمانەکەی یان کردووە و توانیویانە دەسەڵات لە نێو خاك و نیشتمانەکەی خۆیان دا و لە دەرەوەی وڵاتەکەی خۆیاندا بگرنە دەست و مێژوویەکی پڕ لە شانازی و سەربەرزی بۆ یان و گەلەکەیان تۆماربکەن بە پێی زانیاری خۆم و ئەو سەرچاوانەی خۆماڵی و بیانی کە لە بەردەستدایە توانیم ئاماژە تەنیا بۆ (١٠) دە هۆزی سەرەکی دێرینی گەلەکەم بکەم کە مێژووی دروستبوونیان لە (١٥٠٠ بۆ ٢٠٠٠) هەزار ساڵ پترە و بە گوێرەی توانا ئاماژەیەکی کورتم کردووە بە مێژووی خەباتیان و تێکۆشانییان لە پێناوی گەل و نیستمانەکە ماندا و پەنجەی شانازی و ئافەرینم بۆ سەرکردە



قارەمان و بەتوانا کانیان درێژ کردوە کە وەك رۆڵەیەکی بەئەمەکی گەلەکەمان رۆڵی پڕ شانازی خۆی بینیوە لەو کات و سەردەمەدا کە بۆ یان رەخساوە ئەو هۆزانەیش ئەمانەن.. ١- هۆزی ئاهورا مزدایار= هورمزیار. ٢- هۆزی دێرینی گەلاڵی. ٣- هۆزی دێرینی هەزەبانی = رەوادی. ٤- هۆزی دێرینی فەیلی = فیلی. ٥- هۆزی دێرینی رۆژەکیَ . ٦- هۆزی دێرینی زراری. ٧- هۆزی دێرینی گاوانی. ٨- هۆزی دێرینی زەنگەنە. ٩- هۆزی دێرینی موکری. ١٠- هۆزی دێرینی گۆرانی - هیوادارم توانیبێتم کەلێنیکم لە کتێبخانەی کوردی پڕکردبێتەوە.

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە
کرکوك - خورماتوو

## ﴿هۆزی – ئاهورامزدایار= هۆرمزدایار =هورمزیاری دێرینی ڕەسەنی کورد﴾



هۆزی (هورمزیار) ی دێرینی ڕەسەنی کوردتا ئێستا بوونیان هەیە لە کوردستانی گەورە دا و ژمارەیەکیان لە وڵاتانی دراوسێماندا دەژین، ئەم هۆزە بە شانازییەوە توانیویانە ئەم ناوە پیرۆزەی خۆیان پاش تێپەڕاندنی هەزاران ساڵ وەك پێویست پارێزگاری لێبکەن و لە مردن و لە ناوچوون بیپارێزن، بێگومان ئەمەیش بەڵگە و گەواهی ئەم هۆزەیە کە ڕەسەنایەتی و دێرینی ئەم هۆزە و وەدەرخات و مایەی شانازیانە کە توانیویانە پێش هەزاران ساڵ و تا ئێستا پارێزگاری لەئەم ناوە پیرۆزەی خۆیان بکەن سەرەڕای



ئەوەی ئەم هۆزە دێرینە بە هۆی باوەڕو و ئاینەکەیانەوە توشی گەلێك ئەشکەنجە و ئازار وستەم بوونە و بە چاوی سوکایەتیەوە لە لایەن نەیارەکانیانەوە سەیر کراون وشەی (ئاهورامزدا)[1]. لە ئاینی پیرۆزی زەردەشتیدا بەواتای لایەنی یەزدانی و یەکتا پەرستی و فەڕو چاکەیە، لایەنەکەی دیکەی کە دژ بە ئەمەیە ئەویش ووشەی (ئەهریمەن) ییەکە لایەنی شەڕ و خراپیەکاری و شەیتان و دێوەکانە، هۆزی (هورمزیار) ی دێرینی کورد لە سەردەمی دروستبونیاندا چەند بنەماڵەیەك یان چەند توێژێك بوونە لە نێو هۆزە (میدی) یەکاندا لە ساڵەکانی (٦٠٠ – ٧٠٠) پ.ز ژیاون وەك سەرچاوە ئاینی و مێژوویەکان ئاماژەیان پێ کردووە، ئەم هۆزە لە گەڵ وەدەرکەوتنی و ئاشکرا بوونی ئاینی پیرۆزی (زەردەشت) یدا باوڕیان بە ئەم ئاینەی کورد هێناوە و بە دڵ و گیان و هزر خۆیان خزاندۆتە نێو ئاینەکەوە تاوای لێهات زۆر بەی کاتە کانی شە و ڕۆژیان هەر بە پەرستنی یەکتا پەرستی دەبردە سەر سەرەنجام بوون بە پێشڕەوێك بۆ ئاینی زەردەشت بۆ گەیاندنی ئەم ئاینە بە کۆمەڵانی خەڵك بە بێ جیاوازی کردن لە نێوان نەتەوە و توێژەکانی دانیشتوانی سەرگۆی ئەم زەوی یە هەر لە شێوەی ئاینی ئێستای ئیسلامی پیرۆز ، ئەم هۆزە ڕێڕەوێکیان بۆ خۆیان هەڵبژارد لە سەر رووناکی ئاینی زەردەشتی لە شێوەی سۆڤ گەری (سۆڤ نیزم) کە ئێستا لە ئاینی ئیسلامی پیرۆز دا پەیڕەودەکرێت، لە دوایدا هۆزی (ماگ=ماگی) لە نێو (میدی)

یەکاندا شان بە شانی ئەمان وەدەرکەوتن و سەرئەنجام ئەمانیش بوون بە پێشڕەوی ئاینی زەردەشتی و ڕێگە نیشاندەری ئەمەش هەر لە شێوەی (مەلا = مەلایەتی)[2]، ئێستای ئاینی ئیسلامی پیرۆز هیچ بەدوور نازانرێت چۆن ئەو جێگەیەی زەردەشتیە کان یەزدان پەرستیان تێدا دەکرد بە (مزدگە) دەناسراو ئێستایش ئێمەی کورد و موسوڵمان بە (مزگەوت) ناوی دەبەین هەروەها ئەوکاتەیش لە جیاتی نێوی (مەلا =مەلایەتی) گوتراوە (ماگ = ماگێتی) بە بۆ چوونی زۆربەی زانایان نووسەران هەر لە یەکتری وەرگیراون و تا ئەمڕۆیشی پێوە بەزەقی ئەم وشانە ڕەسەنایەتی وشەی کورد ەواری تێدا بەدی دەکرێت لە ساڵەکانی (١٨ – ١٩) کۆچی سوپای ئیسلام بە سەرکردایەتی (نعیمی کوڕی مقرن) گەیشتە شاری (یەزد) لە ئێران.

ئەم شارە لە سەردەمی (میدی) یە کاندا دروستکراوە وشەی یەزد لە یەزدانە وە هاتووە بە واتای شاری خودا لەو کات و سەردەمەدا لەم شارەدا ئاینی زەردەشتی زۆر باوبوە، زەردەشتیەکان زۆر ترسان سوپای ئیسلام بیانکوژێت هەر بۆیە زۆر بەیان هەڵهاتن و پەنایان برد بۆ چیای (نارکی) کە لە نێو ئەم چیایەدا پەرستگەیەکی گەورەی زەردەشتی دروستکراوە و ژمارەی (١٠٠ – ١٥٠)[3] خانووی دێرینی گڵینی تێدا دروستکراوە ئەم پەرستگەیە (٥٠ کم) لە شاری یەزدەوە دوورە مێژووی دروستبوونی ئەم پەرستگەیە دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەرەتای



سەرهەڵدانی ئاینی زەردەشتی تا ئێستایش ئەو خانوو و پەرستگەیە هەروەك خۆی ماوە زەردەشتیە ابراهیم یە کان تا ئێستا یەزدان پەرستی یەکتایی تێدا دەکەن،لە کاتی هاتنی سوپای ئیسلام بۆ شاری یەزد لە ئەم پەرستگەیەدا ژمارەیەکی زۆر لە هۆزی (هورمزیار) و لە هۆزی (ماك) ە کان کە ئەم دوو هۆزە پێشڕەوی ئاینەکەیان دەکردپەرستگاری یەزدانی یەکتایان تێدا دەکرد، کاتێك بینیان ئەم خەڵکە بە پەشۆکاوی روویان تێیان کرد ترسان و هەڵوێستیان وەرگرت، کاتێك راستیان بۆ روون بوەوە کە سوپای ئیسلام هاتووە و گەیشتوە بە شاری (یەزد) بۆ گەیاندنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە کۆمەڵانی خەڵك بە پێچەوانەی خەڵکە کەوە ئەمان زۆر دڵشاد بوون بە هاتنی سوپای ئیسلام بۆ وڵاتەکەیان ، بە خەڵکەکەیان گوت ئایە ئێوە فەرموودەکانی زەردەشتان بە بیردانایەت کە دەفەرموێت (پەیڕەوی ئاڤێستا و گواتە (حدیث) کانی من بکەن هەتا خاوەنی وشترە سورەکە لە دەڤەری عەرەبییەوە دێت بۆ لاتان بۆ گەیاندنی ئاینی ئیسلام – یان دەفەرموێت (ملکو سامانی ساسانیان بەدەستی هاوەڵانی محمد بە تاڵان دەچێت)، ئەوا وتەی زەردەشت بەدی هات و سوپای ئیسلام هات و ماڵی ساسانیا نیش بە تاڵان چوو.ژمارەیەك لە زانا و سەرکردەکانی هۆزی (هورمزیار و ماگە) کان ئاڤێستا و گواتەکانی[4] زەردەشت لە گەڵ خۆیاندا هەڵدەگرن و دەچن بۆ لای (نعیمی کوڕی مقرن) لە تەکیدا دەکەونە دیالۆك و لە دوایدا

پەرتوکە ئاینیەکانیان بەرچاو دەخەن و دەڵێن. ئێمە خاوەنی پەرتوکی یەزدانی و ئاسمانیین پەیامبەرمان زەردەشتە ئەو لە مێژدا هەواڵی پێمان داوە کە سوپای ئیسلام دێت بۆ وڵاتەکەمان بۆ گەیاندنی ئاینە پیرۆزەکەتان ئێمە هەمیشە لە چاوەڕوانیدا بوینە بەڵام لە بەرئەوەی ئێمە خاوەن ئاینی یەکتا پەرستی و پەتووکمان هەیە بە (جزیە = سەرانە) قایل دەبین ساڵانە بیدەین بە سوپای ئیسلام بۆ پارێزگاری کردن لە ئاین و ژیان و وڵاتمان، (نعیمی کوڕی مقرن) سەرکردەی سوپای ئیسلام ئاماژە بۆ فەرمانی پێشەوا (عمری کوڕی خەتاب) دەکات کە فەرمووی (سَنُوُبِهِم سُنَّة أهلِ الكِتْاب) بەواتای هەر لە شێوەی خاوەن پەرتووکەکان رەفتاریان لە تکدا بکەن.هەر بەم شێوەیە رێك دەکەون و سەرانە بە سوپای ئیسلام دەدەن و لەسەر ئاینی خۆیان دەمێننەوە هەر بۆیە تا ئێستا یش هەر ئەو پەرستگە یە هەروەك خۆی ماوە و سوپای ئیسلام پارێزگاری لێکردوونە یهێشت بڕوخێت و گیان و ماڵی و سامانی زەردەشتیان لەلایەن هاوڵانەوە پارێزرا،لە سەردەمی ساسانیاندا (پەیکەر = تمثال) یکی حەزرەتی زەردەشت دروستکراوە لە نێو پەرستگەی (نارکی) دانراوە تا ئێستا هەر وەك خۆی ماوە ئەم وێنەیەی خوارەوەیش وێنەی یەکی پەیکەرەکەیە،

هۆزی (هورمزدیار) ئەم هۆزە دێرینەی کورد لە و رۆژەوە بە هۆزی (ئاهورا مزدایار) یان (هورمزیار) ناسراون و لە دوایدا بوونە بە (هورمزدیار) بە واتای یار و ئەویندار وشەیدای رێگەی هەق و



هەقیقەت و یەزدانی یەکتا پەرستی.بۆیە هەر بەو ناوەوە ناوبانگیان دەرکردوە و تا ئێستا یش پێوە هەر بە ئەو ناوەوە دەناسرێن، هەر چەندە ئێستا ئەم هۆزە لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا پەیڕەوی ئاینی پیرۆزی ئیسلام [٥] دەکەن جگە لە بەشێکی زۆر کەم کە لە ئێران و لە ئەفغانستان دادەنیشین و یەکتا پەرستن، گومانی تێدا نیە ئەم هۆزە ئازاو قارەمان و دڵسۆزەی کورد لە تەمەنی دێرینو دوورو درێژی خۆیاندا گەلێك ئەشکەنجە [٦] و ئازار یان چەشتووە بە گەلێك سەردەمی نا هەمواردا گوزەریان کردوە بەڵام جێگەی شانازی یە تائێستایش ئەو ناوە رەسەنە دێرینە پیرۆزەی خۆیان هەر نەدۆڕاندوە و نەگۆڕاوە.

لێرەوە رووی پێنوسە کۆڵە بێتواناکەم دەکەمە ئەو بەڕێزانەی توێژینەوە لە بواری مێژووی گەلە کەماندا دەکەن بگەڕێن بە دوای ئەم ئاسەوارە دێرینانەی گەلەکەماندا و بە زانیارییەکانیان زیندوویان بکەنەوە و لە مردن و بیرچوونەوە رزگاریان بکەن بێگومان لە نێوگەلە کەماندا گەلێك هۆزی دێرینی وەك ئەم هۆزە هەن و هەر بە ناوەدێرینەکەی خۆیانەوە دەناسرێن بۆ نموونە وەك هۆزی (زراری) کە ئەمان دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیان بوونەو وەك هۆزی (گەڵاڵی = جەلالی) کە خاوەنی گەلێك قەڵاو دەسەڵاتی بە هێز بوونە وەك هۆزی (باسیان = بازیانی) کە ئەمانە یش پاشماوەی لۆلۆی و جۆدیەکانن دەیان هۆزی دیکەمان لەم شێوەیە

هەیە لە نێو وولاتەکەماندا. ئیتر پشت بە یەزدانی بێهاوتا و هێز و بیر و هزری رۆشنبیرانی گەلە کەم..

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە

خورماتوو – رزگاری




<u>سەرچاوەکان:</u>

١- مێژووی میدیا – بورهان قانع .

٢- مێژووی ئاڤێستا – وریا قانع .

٣- ژوانی یەسنا – جلیل عباس.

٤- کورد لە زەردەشتیەوە – سامان عوسمان.

٥- فەرهەنگی مەهابات – گیو موکریانی.

٦- کورد – تورك – عەرەب – ئەندمۆندز .

٧- کورد لە سەردەمی فتوحاتی ئیسلامدا – حسن محمد حمە کریم.

## ﴿ هۆزی دێرینی جەلالی = گەلاڵی ﴾



هۆزی گەلاڵی یەکێکە لە هۆزە گەورە دێرینە و ئازا و دلێرەکانی گەلی کورد لە کوردستانی گەورەدا دەژین. ئەم هۆزە هەر لە شێوەی هۆزە دێرینەکانی دیکەی کورد لە کوردستان لە و ناوچانەدا دەژین و زۆربەی زۆریان هەمیشە سەرگەرمی بە خێوکردنی ئاژەڵ بوونە و تا ئێستایش پێوە کەمێکیش کشتوکاڵی دانەوێڵە یان کردووە ژمارەیەك لە هۆزە دێرینەکانی کورد لە شێوەی هۆزی (گاوانیان و شازنجان) یان و چەند هۆزیکی دیکە کۆچ و کۆچ بەندیان نەکردووە بۆ دەرەوەی کوردستان و مەڵبەندە دوورەکان هەمیشە لە ناوچە شاخاویەکاندا جێگیر بوونە و کەمێك



لە نێو کوردستاندا گەرمیان و کوێستانیان کردووە بە دوای لەوەڕگە و ئاژەڵ داریدا گەڕاون هەندێك لە سەرچاوەکان خۆماڵی و فارسەکان لەو باوەڕەدان هۆزی گەلاڵی لە نەوە و پاشماوەکانی هۆزە (لۆلۆی) یەکانن کە لە رۆژ هەڵاتی کوردستانی باشور و خۆرئاوای کوردستانی رۆژهەڵاتدا دەژیان و زۆربەی ژیانیان هەر بە ئاژەڵداری دەبردە سەر هۆزی گەلاڵی تا ئێستا یش هەر لەم ناوچانەو دەورووبەرە کەیدا دەژین، هەروەك سەرچاوەکانی خۆمان و فارس و تورکەکان ئاماژەی بۆ دەکەن سەرجەم کۆکن کە هۆزێکی ازا و دلێر و چاونەترس بوونە و ملیان بۆ دوژمنەکانیان کەچ نەکردووە شیرو تفەنگەکانیان بەرانبەر نەیار یانیان شۆڕ نەکردووە. تا ئێستاش ژمارەیەك ئاوای و شوێنەواری دێرین هەیە بە ناوی هۆزی گەلاڵیانەوە دەناسرێت و بەناوبانگە لە کوردستانی بەشی باشوور و رۆژ هەڵاتدا، لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام ئەم هۆزەش هەر لە شێوەی هوزە کوردەکانی دیکە باوەشی بۆ ئەم ئایینە کردۆتەوە و خزمەتی کردووە لە ئاوای و زۆمۆ رەشماڵ نشینەکاندا هەمیشە مەلا و مزگەوت هەبوو بۆجی بەجێ کردنی فەرمانەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز و فێربون و خوێندنی قورئانی پیرۆز بە تایبەت بۆ مندالان. لە نێو ئەم هۆزە دێرینەدا ژمارەیەك زانا و پیاوی بە ناوبانگی ئاینی وە دەرکەوتوون.

١- لەوانە زانای بە ناوبانگی گەورەی کورد مەلا ئەحمەدی گەلاڵی بووە کە یەکێك بووە لە گەورە پیاوان و مامۆستای ریبازی

(نەقشبەندی) و خەلیفەی دامەزرێنەری (مەولا خالد) ی ڕێبازی نەقشبەندی بووە.

٢- مێژوو نوسی دێرینی گەلی کورد (گەلاڵی) بە ناوبانگترین و لە مێژوو نووسە دێرینەکانی گەلی کوردمانە. ئەم هۆزە هەر لە شێوەی هۆزەکانی گەلی کورد هەمیشە خاوەن مێوانخانە و خانەقابوونە زۆر مێوان دۆست و دەست بڵاون لە کاتی ئامادەنەبوونی پیاوان لە میوانخانەدا ژنی بە تەمەنی ماڵ خاوەن ماڵ و خاوەن دیوخانە و میوانی بەرێ دەخات.

لە نێو ئەم هۆزە دێرینەی کوردە دا گەلێك سەرکردە و سەرۆك هۆزو پیاوی بە ناو بانگ و دڵسۆزی تیدا وەدەرکەوتون و بە ئەوپەڕی دڵسۆزی یەوە فیداکاریان لە پێناو گەل و هۆزەکەیاندا ئەنجام داوە ئەم هۆزە دلێر و قارەمانەی کورد هەمیشە خاوەنی هەڵوێستە و ئازایەتی و جوامێری بوونە لە سەر دەمەکەی باپیرانیانەوەە کە هۆزە (لۆلۆی) یەکانی کوردن لە بەرئەوەی نەمن نە ئەوانەی لە ئاستی زانیاریدا هاوشێوەی منن ناتوانین سەرجەم ئەو هەڵوێستە گرنگانەی ئەم هۆزە لە مێژوودا نواندویانە بیخەینە سەر کاغەز من بە جێیان دەهێڵم بۆ ئەو پسپۆڕانەی کە لەم بوارەدا دەستی بالایان هەیە. تەنیا بەیەك هەنگاو هەڵوێستێکی ئەم هۆزە دلێرە ئاماژە دەکەم ئەگەر بتوانم بی پێکم ئەویش پاڵەوانی و گیان بازی (عومەری گەلاڵی)[1] یەکە بە (خانۆ) ی لەپ زێڕین بە ناوبانگە لە قەلای دێرینی (قەلای دەم دەم) ئێمەی کورد لەم خاك و



نیشتمانەی خۆماندا لەم کوردستانە خۆشەویستەدا نە یارانمان هەمیشە چاویان بڕیوەتە ئەو بەروو بومەی لەوڵاتەکەماندا خودای گەورە بۆمانی ئامادەکردووە تاوەکو گەلێکی باش و لە وڵاتێکی پیرۆزدا تێدابژین و بەرووبوومەکەی بۆخۆمان بخۆین و خۆمانیش خزمەتی ئاو و خاکەکەی بکەین نەیارانمان چاوی چنۆکیان هەر لەم خاکە نەگوێزراوەتەوە هەرکاتێ بەشێوەیەك و هەرۆژێك بەبەهانەیك و هەر رۆژو سەردەمێك جۆرە نەتەوە و گەلێك رۆژێك فارس و رۆژێك تورك و ماوەیەك برا عەرەبە چاورەشە کانمان ئەم خاك و نیشتیمانە یان داگیرکردووە و بە رووبووم و خێرانەکەیان بۆ خۆیان بە تالان بردووە هەر بەمیشەوە نەوەستاوە هەولی هەمیشە چڕو و پڕ کردووەتەوە بۆ ئازاردان و کوشتن و لە ناوبردنی گەلە کەمان و دەربەدەرکردنی لە خاك و نیشتمانەکەی خۆیدا بۆ ئەوەی چاکتری بۆیان بڕەخسێت سامانەکانمان بە تالان بەرن بۆ خۆیان . لەم بابەتەمدا باسی کوردێکی زۆر دلێر و قارەمان دەکەم کە لە کوردستانی خوارووداژیاوە و دایك زادەی ئەم خاکو نیشتیمانە یە هیچ کاتێك ئامادە نەبوو سەری بۆ ناحەزانی گەل و نیشتیمانەکەی شۆڕبکات ئەم قارەمانەمان وەك باسمان کرد ئەویش (عومەری گەلاڵیە) لەو کات و سەردەمەدا لە ناوچەی (مەرگ) ی کوردستانی باشوور دا ژیاوە لە کات و سەردەمی داگیر کەرانی (عوسمانیە)کاندا بوە، ئەم بابەتەمان گەلێ لە نوسەران و مێژوو نووسان روونا ك بیران ئاماژەیان پێ کردوە لە کۆتای

بابەتەکەماندا ئاماژە بۆ ناوەکانیان دەکەین و باسێك لە بەرهەمەکانیان دەکەین،(عومەر گەلاڵی)[٢] لە نێو چیا سەرگەشەکانی کوردستاندا لە دەڤەری هۆزی گەلاڵی لە دەورو بەری شاری (مەرگەی) دێرێن ئاوایەکی کوردەواری هەڵکەوتبوو بە ئاسمانی شین داپۆشرابوو زەویەکانی بە سەوزای و گوڵ و گوڵزار رازابووە وە چیاکانی دەوروبەری بە باخو رەزە مێوەکان ببون بە پارچەیەك بە هەشت کانیاوە روون و دڵڕفێنەکانی بە سینگی چیاکانیدا دەهاتە خوارەوە لە گەڵ خۆر دا دەدرەوشایەوە باخچەکانی بەرمالان پڕبوون لە میوەکانی کوردستان دەنگی بلوێری شوانان لە تەك قاڕەی مەڕوو بەر خۆڵەکان لەگەڵ قاسپەی کەوی سەرچیاکاندا لێکی دەدا و ئاوازێکی دروستکردبوو جگە لە کوردستان لە هیچ جێگەیەك ئەو ئاوازە بەدی نەدەکرا، دانیشتوانەکەی و باڵندەکانیش بە دل ئارامیەوە هێلانەیان بۆ بێچووەکانیان دروست دەکرد و هەر لەم بەهەشتەی یەزدانیدا گەورە دەبوون! لە دوای گەورە بوونیان ژیانێکی نوێیان دەست پێدەکرد پڕ لە ئارامی عومەری گەلاڵی هەر لە شێوەی ئەو باڵندە جوانانە لەو جێگەیەدا لە دایك بوو بە ئاوی ساردی کانیاوەکان و بە میوەی بە هەشتی پڕ لە بەرەکەتی ئەو باخوو زەویانە گەورە بوو، بوو بەلاوێکی بالا بەرز و رێکی بە هێزو و پالەوان خاوەنی بیرو هزرێکی زۆر بەرز بوو زۆر دڵسۆز و بەسۆز بو بۆ گەلو هۆزەکەی پاڵ پشتو یارمەتی دەری گەلەکەی بوو کە گەلی کوردە



زۆر بەرێز و خۆشەویست بوو لە نێو هۆزە کەیدا، نەکینە و رقی لە دڵدا هەبوو نەکسیش رقی لێبوو. خاوەنی ناوبانگی جوان بوو جێگەی رێز و برای گشت بو، هەر چەندە چیاکان سەر بەرز و ئازادن و نامۆ و دەرەکی نایەتە نێویان. هەر چۆنبێت ژیان لەو جێگەیە هەرگرانە و ناتوانرێت بە کامی ئارامی تێدا بژیت لە بەر ئەوەی خاوەنی چیاکانی سوڵتانی عوسمانیە و هەر ئەو خاوەنی هەموو شتێکە رۆژێك فەرمانێك لە پایتەخت (أستنبوڵ)[٣] ەوە هات و لە نێو کورداندا بلاوکرایەوە فرمانێکی رەش سوڵتان بو بڕیاردرا بو عومەر دەست گیر بکرێت و بەند بکرێت ، هیچ کوردێك گەلاڵی رازی نەبو (عومەر) خۆی بەدەستەوە بدات و پاشە رۆژی خراپ بێت ئەگە تورکە یەکی ئاگردان لە ئاوای نەمێنێت و هەمووی بکرێت بە خەلوز و بسوتێنرێت، ریش سپییەکانی ئاوای لە دەوری سەرکردەی ئاوای کۆبوونەوە گوتیان ئەگەر خۆی بە دەستەوە بدات زنجیری دەکەن و بە نا پیاوی دەیکوژن ئەگەر لێرەش بمێنیت ئاوایەکە مان بە تۆپ وێران دەکەن سەرکردەی ئاوای رووی لە (عومەر) کرد و گووتی کوڕم هەڵسە و لێرە باربکە گێتی فراوانە پڕە لە ئاوەدانی پیاوی ستەم لێکراو ئیتر لێرە ناتوانیت بژیت، هێشتا شەو کۆتا نەهات بوو (عومەر) کۆچ باری لێنا و ماڵ ئاوای لە خزم و دراوسێکان کرد باوك و دایکی لە تەك خۆیدا بردوو ئاژەڵەکانی لە سەرخۆ دایە پێش کاتێك لە ئاوای دەرچوو رووی وەرگێڕا و سەیرێکی چیا و دۆڵەکانی کردوو بە دەنگی بەرز

ماڵ ئاوای لە دانیشتوانی ئاوایەکە کرد. ماوەیکی زۆر ڕێگەی بڕی
تا گەیشتە دەریاچەی (ئورمیە) گووتی ئێستا زۆر دوورم لە زەوی
و دەسەڵاتی سوڵتان و ئێستا لە جێگە یەکم ستەمی تێدا نیە ئیتر
سەربەخۆ دەژێم و لە سەرەوەی دەریاچەکەدا رەشماڵی هەڵدا
دەستیان بە ژیانێکی خۆش کرد لە تەک باوکیدا، عمر گوێی لە
دەنگی زەنگی کاروان بۆ کاروان گەیشتە دەریاچە و باریان خست
و چادریان دابەست بۆ پشوودان، شای ئێران لە نێو کاروانەکە دا
بوو لە شێوەی بازرگانێک شاه چاوی کەوت بە ڕەشماڵەکەی
(عومەر) پێش چاوی تارک بوو.

هەڵسا و سواری ئەسپەکە بوو بە بێ ئاگاداری خزمەتکار و
دەستوو پێ  لە پێش دەرگەی رەشماڵەکەی (عومەر) وەستا بانگی
کرد کێ لەویە یە با کەمێک ئاوی سارد بهێنێت ئاویان بۆی هێنا و
ئاو هێنەر بەرێزە وە ناوی خۆی گووت (عومەر) رەشمەی ئەسپی
مێوانی گرت و پێش مێوانەکەی کەوت بۆ نێو رەش ماڵ زۆر بە
رێزە وە بەخێرهاتنی کرد و دۆی ساردی بۆ هێنا پاشا گووتی:
زۆر لە زووە وە لێرە دانیشتون عومەر گووتی: بە هارێک زیاترە
پاشا گووتی: چۆن لەم جێگەیە دا دەژین بەبێ هاوسێ و سبەینێ
ئێرە گەرم دەبێت وەک ئاگر - عومەر گووتی: شتی وا روودەدات
من لە دەس ستەمی تورکان هەڵهاتووم من کوردم و کوردێکی
ستەم لێکراو، ئەوا لەم جێگە یە داگیرسامەتەوە وەک دەبینین خودا
تەمەنی پاشا زۆر بکات کە خاوەنی ئەم جێگە یە. خودا ئەستێرەی



بەرزتر بکات - مێوان گووتی ئەگە پاشا ئەمەی تۆی بیست و
زەویکی پێتدا بەرانبەر ئەو چاکەیە چی دەکەیت خاوەن ماڵ وڵامی
بۆ نەدرایەوە و مێوان گووتی پشکۆیەکم بدەرێ باسبیلەکەم
داگیرسێنم خاوەن ماڵ پشکۆیەکی خستە سەر دەستی و بردی بۆ
پێش مێوان بۆ ئەوەی بیخاتە سەر سبیلەکەی مێوان خۆی
خەریککرد سەبیلەکەی لە دەست خۆی بەردایەوە سەر زەوی و لە
سەرخۆ دیسان پڕی کردەوە لە هەمان کاتدا پشکۆ لە سەر لە پی
دەستی عومەر گڕی گرتوە و دووکەڵ دەکات و رۆنی لێ دەتکێت
مێوان لەم خۆ راگریەی عومەر زۆر سەرسام بو بەپەلە ئاگرەکەی
لادا و لە جێگەی جاخێک ئاڵتوونی لە سەردەستی دانا و بە
عومەری گووت بژیت پاڵەوانی گەڵاڵی و شیری دایکت حەڵاڵت
بێت،چەند بەهارێک تێ پەڕی کرد بەسەر عومەر و باوک و دایکیا
هیچ جۆرە رووداوێک نەبووە بەهۆی ئەوەی ئارامی و ئاسایشیان
برۆژێنێت - رۆژێک سوارێک وەدەرکەوت عومەری ئاگادار کردەوە
پاشای گەورە داوای ئامادە بوونی عومەری گەڵاڵی دەکات لە
دیوانەکەیدا، عومەر لە پێش پاشا دا ئامادەکراو سڵاوێکی پڕ رێز
و شکۆمەندی ئاراستەی پاشا کرد.پاشا بە عومەری گووت چاک
سەیرم بکە دەمناسیتەوە - عومەر گووتی خودا تەمەن درێژتان
بکات رۆژێک ئێوە بوون بە مێوانی باوکم ، پاشا گووتی لە ئەمڕۆوە
تۆ لە دیوانەکەم دا دەبیت بە (پێدا هەڵدەر - مداح)[٤] عومەر
گووتی پاشام خۆش بێت من توانای ئەم کارەم نیە ئەگەر

دەتانەوێت نزیك بم بفەرموون دەبم بە سەرو و کاری ئەسپەکانت پاشا گووتی دە باوا بێت، عومەر زۆر دڵی دەیویست رۆژێك بچێت گوڵ و گوڵزاری دەورو بەری دەریاچەکەی ئەورمیە ببینێت رۆژێك رەوە ئەسپەکەی پاشای لێخوڕی بۆ سەر گۆمی ئورمیە و خۆی سواری ئەسپێکی میدیا بوبو. پێش ئەوەی بگات بە دەریاچەکە ژمارەیەك چەتە و رێگرهێرشیان کردە سەر عومەر و ئەسپەکانی لە نێوان هەردوو لایاندا جەنگێکی سەخت روویدا عومەری گەلاڵی شێرانە لێیان هاتە دەست ژمارەیەکی کوشت و بریندار کرد ئەوەی مایەوە هەڵهاتن و شانێکی عومەر بە سەختی بریندار بوو لەم جەنگ و بەردە و بردەیەدا رەوە ئەسپەکەی پاشا خەریك بوو لە چاو بزربن عومەر خێرا هەڵساو سواری ئەسپە میدیەکەی بوو کە بە دیار عومەرە وە وەك ئەسپی رەسەن وەستا بوو سوارەکەی بە جیّ نەهێشت بوو عومەر هەر وەك هەور و تاوە بارانی بە هار گەیشتە سەر رەوە ئەسپەکە یەکێك لە چەتەکان بە برینداری ئەسپەکانی پێش خۆی دا بوو عومەر هێرشی بۆی برد لە کاتی سوڕانەوەیدا بە سەر ئەسپەکەیەوە شانە بریندارەکەی لە دار بەڕوویەك ئالاّ عومەری توشی ئازارێکی یەکجار سەخت کرد رۆڵەی پاڵە وانی گەلاڵی هێرش کردوو بە یەك دەست شیرێکی لە تەپڵی سەری چەتەکە داو کۆتای بە ژیانی هێنا و بە پەلە رەوەکەی کۆکردەوە گەیاندیە وە کۆشکی پاشا و لە مۆڵگە کەیانی قایم کرد. هەواڵ بە پاشا درابوو رەوەکەی بە تالاّن چووە پاشا زۆر رقی لە



عومەر هەڵسا و داوای کرد گووتی ئێستا لە پێستەی دەکەنم و پارچە پارچەی دەکەم عومەریان هێنا پاشا گووتی کوا ئەسپەکانم عومەر گووتی لە تەوێڵەکەی خۆیاندان لە سەر ئالیکەکانیان دەلەوەڕێن تەنیا من بریندارم شانم شکاوە – شانی پیشان پاشادا، پاشا عومەری بەو شێوەیە بینی دڵ تەنگ بوو بە زۆر خۆی بۆ راگیرا، پاشا گووتی تۆ سەری خۆتت بۆ من دانا منیش لە ژێر پیاوەتی و چاکەی پاڵەوانانداا خۆم نا هێڵمەوە تۆ لە ئێستا وە پیاو ماقوڵ و خانی ئێستا دڵت چی داوا دەکات بڵێ و بچۆ بۆ خۆت بژی بە پیاوەتی عومەر خانی گەلاڵی دەست زێڕین. هەر چەنێك سامان و دارایت دەوێت پاشا دەت داتێ – عومەر گووتی خودا تەمەنی پاشا درێژ بکات پیاوەتی و ئارامی بە سامان بەدەست ناکەوێت مەرج ئەوەیە پیاو بە ئازادی و کامەرانی بژێت.داوای من تەنیا ئەوەیە لەو جێگە یەدا کە تێدا دانیشتبوی بە پانی بێستەی گایەك زەویم بدەریّ تابتوانم خانوویەکی تێدا دروستبکەم و بە ژیانێکی ئازاد و کامەران تێدا بژیم. پاشا زۆر پێکەنی و گووتی ئەوە پێتم دا لەوەی زیاتر نیە کە داوات کردوە. خانی دەست زێرین یادێکی ئەو دەریاچە شنیە و چیا سەر گەشە سەوزەکان و دەربەندەر ازاوە کان و کانی و سەرچاوە و جۆگە لە جوانە کان و گوڵ و گوڵزارە رەنگاڵەکان. نیشتەوە لە سەر چیا سەرکەشەکان و گردۆڵکە و دۆڵە قوڵەکان بڕیاری دا لە تەك ئەوان و چۆلەکە و باڵندە و ئەوانی دیکەدا هێلانە بۆ خۆی دروست بکات

و سەر بەخۆ و ئازاد و کامەران بژێت پێستەی گایەکی هێنا زۆر زۆر باریك و ورد هەڵی هێنا و بە پێوەری ئەوداوە چەرمە زەویەکەی پێوا و جێگەی قەڵایەکی بەردینی دیاری کرد و گووتی ئەمەندە زەویم بەسە،پاشا ئەمەی بیست زۆر پێکەنی بە کارەکەری عومەر بە پەلە ناردی بە دوایدا و گووتی عومەر بڵێ لە پلەی خان بەرز ترت دەوێت بتدەمێ عومەر گووتی پاشام تەمەن درێژ بێت بەڕێزم خان کوێلەیەکە لە کۆیلەکانت داوایەکم نیە جگە لە (۳۰۰)[٤] کوڕی لاوی کوردم دەوێت تا یارمەتی دورم بن بۆ دروستکردنی قەڵاکەم پاشا فەرمانی داو داوای عومەر جێ بەجێ کرا عومەر لە گەڵ لاوەکاندا گەیشتن بە جێگەی مەبەست عومەر پەریە سەر بەردێك و رووی لە رۆڵە لاوەگیان بەخشە کوردەکان کردوو گووتی براکانم سەیر بکەن ئالێرە وە کلیلی بەختمان دەست پێ دەکات هەرلێرە دا قەڵای ئێستا و پاشە رۆژمان دادەمەزرێنین و قەڵایەکی پتەو توندووتۆڵ کە ببێت بە قەڵا و ماڵ و سەنگەر و گۆڕ و کفن و چرای رووناکی پاشە رۆژمان ئێوە دەزانن ژیانی ئێمە شتێك ناگەیەنێت و هەمووی بۆ پاشایە لێرە بە پێچەوانە یە لێرە بەرهەمەکانمان بۆ خۆمانە ئەوەی بەدەستی دێنین بۆ خۆمان و نەوە کانمانە و بۆ پاشە رۆژیانە هەر بۆیە ئێوەم هێناوە تە ئێرە ماڵی پاشە رۆژی خۆتان ونەوەکانتان لە نێو ئەم قەڵایەدا دروست بکەن دەبا دەست پێ بکەین! فەرموودەی باوکم پەسند بکەن ئەم قەڵایە ناوی (قەڵای دەم دەم) ە.



بەهێز و بازووی لاوی کورد کە یەکەم باوەڕی پتەوی بە یەزدانەکەیەتی و هەر بە پاڵ پشتی ئەوو رێنموونیە پیرۆزەکەی ئاینە ئاسمانیەکەی توانرا خۆشە ویستی و برایەتی و دڵسۆزی و راستی و راستگۆی و گیان بەخشین و لێ بوردن دروست ببێت، هەر ئەم باوەڕە پتەوە و ئاکارەکانی بوو بە سەرپەرشتی پاڵەوانی کوردی گەلاڵی کورد قەڵای مێژووی پڕ شکۆمەندی بۆ خۆیان و نەوەکانیان دروست بکەن ئا لێرە وە هیوا و ئاواتی خانی لەپ زێڕین سەربەستی و ئازادی و کامەرانی دەستی پێکرد، عومەر گەلاڵی ئێستا لە نێو گەل و کۆمەڵگە کەیدا کە پلەی سەرداری هەیە بەلایەوە شوورەی نیە ئەگەر لادێ و ئاوایەکان بگەڕێت و چارەسەری نەخۆشی ئاژەڵان و بەتایبەتی بەرزە وڵاخان بکات لە بەرئەوەی پسپۆڕ بوو لەو بارەیەوە رۆژێك رێگەی کەوتە دەڤەرە پێشوەکەی لە دەوروو بەری (مەرگە) دوور نیە یادی گونەندە دێرینە لە هزر و بیریدا جوڵابێت وەك کورد دەڵێت (خودا لە بارغەم بدەیت نەجاتم . هەوای دوور وڵات کەوتە یادم) . بۆ ئەنجام دانی کارەکەی لە ئاوایە دێرینەکەیان لە ماڵی برادەرێکی خۆشە ویستی باوکی دەبێت بە میوان کورد دەڵێت (کێو بە کێو نەگات ئادەمی بە ئادەمی دەگات -!! . لە دوای تیمارکردنی ئاژەڵو ئەسپ و ماینەکان شەو بە سەردا دێت و نانی شێوان دەخۆن مام کوردۆ کە بەتەمەناچووە و چاوانی کزبوونە لە خان دەپرسێت براگیان مێوانی خۆشەویست لە بەیانیەوە هاتویتە ئێرە و تیماری

ئاژەڵەکان دەکەیت من هەر سەیری تۆ ئەکەم هیچ نامۆنیت لەلای من سویندت دەدەم تۆ ئۆمەری کوڕی جوامێر نیت کە سوڵتانی عوسمانی فەرمانی گرتنی بۆتان دەرکرد ئیتر ئێوەش خۆتان بزر کرد و وەك بەردی نێو گۆم دیارنەمان — خانی دەست زێڕین هەموو شتێکی گێڕایەوە و سوێندی مام کوردۆی دا لای کەس ئەمە نەگێڕێتەوە نەکا نە یاران عوسمانیەکان بە ئاگا بێنێت . خانۆ بەیانی زوو بەڕێ کەوتە وە و ماڵ ئاوای لە مام کوردۆ و شاسواری کوڕی کردوو هیچ پارە و پولێکی لە بەری تیماری ئاژەڵەکانیاندا وەرنەگرت. هەر لەو ساتەوە گوڵبەهار تاسە دۆکەی لە مێوانخانەکەدا دابە دەست خانۆی دەست زێڕینەوە. ئاگری ئەوینی گوڵبهار بەجۆرێك کەوتە نێو دڵیەوە ئەوشەوە تا بەیان خەو لە چاوەکانی نەکەوت ئەگەر لە بەر مێوانی و مامی کوردۆ نەبوایە شامی ئێوارەی نەدەکرد . بەپەلە دەستی لە کارەکە هەڵگرت و گەڕایەوە قەڵای دەم دەم . خان بە پەلە باوکی تێگەیان و لە تەك دوو سواردا نارد یانی بۆ داوای گوڵبەهار بۆ خانۆ لە دای چەند رۆژێك گەیشتن بە ماڵی مام کوردۆ باوکی شاسوار شەو باسی مەبەستیان کردوو گوڵبەهار پێشکەش کرا بە خانۆ لە کۆتای دا مام کوردۆ نهێنیەکی درکان بە باوکی خانۆی ووت: تا ئێستا (خانی مەرگە) چەند جارێك داوای گوڵبەهاریان کردوە بۆ خۆی لە بەر ئەوەی ئەو پیاوە پیاوی بێگانە و ئازاری



میللەتەکەمان زۆر دەدات بە دەستی عوسمانیە داگیر کەرەکان هەر بۆیە رەتمان کردووەتەوە و نەمان داوە.

رۆژی نەورۆز رۆژێکی زۆر پیرۆزە جەژنی سەرجەم کوردی ئەم کوردستانە یە ئێوارەی جەژنی نەورۆز گوڵبەهار ئامادەدەکەین ئێوەش بە هێزێکی چاکەوە وەرن گوڵبەهار بەرن ئەگەر (خان مەرگە) ئاگادار بێت کارەکەمان تێك دەدات ،ماوەی دیاری کراو تەواو بو سوارەکان خانوی دەست زێرین ئامادە بوون و گوڵبەهار بە بوکی سوارکرا و سوارەکان بە خۆشی و شادی کەوتنەوە رێگە بۆ قەڵای دەم دەم ، لە نێو کوردا ندا پیاوی سیخوڕ هەیە هەروەك لە نەتەوەکانی دیکەیش زۆرن (خانی مەرگە) بەم هەواڵە دەزانێت بە سەر کردایەتی کوڕی گەورەی هێزێکی سوارە دەنێرێتە رێگەی سوارەکانی خانۆ و گوڵبەهار پێیان رادەگەیەنێت بە هەرنرخێك بیت گوڵبەهارم بۆ بێنن. سوارەکانی (خانی مەرگە)[٦] لە دەربەند ێکدا خۆیان لە بۆسەدەدەن بە گەیشتنی بووك و سوارەکان جەنگێکی سەخت دەست پێ دەکات سوارەکانی خانۆ دەزانێ ئەمانە خەیاڵیان خاوە بە هیوای ئەوەن گوڵبەهار بەرنەوە بۆ خانی مەرگ.

هەر وەك شێر و پڵنگە کانی کوردستان هێرشیان بۆ دەبەن ژمارەیەك دەکوژن و ئەوانی دیکە رادەکەن هەندێکیان بە بریندار ی بە دیل دەگرن یەکێکیان کوڕە گەورەکەی خانی مەرگە دەبێت کە سەرکردایەتی سوارەکانی دەکرد و دەیویست گوڵبەهار بۆ باوکی

ببات بووك و سوارەكان و ديلەكانيش گەيشتن بە قەلاّى (دەم دەم)خان ووتى: بدەن لە سەر كوڕى خانى مەرگە و ئەوانى ديكە ئازاد بكەن و باسەرى كوڕەكەى بەرنەوە بۆ ئەو پياوە پيرە. لە دواى ئەم رووداوە بۆ تۆڵە سەندنەوە و خانى (مەرگ) خۆى لە پاشاى ئێران نزيك كردەوە و چوو بۆ سەردانى  توانى بيبينێت لەگەڵ پاشادا دەكەوێتە راوێژ – دەڵێت پاشام تەمەن درێژ بێت ئێوە دەزانن ئەو خانە كوردە دەست زێڕينە قەلاّى لە دژى ئێوە دروستكردە هەركەسێك لە دژى ئێوە بجوڵێتەوە ئەوە دەيگرێتە خۆى ، پاشا زۆر توڕە بوو بانگى يەكێك لە بەر دەستەكانى كرد ووتى: هەر ئێستا بچۆ عومەر م بۆ بهێنە عومەر بە نامەيەك وڵامى نيردراوى پاشاى دايەوە ووتى: خودا تەمەنتان درێژ بكات ئێستا ناتوانم بێم ئەو بەردەى تۆ پێمت بەخشيوە زۆر جێگەى خۆشەويستيمە و دڵم نايەت بەجێ بهێڵم ، پاشا بە مە رازى نەبوو فەرمانى دا ووتى : بچن قەلاّكە بروخێننە سەرياندا پاشا بانگى (خانى مەرگە) ى كرد و چەكى پێدا و ووتى : سوپا لە تەك خۆتدا بەرەو قەلاّكە بە سەرياندا بڕوخێنە – سوپايەكى زۆر يان كۆكردەوە و هێرشيان دەست پێ كرد بۆ سەر قەلاّى (دەم دەم) ، سوپاى ئێران بەدەست راكێشانى (خانى مەرگە) لە شێوەى رێچكەى ميروو هەررييان دەكرد تا ئێوارە دەشتاى و چەم و دۆڵە كانيان پڕكردوو چادريان لێدا بۆ پشوودان ئەوەندە چادريان كوتا هەموو جێگەيەكى گرتبوو دەتگووت مێگەلە مەڕى دواى بارانى



بەهارە دەبريسكايەوە بەيانى دانيشتوانى قەلاّ هەڵسان عومەر لە سەر قەلاّوە سەيرى جوڵەى دوژمنى دەكرد لە شێوەى شارە مێرووڵە هاتو چۆيان دەكرد عومەر چاوەڕێى دەكرد رووبەڕووى رۆژێكى وەها بێتەوە فەرمانى دا تەپڵى ئامادە باشى لێبدەن دانيشتوانى قەلاّ بە پەلە چەكيان هەڵگرت ئەوەى چەكى نەبوو كوتەكێك يان پاچوو باڵتەى هەڵگرت عومەر ووتى: ژيان بەسەر بەرزى ئەگەر رۆژێك يان كاتێك بێت وەك يەكە گرنگ ئەوەيە پارێزگارى لە شكۆ مەندى و سەر بەرزى خۆمان بكەين، خانى مەرگە لە شادى و خۆشيدا پاى بەزەوى نەدەكەوت هەر دەيگووت گوڵبەهار بۆ منە،

دار بەڕوو ووتى: (ئەگەر كلكى تەور لە خۆم نەبوايە ... كەس نەبوو دارى بە رووى ببڕيايە)[٧] ، قەلاّ درا بە يەكدا و دەنگى شير و ئاسن گوێى ئاسمانى كەڕ دەكرد دەتگووت ئاسمان تير و بزمار و ئاسن دەبارێنێت. عومەر مالاّن گەڕا و كون و قوشبەنى قەلاّ و پاسەوانانى بە سەركردەوە و دا بەزى و بەشێكى كەمى لە تير ئەندازان لە تەك خۆيدا برد بۆ سەر دوژمن ژمارەيان (٢٠٠) كەس بوون – بانگى كرد لە (خانى مەرگە) و ووتى : دەست پێ بكەن.

عومەر و هاوڵانى تير بارانى سوپاى دوژمنانيان كرد و ژمارەيەكى زۆرى لێيان كوشت كە هێشتا سوپا هەمووى خەوتبوو – گەڕايەوە قەلاّ دنيا تەواو رووناكەوە بوو سوپاى دوژمن بە سەركردايەتى (خانى مەرگە) هێرشيان هێنا و چوار لاى قەلاّ يان گەمارۆ دا

خۆیان بە دیوارەکانی و روانگەکاندا هەڵواسی بۆ سەرکەوتنی ناو قەڵا تێدەکۆشان.

قەڵا بێدەنگە دەنگی دوژمنە کاتێکیان زانی بە ئاوی کوڵاو و ئاگر و ئاسن وڵام درا نەوە . ئەو سەربازانەی نزیك بوون لە تەك زەویدا یەکسان بوون و کوژران.

زۆر بە ئەسپایی و بە هێمنی دەرگەی قەڵایان کردەوە لا فاوی دانیشتوانی نێو قەڵا دەستی پێکرد بۆ سەردوژمن چەکە هەمە جۆرەکانیان دەدرەوشایەوە، هەر دوو سوپا تێکەڵ بوون هەر لە شێوەی گورگی هار بەر بوبێتە نێو مێگەل ئەوەی چەکی نەبوو بە بەردوو دەست شەڕی دەکرد، هەر چی لە دوژمنان بە ساغی مانەوە هەڵهاتن بۆ نێو مۆڵگە

کەیان بە سەر شۆڕی لە دوای خۆیان ژمارەیەك زۆر دەست کەوتیان لە دوای خۆیان بەجێ هێشت . لە دوای یەك رۆژ خانی مەرگە سوپای کۆکردەوە.

سوپای دوژمن بە هێزێکی زۆر گەورە و تۆپ و تۆبخانە وەهێرشیان بۆ سەر قەڵا دووبارەکردەوە بە جوڵەکردنیان قەڵایان بەر تۆپ داو زۆریش لێی نزیك بوونەوە و بە تەواوی گەمارۆ درا لە هەر چوار لاوە تۆپیان دامەزراند قەڵا بێدەنگ و ئارامە دەرگە کان توند و تۆڵ کراون پاسەوانەکان لە سەر بانن خواردن و خواردنەوە لە نێو قەڵا دا زۆرە و ئامادەکراوە مەترسی کەم بوونی خواردن و



خواردنەوە لە نێو قەڵا دا بەدی ناکرێ باوەڕیان بە خۆیان توند و پۆڵاییە بەرامبەر دووژمنان.

گەمارۆ و تۆپ باران بەردەوامە تۆپەکان بە هیچ شێوەیەك کار لە روانگە و شورەکان ناکات لە بەر پتەویان. جێگەی نیگەرانیە لە نێو ئەو قەڵا پتەوە دا کە هیچ تۆبخانە یەك کاری لێناکات مارێکی ژەهراوی رەش هەیە!! . ئەویش (مەحمودی مەڕەکان بە = مەحمودی کانی مەڕان) ە کە خزمەتکاری ئەسپە کەی (خانۆیە) لە یەکەم رۆژەوە گوڵبەهاریی بینیوە شەیدای بووە و هەر بۆیە خۆی کردە بە خزمەتچی ئەسپەکەی خانۆ لە بەر ئەوەی رۆژانە گوڵبەهار ببینێت لە سەر جێگەی خەوتنی بیری کردەوە چۆن قەڵا بە دەستەوە بدات و گوڵبەهار بۆ خۆی ببات دوای کوشتنی (خانۆ) هەر لە شێوەی مار ژەهر لە دەمی دەتکا تا ناپاکیەکەی بە نووسینی نامە یەك دەستی پێ کرد بۆ دوژمن لە نامەکەیدا داوای چاو پێکوتنی پاشای کرد بوو بە نووکی تیریەکیەوە بەست و هاویشتی بۆ نێو دوژمن (خانی مەرگە) نامەکەی خوێندەوە و هەر بەو شێوەیە وڵامەکەی ناردەوە وداواکەی پەسەند کر (مەحمودی ناپاك) جل و بەرگی چاکی لە بەرکردوو بەنهێنی لە قەڵا دەرچوو چوو بۆ لای (خانی مەرگە) و ئەویش ئەسپێکی چاکی پێبەخشی و ناردی بۆ لای پاشا هاوڕێ لە تەك چاو ساغێکدا بە گەیشتنی پاشا بانگی کرد و ووتی : چیت لایە بیڵێ . ناپاك ووتی: من لە سەرەتای دروستکردنی قەڵا کەوە جێگەی خۆم کردوەتەوە و

بەشـەداریم لـە دروسـتکردنی کـردوە قـەلا زۆر پتـەوە بـە جۆرێـك دروسـتکراوە هـیچ کـاری تێـدا ناکـات خـواردن و خواردنـەوەی سالانی تێدا کۆکراوەتـەوە دانیشتوانەکەی بە سـەرکردایتی خـانی دەست زێرین زۆر دڵسۆزن ئەویان لە گیانی خۆیان زیاتر خۆش دەوێت بە نێر و مێ وە ئامادەن لە پێناوی قەلا و خاندا بمرن. یەك شتێك هەیە ئەگەر ئەوە بکەین ئەوە سەرکەوتوو دەبین و خان و دانیشتوانی قەلا کۆتاییان پێدێت پاشا ووتی: ئەو شتە چیە بە پەلە بیڵێ (مەحمودی ناپاك) ووتی: پاشا تەمەن درێژبێت ئاوی خواردنەوەی قەلا لە دەرەوەی قەلا وە بە جۆگەیەك دێت دانیشتوان ئاوی لێدەخۆنەوە من خۆم بەشداریم لە دروست کردنیدا کردوە بە بەرد جۆگەکەم لە سەرچاوەکەویەوە داپۆشیوە تا نێو قەلا جگە لەم ئاوە ئاوی دیکە لە قەلا دا نیە !! پاشا ووتی: لە پاداشتی ئەم کارە تدا ئەگەر داوای تاجی سەرم دەکەیت پێتی دەبەخشم و بیڵێ جیت دەوێت؟؟

(مەحمودی ناپاك) ووتی : پاشام خۆش بێت من ماوەی چەند ساڵە خۆم کردوە بە خزمەت کاری ئەسپەکەی خانۆ لە بەر خاتری چاوی گوڵبەهاری خێزانی تەنیا داوام ئەوەیە گوڵبەهارم بدەیتێ دوای ئەوەی کە خانۆ دەکوژرێت پاشا فەرمانی دا بەپەلە و بە چاوتروکاندێك بچن سەرچاوەی ئاوەکە هەڵدەنەوە پاشا بە کاسەئاڵتوونیەکەی برکاسەیەك ئاوی لێنۆشی کرد و ووتی: (مەحمود)ی ناپاکم بۆ بانگ بکەن و پرسی کێ تۆی هاندا ناپاکی



لە تەك ئەوپاڵەونەدا بکەیت ووتی : لە پێناو یارمەتی دانی ئێوە و ئێوەش گوڵبەهارم بدەنێ. پاشا بە چاوێکی زۆر سوکایەتی یەوە سەیری کرد دەم و چاوی تێکچون و ووتی: تۆ بە پیاو نابیت لە بەر ئەوەی ڕێگەی ناپاکیت بۆ خۆت هەڵبژاردوە ئابڕووی خۆت داناوە لە پێناو دەس کەوتێکت لە گەڵ ئافرەتێکدا. پاشا بانگی کرد لە پاسەوانەکانی ووتی ئەسپێکی بە هێزم بۆ بهێنن ئەم نا پیاوە ناپاکە بە کلکیەوە توند ببەستن و لفاو ڕەشمە لە سەری دارنن و بەرەڵای بکەن هەر ئەم پاداشتە پاداشتی پیاوی ناپاکە [٨] بەستیانەوە ئەسپەوە و ئەسپ دای بەبەردوو داردا و لە چیایەك کردیە خوارەوە و پاداشتی خۆی وەرگرت.

کورد ووتویەتی (هەرکەسێك کردی بێگانە پەرستی ... کۆتای ژیانی دێت هەر بەنوشوستی) پاشا فەرمانی دا ژمارەیەکی زۆر ئاژەڵیان سەربڕی و خوێنەکەیان کردە نێو ئاوەکەوە دانیشتوان سەیریان کرد ئاوەکە یان بووە بە خوێن گریان و هاوار لە قەلا بەرزبووەوە لە بەر ئەوەی خاوەن باوەڕبوون بە خودای گەورە ڕوویان لە ئاسمان کرد و ووتیان خودایە تاوانمان چیە؟ بۆ سەرجەم بمرین هەموو وێرا کەرنووشیان بۆ یەزدان برد و سەریان ناوە سەرزەوی .!!

عومەر بۆ دڵ ئارامکردنی دانیشتوانی قەلا ووتی بۆ کورد گریان نەهاتووە دوژمن ئاوی لێمان بڕی هیوام بە هێزە بێچوە شێرانی کورد بە فریامان دەگەن جاری ئەستێرکەکان و جەرەکانمان پڕن

لە ئاو خودایش بارانمان بۆدەبارێنێت دووژمنانیش چی لە دەستیان دێت با بیکات.! خەڵکەکە بە گشتی هەڵسان و ئامادەی خۆیان نیشان دا بۆ هەموو قوربانیدانێك خانو دوو گەنجی لێهاتوی بانگ کرد زۆر بەرێزەوە دوو نامەی دایە دەستیان و پێیانی راگەیاند بیدەن بە دەستی دراوسیە کوردەکانی قەلاَ تا بە هانایانەوە بێن و لە گە مارۆی دوژمنان رزگار یان بکەن، پاشای تاوانکار زۆر بە توندی قەڵای گەمارۆ دا بوو بە شێوەیەك باڵندەش توانای هاتووچۆی نەبوو لە کاتی دەرچوونی ئەو دوو گەنجە لە لایەن سەربازانی دوژمنانەوە بە دیل گیران و نامەکانیان پیٚ گیرا پاشا هەردووکیانی بە شیر سەربڕی و بۆ چاوشکاندن لە پێش دەرگەی قەلاَ فڕێدران باوکی خانۆ بانگی کرد لەو خەڵکە و هاواری کرد باجەنگاوەرەکانمان لە شێوەی شێر لە بێشەکانیان دەرچن و هێرشی بۆ سەر دوژمن بەرن و ژن و منداڵەکانمان روو بکەنە چیاکان منداڵە کانمان بۆ پیٚ بگەیەنن ئێستا چاکە با هێرش بەرین و کات لە دەست نەدەین خانی دەست زێرین سەری خستبووە خوارو و سەیری گوڵبەهاری دەکرد و تێرنەدەبوو لە سەیرکردنی .
ووتی: ئاسکە جوانەکەم بەراستی تۆ ئاسکەی تۆ دوو بێچووە شێری نێرینەت بۆ من هێناوە دەرچۆ و لە نێو چیاکان وڵاتەکەماندا پێیان بگەیەنە و بیان کە بە پاڵەوانی دوا رۆژ و چاوی خۆتیان پیٚ رووناك بکەرەوە.



گوڵبەهار ووتی: بەچاوانیدا فرمێسکی دەباران تۆ بڕۆ شێرە نەڕەکەم خۆشەویستی راستی ناگۆڕێت من بە قوربانت بم — سوێند بە شیرەکەت دەخۆم چیت دەوێت هەر ئەوە دەبێت لە گەڵ تاریك داهاتنی ئێوارەدا عومەر دەرگەی قەڵای کردەوە دانیشتوانی بە شێوەی لافاو خۆیان هاویشتە دەرەوە داسی دروێنەی ئادەمیزاد کەوتە دروێنە ئاگر دەرگەی گشت ماڵێکی گرتەوە و گڕەکەی سەرجەم چیا و بەردەکانی گرتەوە دوو منداڵ بە دەست ئافرەتێکەوە لە تونێلێکی ژێر قەلاَ کەوە دەرچوون بینیان قەلاَ تەقیەوە بەرووی دووژمناندا و بوو بە وێرانەی چەند ساڵە و دوو کەڵ بە سەر قەلاَ دا بوو بە هەوری رەش ئافرەتەکە و هەردوو منداڵەکە خۆیان گەیاندە چیاکان و مەڵبەندی گەلاَ لیەکان ئەوەی جێگەی شانازی یە بە هیچ کوردێك بە دیل نەگیرا بە دەستی دووژمنانی و ئازایەتی و پیاوە تیان لە مێژوودا بۆ نوسرا ئەمە هەمووی لە پێناو ئەوەدا ئافرەت و منداڵەکانیان نەبیٚ بە دیل و ژێر دەستەی دوژمنانیان ئێستا یش ئاسەواری قەلاَکە کۆمەڵە بەردێکە کوندە بە و لە سەری دەخوێنێت تەنیا پاڵەوانی و لێهاتووی (عومەری گەلاَڵی) وانە یەك دەبێت بۆ رۆڵە بە ئەمەکەکانی دوارۆژی گەلەکەمان تابتوانن لا سای عومەر و خۆشەویستیەکەی گوڵبەهار بکەنەوە.

**سەرچاوەکان:**


**١- ئۆرفـان خـەلیل – قـەڵای دەم دەم لـە سـاڵی ١٩٦٧ بـە زمـانی رووسی لە ئەرمینیای سۆفیەت.**

**٢- محمد حسین زەکی بەگ نوسـەری مێـژووی کورد و کوردستان ساڵی ١٩٣٦ قاهرە.**

**٣- مێنورسـکی – کـورد – پتیروگـراو – سـاڵی ١٩١٥ بـە زمـانی رووسیە.**

**٤- ڤ – نیگێین – الکرد – پلریس – ١٩٥٦**

**٥- دەنگـی گـێتی تـازە ١٩٤٥ ژمـارەی ٤ و ٥ و ٦ و سـاڵی ١٩٤٦ ژمارە ١ و ٢و ٣ .**

**٦- شـەهیدە کـانی قـەڵای دەم دەم – مـستەفا سـاڵح کـریم ١٩٦٠ سلێمانی.**

**٧- عـەرەبی شـەمۆ – کـۆرینی شـکور مـستەفا لـە روسـیەوە بـۆ کوردی بغداد ساڵی ١٩٦٠.**

**٨- جاسم جلیل (أغانی الجبال) یریڤان ساڵی ١٩٧٠ .**

## هۆزی دێرینی ( هەزەبانی = ڕەوادی )



« سلطان صلاح الدینی ئەیوبی »

هۆزی هەزەبانی بە ناو بانگی کورد لە هۆزە دێرینەکانی گەلی کوردە کە تیرەی ڕەوادی [(١)] بەشێکن لە وان بۆ ماوەی چەند سەدەیەك لە کوردستانی گەورە و لە دەرەوەی کوردستانیشدا فەرمانڕەوایان کردووە زۆر بەی سەردەمە کانی خۆیان بەسەر بەخۆی تەواو ئەنجامداوە پشتیان بە هۆزەکانی ناوخۆ و دەوروبەری خۆیان بە ستوەو پەیمانی برایەتی و یەکێتیان لە



تەکیاندا مۆرکردوە و هەمیشە پەیمانی خۆیان پاراستووە ئەگەر هاوپەیمانیەکانیان پاش گەز نەبوونەتەوە : ئەم هۆزە توانیویەتی یە کێتی خۆی بپارێزێت ، ئامادەی ئەم هۆزە لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆکەکانیاندا و لە سەرجەم جەنگ و بەربەرە کانیاندا لە ناوەوەی کوردستان و دەرەوەیشدا ئامادەیان ئاماژەیە بۆ ئەم ڕاستیانە. بۆ یەکەم جار ئەم هۆزە لە ناوچەی ولایەتی (ئاران) لە دەوروبەری ئەرمینیاو لە سەر ڕووباری (ئاراس) و بەشێکی ئازربایجانی ڕۆژ هەڵات وەدەرکەوتن و ژمارە یەك لە مێژوو نووسان دەڵێن لە چیاکانی قەوقاز و لە ناوچەی (قاقەزمان و ئردەهان) وەدەرکەوتوون. لە ساڵەکانی (٣٤٠ ك – ٩٥١ ن) کۆمەڵێك میرنشینی کوردی سەریان هەڵدا لە ناوچەی (ئاران) گرنگترینی میرنشینی (شەددادی) بوو کە چەند تیرەیەکی خێڵی هزەبانی کوردی لە خۆگرت بوو تا ساڵی (٥٩٥ ك – ١١٩٩ ن) فەرمانڕەوایان کرد هەروەها بنەماڵەی ((ڕوادی = هەزبانی)) لە ئازربایجان میرنشینێکیان دامەزراند لە ساڵی (٣٤٣ ك – ٩٥٤ ن) تا ساڵی (٤٦٩ ك – ١٠٧٧) فەرمانڕەوایان دەکرد سەرەڕای ئەمانە هەزبانیەکان لە ناوچەی ((ئەربیلە = هەولێر)) یش میرنشینێکیان هەبوو .لە ساڵەکانی (٤٢٠ك – ٥٢٦ ك) ئەم میرنشینە تا ساڵەکانی (١٠٢٦ ك – ١١٣١ك) دەسەلأتی لە ناوچەکەدا بەردەوام بوو. جگە لەم میرنشینە (هەزەبانی) یانە ژمارەیەکی دیکە لەم کات و سەردەمەدا ئامادەیان لە کوردستاندا هەبووە وەکو میرنشینی

(حەسنەویە) لە ساڵی (٣٤٨ ك – ٩٥٩ز) و تا ساڵی (٤٠٦ ك – ١٠١٥ز) بەردەوام بوو.میرنشینی (بەنی عەنازی) لە ساڵەکانی (٣٨١ – ٥١١ك) بەرانبەر بە (٩١١ – ١١١٧ز) ئەم دوو میرنشینە فەرمانڕەوای ناوچە کوردیەکانی رۆژئاوای هەرێمی چیایان دەکرد هەروەها میرنشینی (دۆستەکی = مەروانی) لە دیار بەکر و جزیرە و بۆتان سەریان هەڵدا زیاتر لە سەدەیەك فەرمانڕەوایان دەکرد.واتا لە ساڵی (٣٧٢ ك – ٩٨٢ ز) تا ساڵی (٤٧٨ ك – ١٠٨٥ ز) سەرەڕای ئەم میرنشینانە ژمارەیەك سەرۆك خێڵی کورد سەرکردایەتی هەندێك ناوچەیان دەکرد لە شێوەی دەسەلاتی ئەمارەتێك ئەوەی ئێمە مەبەستمانە لێرەدا باسی لێوە بکەین هۆزی دێرینی (هزەبانی) رەوادەیە. ئەم هۆزە دلێرەی کورد تەنیا لە کوردستان دەسەڵات دار نەبونە و داکشاون بۆ ناوچەکانی سەرووی عێراق ئێستا ئاشکرایە باوکی سەلاّح الدین أیوبی کە (ئەیوب کوڕی شادی) یە کە دەکاتە باوکی سەلاح الدین لە شاری تکریت فەرمانڕوا بوە بە پلەی (والی = فەرمانڕەوا) لە ساڵی (٥٣٢ ك) (یوسف کوری ئەیوب کوڕی شادی) لە قەلاّی تکریت لە دایك دەبێت کە دەکاتە سوڵتان صلاح الدین ئەیوبی . ناوی تەواوی (یوسف کوڕی ئەیوب کوڕی شادی کوڕی مەروان کوڕی یەعقوب)، بە باوکی موزەفەر بانگ دەکرا و نازناویشی پاشای سەرکەوتوو سەلاح الدینی ئەیوبی بو.



هەروەك ئاماژەم پێکرد لە سەرەتای باسەکەماندا ئامانجمان ناساندنێکی ئەو هۆزە دێرینانەی کوردە کە پێش (١٠٠٠) ساڵ سەریان هەڵداوە لە کوردستانی گەورە و بە شانازییەوە تا ئێستاش هەر بە نێوە دێرینەکەیخۆیانەوە لە نێو گەلەکەماندا دەناسرێن سەرەڕای داگیر کردن و دابەش کردنی کوردستان و سیاسەتی (تەتریك و تەفریس و تەعریب). لە نێو ئەو هۆزانە دا ئاماژە یەك دەکەم بە مێژوو پڕشانازیەکەیان لە هەمان کاتدا ئاماژەیش دەکەم بۆ یەکێك لەو هۆزەکە توانیویەتی رۆڵی سەرکردایەتی پڕ شەرەف بەرزی کوردایەتی بینیوە لە نێو کۆمەڵگەکەیدا.بۆ هۆزی (رەوادی = هەزەبانی) پادشای سەر بەرزی خەباتگێری رێگەی هەق و هەقیقەت سوڵتان [٢] یوسف کوڕی ئەیوب کوڕی شادی رەوادی هەڵدەبژێرم.

هەرچەندە ئەم پیاوە هەڵکەوتوە ناودارەی کورد نووسەران و مێژوونوسان ئاماژەی زۆریان بۆ کارەکانی کردووە چ لە لایەن ئاینی و کۆمەڵایەتیەوە و چ لە لایەن نەتەوایەتیەوە. لێرە دا من ئاماژەیەکی کورت بە ژمارەیەك لە کارەکانی دەکەم و روو یەکیش لە رەوشتە بەرزەکانی ئاینی و کۆمەڵایەتیە کانی دەکەم.بنەماڵەی ئەیوبی سەر بە هۆزی (هەزەبانی = رەوادی) یە و سەر بەناوچەی (ئاران) لە کۆتا سنوری (ئەتروپاتین = ئازەربایجان) نزیك بە شاری بەتلیس و دانیشتوی گوندی (دەوین) ە و گۆڕی باپیرە

گەورەی لەو گوندەدایە. (وێنەی گۆڕی باپیرەی سەلاّح الدین لە دەوێنی).

ئەیوب کوڕی شادی بە پیاوێکی روو خۆش و لە سەرخۆ و رەوشت جوان بە ناو بانگ بووە لە لایەن دانیشتوانی تکریتەوە زۆر بەڕێزبووە بەتایبەتی لە سەردەمی فەرمانڕەوایەکەیدا زۆریان خۆشویستووە.

ناوبراو لە ئاوای (دەوێن) لە دایك بووە و لەتەك بەشێکی گەورەی هۆز و بنەماڵەکەیدا کۆچیان کردوە و پاش ماوەیەك لە تکریت خۆیان گرتووەتەوە لە دوایدا بووە بە فەرمانڕەوای شاری تکریت و لە نێو قلاّ دێرینەکەی ئێستادا جێ نشین بووە.

بە هۆی رووداوەکانی ئەو سەردەمەوە کۆچ دەکەن بۆ شاری (نەینەڤا = موسڵ)[٣] هەر لەو شارەدا. (یوسف) دەنرێتە بەر خوێندن تا کاتی گەورەبوونی هەر لەوێ فێری زانیاریە ئیسلامیەکان دەبێت زمانی عەرەبی بەلایەوە زۆر خۆش و شیرین دەبێت، زانایان و ئەدەب دۆستانی زۆر خۆشدەوێت بە هۆی تێکەڵاوی لە تەك زانایاندا شارەزایەکی زۆر لە بواری قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانەوە پەیدا دەکات.



## ((وەدەرکەوتنی فەرمانەکانی سەلاّح الدین))

شێرکۆی کوڕی شادی کە دەکاتە مامی سەلاّح الدین فەرمانڕەوای وڵاتی مسر بوو لەو کات و سەردەمەدا فەڕەنگە خاچ پەرستەکان زۆربەی وڵاتی شام و لوبنان و فەڵەستین و بەشێك لە خاکی میسر یان داگیر کردبوو خۆیان ئامادەو تەیارکرد بوو بۆ داگیر کردنی وڵاتە ئیسلامیەکان چەند جارێ پەلاماری میسریان دا شێرکۆ کە نازناوی شێری ئاینی بوو بە سەرکردایەتی خۆی سوپای میسری جوڵان و هێرشی کردە سەر یان لە خاکی وڵاتەکەی وە دەری نان و پەرت و بڵاوەوەبوون سەلاّح الدین بەهێزێکی چەکدارەوە گەیشتە لای مامی شێرکۆ لە میسر.

لەو کاتەدا شێرکۆ نەخۆشکەوت و زۆری نەخایەن مرد سەلاّح الدین برازای جێگەی گرتەوە بوو بە فەرمانڕەوای میسر لە سەرەتای وەرگرتنی دەسەلاّتەکەدا ژمارەیەك نەیاری بۆ دروستبوون کە سەر بە نور الدین زەنگی بوون کە پیاوێکی تورکمانە و دەستی بە سەر وڵاتی سوریا دا گرتبوو لە ژێر پەردەی ئایندا خاڵۆی سەلاّح الدین شهاب الدین حارس کە یەکێك بوو لە پیاوە ئاینیە ناودارەکانی سەر بە سوڵتان شێرکۆ ئەویش پشتی سەلاّح الدینی نەگرت پیاوی زانای گەورەی ئاینی (عیسی ی هەکاری) کە راوێژکاری سوڵتان شێرکۆ بو وای کرد خاڵی سەلاّح

الدين رازى بكات و برواتەلاى خوشكەزاكەيەوە سوڵتانى خەليفەى ئيسلام لەو سەر دەمەدا (عضد الدين) بو ناردى بە دواى سەلاّح الدين داو زۆر ڕێزى لێگردوو نازناوى بەم شێوەيە بۆ دانا (الملك الناصر صلاح الدين و الدين ، سولطان الاسلام و المسلمين ، و جامع الايمان ، قاطع عبده الصلبان ، محى الدوله أمير المؤمنين).

قطبة دينى خسرەو كوڕى تليل برازاى أبى هيجان هەزبانى خاوەنى فەرمانەدەى (أربيل = هەولێر)[٥] لە گەڵ هێزێكى گەورەى كوردى هەولێرى هەزەبانى دا ئامادەيى لە ميسردا هەبوو ئەيش بە تەواوى پشتى سەلاّح الدينى گرت و بوو بە هاوەڵى كە لە يەك هۆزن. هەر بەم شێوەيە سەلاّح الدين پێى لە زەوى ميسر توندكروو بوو بە سوڵتان و فەرمانەدەى گشتى سوپا.

هێزێكى پێكەوە ناو هێرشى كردە سەر شارى (كەرەك) كە لە ژێر دەستى حاچ پەرستاندا بوو زۆر ڕێگە يان لە كاروان و زەوارەكان دەگرت و ڕێگەى هاتووچۆ نێوان ميسر و شاميان دەست بە سەردا گرتبوو لەو كاتەدا هەواڵى مردنى باوكى گەيشت زۆر دڵگران بوو گەڕايەو بۆ ميسر باوكى لە كاتى يارى رمبازى ئەسپدا لە ڕۆژى دووشەم (١٨)ى ذي الحجه ساڵى ٥٦٨ك كۆچى دواى كرد.

لە ساڵى ٥٦٩ ك پياوێك بە ناوى (عبدالنبى كوڕى مەهدى) لە (خوراج) هكان بو دەستى بە سەر ولاتى يەمەن داگرت بانگى پاشا يەتى بۆ خۆى دا سەلاّح الدين. تۆران شاى براى نارد كە بە خەم خۆرى ئاين و پاشاى گەورە دەناسرا هاوڕێ لە تەك هێزێكى



گەورەدا سەرئەنجام عبدالنبى كوژرا لە مانگى ڕەجەب ساڵى ٥٩٦ ك سوڵتان سەلاّح الدين بيرى لەوەكردەوە هاوپەيمانى و ئاشتەوارى لە تەك دراوسىَ و دەور و بەرەكەيدا دروستبكات تابتوانێت خاچ پەرستە فەرەنگە كان لە ناوچەكەوە دەربنێت. هەر لەو كاتەدا فەرمانەدەى ڕۆم (قليج ئەرسەلان) نامەيەكى بە باوەڕپێكرا وێكى خۆيدا نارد بۆ سەلاّح الدين تێدا داواى هاوپەيمانى و ئاشتەوارى كرد ئەم كارە بۆ سەلاّح الدين زۆر چاك بوو.

سەلاح الدين پێشنيارەكەى فەرمانەدەى ڕۆمى پەسەند كردوو ولاّمى نووسى لە ڕۆژى (١٠) جمادى يەكەم ساڵى ٥٧٦ ك بە ئامادەبوونى (قليج ئەرسەلان) و نوێنەرانى شارى موسل و شارى ديار بەكر پەيمانى ڕۆژهەلاّت مۆركرا لە سەر ئاوى جۆمى (شنجە) كە تێكەڵ بە ئاوى (فوڕات = فرەهات) دەبێت[٦] .

سەلاِح الدين توانى بەم شێوەيە پشتى خۆى دابين بكات و ئامادە بێت بۆ لێدان و وەدەرهێنانى خاچ پەرستە فەرەنگەكان لە ولاّتەكەى.

## ﴿ جەنگی حەتین ﴾

سوڵتان سەلاّح الدین فەرمانی دا بە سوپاکەی کۆببنەوە لە ڕۆژی هەینی (١٧) ی ربیع الاول ساڵی ٥٨٣ ك سوپا بەڕێ کەوت بەرە و شاری (عکا) لە بەر ئەوەی دوژمن لە مەرەج (صفوریە) کۆببونەوە هەواڵی سوپای سەلاّح الدین یان بەرگریێ کەت بوو کە هێرشیان بۆ دەکات.

سوپا یەکەم ڕۆژ لە سەر دەریاچەی (طبریة) لە نزیك ئاوای (الضبرة) بەلای ئوردنەوە دابەزین. سوپای ئیسلام هێرشی کردە سەر تەبەریەو بە ماوەی یەك کاتژمێر گرتیان دوژمن هاتنە یارمەتی خاچ پەرەستەکانی هاوەڵیان جەنگ لە چیای تەبەریەزۆر گەرم بو بەتایبەت لە نزیك گوندی (اللۆبیا) سوپای ئیسلام ڕۆژی شەممە هێرشیان کردە نێو جەرگەی دوژمن و بەیەك دەنگ هاواری الله اکبر بەرزبوەوە دوژمن شکاو زۆریان کوژرا و بریندار بەجێ هێشت سەرکردەکەیان هەڵهات بە خۆی و ژمارەیەك لە سەرکردە و سوپا کەیەوە لە تەپۆڵکەی حەتین خۆیان حەشار دا هێرشیان بۆ کرا و لە چوار لا یانەوە گڕی ئاگریان بەرزکردەوە بۆ ئەوەی تینویان بێت و خۆ یان بەدەستەوە بدەن دوژمن ناچار بوو پێشەکیە کەیان خۆیان بدەن بە دەستی سوپای ئیسلامەوە لە پێش هەموو یانەوە پاشایان



(جفری) و سەرکردەی سوپا یان (البرنس أرناطة) برای پاشا و کوڕی پاشا و سەرکردەی هێزی سەرکردەی ئاینیەکەیان سەرجەم سوپای دوژمن یان کوژران یان بەدیل گیران ژمارەی (٣٠) دیل بە یەك گوریسی دە بەسترانەوە.

سوڵتان سەلاّح الدین داوای لە پاشا و دیلەکانی دوژمنی کرد باوەڕ بە ئاینی ئیسلام بهێنێت ئامادە نەبوون سەرئەنجام لە ناوبران. لە دوای سەرکەوتنی سەلاّح الدین لە جەنگی حەتین دا ئەم شارانیش یەك لە دوای یەك گیران ١- عکا ٢- نابلس ٣- حیفا ٤- قیساریە ٥- صفوریە ٦- الناصرە ٧- تبنین ٨- صیدا. بەرەو بیروت سوپاکەی بە ڕێ خست و خۆی لە پێشی سوپاکەیدا چوە ژورەوە نەوەستا بەرە و (عسقلان) بەڕێ کەوت ئەویش گرت لە ڕێگەدا دای بە سەر (رملە و بینا و داروم) داو یەك لە دوای یەك گرتیانی شارەکانی (بیت جیرونی و نطرون) بە بێ جەنگ گیران ((گرتنی شاری قدس)).

سەردار سوڵتان سەلاّح الدین سوپا ماندوە کەی کەمە کەمە کۆ کردەوە لە دوای پشوودانێکی کەم لە ڕۆژی یەك شەم (١٥) ی رەجەب ساڵی (٥٨٣)ك جوڵەی بە سوپا کەی کرد بۆ ڕزگارکردنی ماڵی دووەمی خودا (قدسی) ی پیرۆزی لە هەموو لایەکەوە گەمارۆدا مێژوو نووسان دەنوسن بە تایبەتی نووسەری تایبەتی سوڵتان سەلاح الدین کە ناوی (محمد کوڕی صفی الدین) ە نازناوی (عماد الدین کاتبی ئەسفەهانی) یە دەڵێت ژمارەی سوپای

سەلاَح الدين لە (٦٠٠٠٠) هەزاری تێپەڕاندبوو جگە لە ئافرەت و منداڵ کە دوا=ی سوپاکە کەوتبوون بۆ رزگاریکردنی قدسی پیرۆز لە لای خواروی شارەوە دەستکرا بە شەڕ و مەنجەنیق هاویشتن بۆ نێو سوپای دووژمن بۆ ماوەی (٥) رۆچ بەردەوام بوو گۆڕا بۆ باکوری شار قدسی کە پییەی‌دەووترێت (دۆڵە دۆزەخ) لایەکی شورای شار روخێنرا بە دەستی سوپای ئیسلام خاچ پەرستە فەرەنگەکان هەستیان کرد پاشە رۆژی ئەوانیش هە روەك شارە کانی دیکە دەبێت بە ناچاری دەستیان کرد بە پەیوەندی و نامە نووسین و (عماد الدين ئەسفەهانی) نووسەری سەلاَح الدين دەنوسێت سوپاکەی سوڵتان هەمیشە دەستی چەپی سوپا لە سەرکردە و سوار چاکەکانی هۆزی (هەزەبانی = رەوادی) پێکهاتبوون سەرجەمیان سوارەبوون بە جل و بەرگی کوردانەوە (رانکوچۆخە) دەجەنگان لە بەرەکانی جەنگدا، دوای شەڕ و پێکدادانێ زۆر شاری قدس رزگار کرا لە خاچ پەرستە فەرەنگەکان بەم بۆنەیەوە (عماد الدين) نووسەری سەلاَح الدين دوو پەرتووکی مێژووی نوسیوە بە ناوی (الفتح القسی فی الفتح القدس) لە دوو بەرگدایە – کارەکانی سەردار سەلاَح الدين بۆ رزگار کردنی شارە ئیسلامیەکان و سەرکوت کردنی هێرش بەرانی نەیارانی ئیسلام مێژوو شاهیدی پاڵەوانی ئەو پیاوە یە لێرە و لەم جێگە یەدا من ناتوانم باسی هەموویان بکەم لەم بارەیەوە خەڵکی زۆر و بەسەدان پەرتووك و بڵاوکراوەیان نوسیوەتەوە ئامانجەکەی من لێرە تەنیا



دیاری کردن و ئاماژەیە بۆ هۆزی گەورەی دلێری کورد (هەزەبانی = رەوادی) و دەست نیشان کردنی گەورە پیاوێکی رەوادی لە شێوەی شاە سوڵتان سەلاح الدین ئەیوبی لێرە بە پێویستی دەزانم کەمێك لە بارەی رەوشتە جوانە جوامێریەکانیەوە بدوێم ئەویش بە گوێرەی ئەو سەر چاوە گرنگانەی کە ئاماژەیان بۆی کردووە.

١- رەوشتی بەرزی لە ئاینی ئیسلام هەڵقوڵاَ بو بە پەیڕەو کردنی قورئانی پیرۆز و فەرمودەکانی پەیامبەرمان (محمد کوڕی عبدالله) درووودی خوای لە سەربێت .

٢- فەرمان و پێویستیەکانی یەزدانی لە جێگەی خۆیدا جێ بەجێ دەکرد لە شێوەی نوێژ و رۆژوو زەکات چەند جارێك خۆی ئامادەی حەج کردە بۆی نەبو بە هۆی جیهاد کردنەوە.

٣- بە هەموو توانایەوە خۆی خەریك دەکرد لە کاروباری ئیسلامدا و دەچووە ناوەرۆکی کارەکانیانەوە بە ئەو پەڕی دادوەری و لەسەر رووناکی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پەیامبەر (د.خ) هەڵی دەسوڕان و جێ بەجێیانی دەکرد جیاوازی لە نێوان پلەدار و رەعیە و هەژار و دەوڵەمەندا نەدەکرد بۆ وەرگرتنی مافەکانیان و پارێزگاری لێ کردنیان.

٤- پیاوێکی دەست بلاوبو هەمیشە لە دارای خۆی دا بەش دەکرد بە سەر هەژاراندا لە دوای مردنی دارایەکی زۆر کەم لە گەنجینەکەیدا مایەوە بەش هەژارێکی دەکرد کاتێك سەرانەی بەسەر خاوەن ئاینیەکانی دیکەدا دەسەپان لە هەر شارێك کۆی

**بکـــردا یـــەوە هـــەژارانی شـــارەکەی کـــۆدەکردەوە ئەودارایـــەی بەسەریاندا دابەش دەکرد و بەدەستی بەتاڵ دەگەڕایەوە.**

**٥- ئازایەتی و پاڵەوانی لە کاتی چەنگیدا و لە کاتی ڕێکخستنی سـوپاکەیدا بـۆ جـەنگ لـە کـاتی ڕووبـەڕوو بونـەوەدا وەك شـێری گۆڕەپان لە پێشوەی سوپاکەیدا دەوەستا لە شێوەی سەربازەکان دەجـەنگا ریزەکـانی سـوپای لـە کـاتی جەنگـدا بـە خێـرای بەسـەردەکردەوە لـە تەمـەنی دەسـەڵات و جەنگەکانیـدا لـە هـیچ جەنگێك دا هەڵ نەهاتووە لە شەڕدا ئارام گر و بەهێز بووە ئەکەر دوژمنـەکانی ژێـر چـنگی بکـە و تایـەن لـە دوای دیـل کردنیـان بـە بەزەیەوە رەفتاری لە تەکیاندا دەکرد ئەگەر یاسا رێگەی پـێ دایە دیلەکانی ئازاد دەکردو نەی دەهێشت دیلەکانی بکوژین.**

**٦- مرۆڤایەتی سوڵتان سەلاّح الدین .**

**ژمـارە یـەك دز و جـەردە دەچـنە نێـو خێوەتگـەی دووژمنانـەوە منداڵکی ساوادە دزن و لە بازاڕ دەیفرۆشن.**

**دایك منداڵەکە سکالاّ دەباتە لای سەلاّح الدین ئەو پیاوە دەهێنن بۆ لای سەلاّح الدین کە منداڵەکەی کڕیوە سلاّح الدین پـارەی کـڕینی منداڵەکەی دەداتەوە و منداڵ بۆ دایکی دەگەڕێنێتـەوە و ژنەکـەیش دەگەڕێنێتەوە بۆ نێو دووژمنانی ئیسلام.**



**سەرچاوەکانی هۆزی دێرینی هەزبانی = رەوادی):**

**١- مێنورسکی و کورد - ئەنوەر سوڵتان .**

**٢- الناصر صلاح الدین -** هیثم **جمعه هلال.**

**٣- هەمان سەرچاوە.**

**٤- المحاسن الیوسفیه.**

**٥- ناصر صلاح الدین -** هیثم **جمعه هلال.**

**٦- بستان الجامع - عماد الاصفهانی.**

**٧- هەمان سەرچاوە.**

**٨- معجم البلدان - یاقوت الحموی.**

**٩-** الروضتین **و المحاسن الیوسفیه - عماد الاصفهانی.**

# ﴿ هۆزی ( فەیلی = فیلی ) پاڵەوانی كورد ﴾



هۆزی (فەیلی = فیلی)[1] یەكێكە لە هۆزە دێرینەكانی گەلی كورد و لە دێرزەمانەوە بوونیان هەیە و و لەم خاك و نیشتمانەی ئێمەدا جێگەی پەنجە و دەستیان دیارە ئەم هۆزە گەلێك رۆڵی گەورە یان لە مێژووی گەلەكەماندا بینیوە لە هەموو بوارە كانی ژیان دا بەتایبەت لە بواری رامیاری و كۆمەڵایەتی و ئاینیەوە و لەسەرجەم بوارەكانی دیكەدا. بە تایبەت لە رووی بازرگانی و پیشاسازی و بیناسازیەوە رۆڵی زۆر گەورەیان هەبووە لە نێو خاكی كوردستانی گەورە و لە عێراق و لە ئێرا ندا بەتایبەت لە نێو خاكی عێراق و لە شاری بەغدا و دەورو بەرەكەیدا رۆڵی زۆر گەورەی رامیاری و



دەسەڵات و ئابووریان هەبووە، ئەم هۆزە لە كات و سەردەمی دەسەڵاتەكانیدا ئەوەندە فراوان و بەدەسەڵات بوونە دراوسیەكانیان ئێرە یان پێیان بردووە چەند جار نووسەرانی دراوسێكانیان بە گەلێك جیاوازی لە كورد ناویانیان هێناوە وزۆریش هەوڵی ئەوەیان داوە بیانخاتە سەر گەلی فارسی ئێرانی كە زۆر داكۆكیان لە سەر ئەوە دەكرد كە ئەم هۆزە دێرینەی گەلی كورد سەر بە ئەوانن هەروەها گەلی عەرەب بێش هەر بە هەمان شێوە ، ئەم هۆزە دێرینەی كورد گەلێك توشی ئەشكەنجە و ئازار و نەهامەتی بوونە بەدەستی نەیارەكانیان كە هەمیشە هەوڵی ئەوە یان لە تەكدا دراوە رەسنایەتی و كورد ایەتیان بڕوشێنن بەڵام هەوڵی نەیارانیان بێسوود بوو بە هۆی خۆڕاگری و باوەڕی راستەقینە یان بە خاك و نیشتیمانەكەیان.

لە دوای ئەوەی رژێمی دڕندەی گۆڕ بەگۆڕی سەدام دەست بەرداری ئەوە بوو كە ناتوانێت و (تەعریب) ی ئەم كوردە رەسەنانە بكات هەڵسا بە سەندنەوەی ناسنامەكانیان لە عێراق و بە هەزاران ماڵی هۆزی فەیلی لە زێد و خاكی خۆیان ئاودیوی سنووری ئێرانیانی كرد و دارای و سامانیانی دەست بە سەردا گرت و كردی بە سامانی دەوڵەتەكەی و ژمارەیەكی زۆری لە بەندیخانە و ژێر زەویەكاندا شاردەوە و سەرئەجام لە سێدارەیانی دا بە تاوانی ئەوەی كە ئەم هۆزە سەر بە هۆزی كوردە و نایانەوێت ناسنامەی (تەعریب) وەربگرن.

هەڵبەت ئەم کارە ناڕەوایانە و ئەم ئەشکەنجە و ئازارانە بە تەنیا هەر بەشی ئەم هۆزە دێرینەی کورد نەبووە و سەرجەم گەلی کوردی گرتەوە لە شێوەی ئەنفالە رەشەکەیان و کیمیاباران و و کۆمەڵ کوژیەکانیان کە لە کوردستاندا ئەنجامیان دا ئەم تاوانانە بەشی گەلی کورد بووە لە دێر زەمانەوە و کەسێکیش نە بوو لە سەرمان بێتە ولام و ناڕەزایەك دەربڕێت هەروەك و شاعیری بەرزی کوردی هۆزی داو بە (لوتفی) دەڵێت:

هەرچەند سەیردەکەم حالم شێواوە
بۆ میللەتی کورد ئەژنۆم شکاوە
وەك ئاسکیٚ غەریب لە دەشتێکی چۆڵ
رەشە راوچیەکان دەورە یان داوە

خۆمیش گوتوومە:

| | |
|---|---|
| لە بەر بێبەختیم بە ختدارە دوژمن | چیبکەم وا هەڵکەوت ولاتەکەی من |
| سەرانسەر سنوورسیم تەن کراوین | بە هێزی دوژمن دەورە دراوین |
| دوژمنان هەمووی دوژمنی یەکن | بەرانبەر بە کورد یەك هێز و چەکن |

نووسەری لێهاتووی کورد بەڕێز کاك ((حسێن کاکەی)) لە بارەی ئەم هۆزە دێرینەی کوردەوە پەرتووکێکی بلاوکردەوە بە ناوی ((الفیلیون)) بە زمانی ئارەوی. تێدا باسێکی پوختی ئەم هۆزە دێرینەی کوردی کردووە ئاماژەیەکی زۆری بە رەسەنایەتی و دەسەلات و توانا و لێهاتویان کردووە بەرانبەر بە ئەمەیش پەنجەی



خستووەتە سەر ئەونەهامەتیی و ئەشکەنجە و ئازارانەی کە تووشی ئەم هۆزە بوونە – دەڵێت:

مێژوونووسی گەورەی جیهانی ((هوکرکروتە))[٢] دەڵێت هۆزی فەیلی رەگەز و بنەمایان لە هۆزی (عیلام = إیلام) یەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە واتە باپیریان ئەم هۆزە لە رەچەڵەدا لە ئیلامیەکانەوە دروستبوونە کە زۆرێك لە مێژوونووسە خۆماڵیەکان و بیانیەکانبە باپیرانی کورد یان دادەنێن. نێوی پاشای ئیلامیەکان ( بیلی= فیلی ) بوە دەسەلاتەکەی لە ناوچەی ئێستای ئیسلامدا لە ساڵی (٢٦٧٠) پ.ز دا سەری هەڵداوە لە ناوچەی ئێستای إیلام دا لە ساڵی (٢٦٧٩) پ.ز سەری هەڵداوە ئەم پاشایە کەبە یەکەم پاشای إیلام ناسراوە لە مێژوودا بە دوای ئەم پاشایەدا هەر لە نەوەکانی خۆی (١٢) دوانزە پاشا بە دوای یەکدا لەم خاکەدا پاشا یەتیان کردووە کۆتاییان پاشا ((یوزۆر ئاتیشوشینال)) بووە کە لە ساڵی (٢٢٢٠) پ.ز لە سەر دەسەلات بووە. یەکەم پایتەختیان شاری (اوان = ئاوان) [٣] بووە زۆر ئاشکرایە کە ئەم وشەیە کوردیەکی پەتیە و دووریش نیە مەبەست لە ئاوی (کەنداوی فارسی و رووباری عەرەب) بێت کە ئەم دوو ئاوەڕۆیە زۆر لە ناوچەی (عیلام = إیلام) ەوە نزیکن.

مێژوو نووسی گەورەی جیهانی ((جۆرج کامیرۆن)) لە پەرتووکە مێژوویەکەیدا دابینی کردووە کە پاشای (إیلام) یەکان (پاشا فێلی= بێلی) شاری (شوشی) دروستکردوە کە شارێکی زۆر جوان

و رازاوه و له بار بووه دوورنيه به ناوى شارى (شوشه)ى كورديەوە ناسرابێت (شووش = شووشه).

ئاسەوار ناسى جيهانى (أولترمنيشى) [٤] ئەوەى پشت راست كردووەتەوە كە پەرستگەى (كربريشا) كە لە و ناوچەيەدا هەڵكەوتووە مێژووەكەى دەگەڕێتەوە بۆ (٢٥٥٠) ساڵ پ.ز لە نێو ئەم پەرستگەيە دا وێنە و ناوى پاشا (فيلى = بيلى) نووسراوە.

ئەم كارە زۆر نزيكە لە راستيەوە لە بەرئەوەى كوردستان لە پێشترينى لانكەى شارستانى و زانست و مرۆڤايەتيە لە جيهاندا لەم چەند ساڵانەى نزيكدا پشكێنەرە بيانيەكان توانيان هێسكو پروسكى مرۆڤى (نياندرتال) لە ئەشكەوتەكانى هەزار مێردوو شانەدەردا بدۆزنەوە كە مێژووەكەى دەگەڕێتەوە بۆ زياتر لە (١٠٠) هەزار ساڵ.

گومانى تێدا نيە هۆزە سۆمەريەكان لە دواى هۆزە جۆديەكان لە پێشترينى هۆزەكانى گەلانى ديكەن لە خاك ى كوردستان و لە (ميزوبۆتاميا) دا زۆربەى مێژوونووسان ئاماژەيان بەوە كردووە ئەوان لە نەوەكانى هۆزى جۆديەكانن بە پێچەوانەى ئەوەى كە هەنديك دەڵێن گوايە لە بيابانى عەرەبيەوە هاتوون.

مێژوو دابينى كردووە و سەلماندوويەتى ئەو گەل و هۆزانەى مرۆڤايەتى كەوەدەر كەوتووە بۆ يەكەم جار لە سەرەوەى (الموصل=نەينەڤا) دا بوونە ئەوانيش گەلى (جودى = گۆدى) بوون بە باپيران گەلى كورد دەناسرێن لە كوردستاندا و



دروستكردنى قەڵاى (ئەربائيلۆ = هەولێر و كاركورد = كاركۆك = كەركوك) كە مێژووەكانيان دەگەڕێتەوە بۆ پتر لە (٦٠٠٠) هەزار ساڵ پێش زاين باپيرانى كورد (جودى=گودى) يەكان دروستيان كردووە تێدا نيشتەجێ بوونە بێگومان (جودى=گودى) يەكان لە پاش ماوەكانى پەيامبەرى مەزن(ناخ = نوح) پەيامبەر و هاوەڵەكانى بوونە كەپێك هاتبوون لە (٤٠) ژن و (٤٠) پياو كە لە كەشتييە كەى (ناخ=نوح) پەيامبەر يەزدانى مەزن لە سەر چياى (جوودى) دا يانى بەزان ئەم جێگەيە بە دووەم لانكەى مرۆڤايەتى ناسراوە لە جيهاندا و زۆر ەوە بوون و لە سەرگۆى ئەم زەويەدا بڵاوەيان لێكردووە ، هيچ بە دوور نازانرێت (سۆمەر) يەكانيش هەر لە نەوەكانى (گوود) يەكانن كە باپيرانى كوورد بوونە كە پاشا كەيان ناوى (كلكاميش)[٥] بووە ئەم ووشە يەيش زۆر بە كوردى دەچێت كە پێك هاتووە لە ووشەى (كل) بەواتاى (زل و قەبە و كەتە) دێت وە ووشەى (گامێش) روون و ئاشكرايە ئەم پاشا لە ساڵەكانى (٢٧٠٠) پ.ز دا ژياوە و داستانێكى شيعرى هەيە ئێستا لە جيهاندا دەخوێنرێتەوە مێژوو دەستنيشانى دەكات (گۆدى) يە كانيش بە چەند سەدەيەك پێش ئەوان يان هەر لە تەك ئەواندا ژياون گومانى تێدا نيە گوودى يەكانيش كە باپيرانى كوردن دەستيان بە سەر عێراق و (ميزووبۆتاميا) دا گرتووە لە ساڵەكانى (٢٢١١) پ.ز دا شارى ئێستاى (كوت) دەستكردى ئەوان بووە و ئەم گەلە بۆ ماوەى يەك (قەڕنى=سەدە)ى تەواو دەستيان بە

سەر عێراق دا گرتووە لە دوای ئەوماوەیە (عیلام = إیلام) یەکان لە مێژوودا وەدەرکەوتوون و لە دوای ئەوانیش (ئەموور) یەکان)، کە ئەمانەش هەر بە باپیرانی کورد دەژمێردرێن و ئەمانیش بوون کۆتاییان بە نەژادی سۆمەرییەکان هێنا و لە نێو خۆیاندا توانیویانەوە لە دوایشدا (سۆمەریەکانو گووتیەکان و ئەمەووریەکان و عیلامیەکان) کە سەرجەم بە باپیرانی کورد لە پێنووس دەدرێن لە (هاوەن=دنك)ی (ئەکەد) یەکاندا گوتران و تێکەڵ بە ئەوان بوون وبون بە یەك گەل، شاری بابل یەکێك لە سەرکردەکانی (ئەموور) یەکان دروستی کرد بە ناوی (ئوەبم) لە ساڵی (١٨٩٤)پ.ز بەڵا م دامەزرێنەری رەگەزی سۆمەریەکان(سۆمەرولائیلۆ)[٦] بوو هەر ئەویش بە یەکەم دامەزرێنەری دەوڵەتی سۆمەر دەژمێردرێت .

لە دوای سۆمەریەکان رەگەز و پاشماوەی (کیش) لە ناوچەکە دا دەرکەوتن بۆ ماوەی (٤٠٠) ساڵ دەسەڵاتیان لە ناوچەی ناوەراستدا پەیدابوون و لە چیاکانی (زاگرۆس) ەوە بەرەو باشوور کەوتنە رێگە و ناوچەکەیان داگیر کرد، (لوڕستان) کە بە شێکە لە کوردستان و هەر لە سەردەمی إیلامیەکانەوە بە کوردستان و جێگەی کورد ناسراوە لە دوایدا هێرشیان کردە سەر ناوچەی (عانە و راوە) وشەی (عانە بەواتای (خانە)) دێت واتە نیشتەجێ بوون یەکەم پاشایان بە (هرکندش) دەناسراو بە ناوبانگترین پاشایان لە مێژوودا بە (ئاکومی دووەم) ناسراوە کە توانی بە



تەواوی دەست بە سەرپا شایەتی بابل دابگرێت، یەکێك لە پاشاکانیان کە ناوی (کورد یانزوی یەکەم) بوو.شاری بە ناوبانگی (ئیشە) ی دروستکرد کە ئێستا بەعکرکوف) دەناسرێت لە نزیك شاری (دیوانیە) و لە مێژوودا بە (دورکوردیکالزر) یش ناسراوە.

دەوڵەتی (میدی)[٧] لە سەردەمی یەکەمی پێش زاینیدا وە دەرکەوت لە کوردستاندا بە تایبەت لە کوردستانی بەشی رۆژ هەڵات. بێگومان ئەمانیش هەر بە باپیرانی کوردی ئێستا دەژمێردرێن ، میدیەکان توانیان دەوڵەتێك دروستبکەن و پایتەختەکەیان کردە شاری (ئەکباتان = هەمەدان) بە ناوبانگ ترینی پاشا یان(هۆخشتەر) بوو لە ساڵی (٦١٢)پ.ز لە دەسەلات بووە ئەم پاشایە لەو مێژەدا توانی بە هاوکاری و پەیمان بەستنی لە تەك بابلیەکاندا هێرش بکاتە سەر پاشایەتی ئاشوریەکان لە (نەینەڤا=موسل) ی ئێستا دا و پاشا یەتیەکەیانی رووخان و بەمەیش توانی خۆیان و ئەو گەل و هۆزانەی لە ناوچەکاندا دەژیان لە ستەم کاری ئاشوریەکان رزگار بکات ئەگەر تەماشای ئاسەواری میدیە کان بکرێت لە چەمی رێزان و بەتایبەت لە نیگاری ئاوای زەرزی و لە (قزقاپان) دەبینیت پاشا (هوخشتەر = کەیخوسرەو) ی میدی لە تەك پاشای ئەکەدی بابل دا پەیمان دەبەستن.

کەیخوسرەو توانی لە دوای ساڵەکانی (٦١٢) پ.ز دەوڵەتی گەورەی ئەمبراتۆڕ یەتی (میدی) دابمزرێنێت لە ساڵەکانی (٥٥٥) یان (٥٣٩) ز کۆرشی گەورەی فارسی لە دوای جەنگێکی گەورە

توانی ئەمبراتۆریەتی (میدی) بڕوخێنێت و سەر بکەوێت بەسەریاندا تەنیا لە نێو پایتەختەکەیاندا کە شاری (ئەکباتان = هەمەدان) بوو (١٥) هەزار کەسی کوشت ، لە پێش سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامداله ناوچەی (بابل) لە شاری (حیرە) بۆ یەکەم جار کارگێڕیەکی عەرەبی دروستبوو لە چواریەکی سەدەی سێیەمی زاینیدا. ئەویش لە ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی ساسانیاندا بوو ئاشکرایە کە ساسانیەکان لە پاشماوەی (میدی) یەکان و لە هۆزی دێرینی (زراری) کوردن- یەکەم سەرکردەی دەوڵەتی (الحیرە) (ئیمرۆقەیس کوڕی عومەر کوڕی عدی) بوو ناسراوترین سەرکردەیان (نوعمانی یەکەم) بوو لە ساڵی (٤٢٠ – ٤١٨) ز لە دەسەڵات بوو لە دوای ئەو (موندری یەکەمی کوڕی نوعمان) بوو لە (٤٢٠ – ٤٦٢)ز لە سەر دەسەڵات بوو مێژوونووسانی عەرەب (ابن خلدون) و (جعفر خیال) داکۆکی لەوە دەکەن کە گەلی کورد لە پێش هاتنی عەرەبدا لە عێراق بوونیان هەبووە.

لە خۆر ئاوای ئێراندا دەوڵەتێك دروستبووە بە سەرکردایەتی (فیلان شاه) [8] لە دوای سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلام لە پاشماوەکانی ئەو سەرکردەیە (بەهرامی گور = بەهرامی گەور) ە بوو.

لە ساڵەکانی (١١٨٤ – ١٥٩٨) ز دەوڵەتی ئەتابەگی خورشیدی فەیلی دروستبوو دامەزرێنەری (شجاع الدین ئەبی بەکر محمد کوڕی خورشید) بوو نووسەر و مێژوونووس عەباس العزاوی



ئاماژەی بۆ ئەم دەوڵەتەکردووە کە بنەماو ڕەگەزیان دەگەڕێتەوە بۆ هۆزەکانی کوردی (قەیتولی بەدرە و مالیمان و قەیتاس و باولك ومالْ خەتاوی ).

ئەم هۆزە بە ناوبانگانەی کورد هەموویان دەگەڕێنەوە بۆ یەك باپیرەگەورە ئەویش (جەژنی) یە. ناوی تەواوی ئەم ناوداره (هومان = هەورامان) بووە لە یەکێك کوڕەکانی بەدرالدین کوڕی مەسعوودی خورشیدی جیابۆتەوە. نازناوی خورشیدی بە زمانی فارسی ئاماژەی پێکراوە بە واتای خۆر دەگەیەنێت لە زمانی کوردیدا بە دووری نازانین ئەم بنەماڵەیە بگەڕێنەوە سەر ڕەگەزو بنەمای هۆزە خۆریەکانی دێرینی باپیرانی کورد کە قەڵای (کارکۆك = کەرکوك) و قەڵای (خورماتوو=خۆرمۆتۆ) یان دروستکرد سەرچاوە فارسیەکان ئاماژەیان بە قەڵای خورماتوو بە قەلای خورشیدی کردوە هەروەها سەرچاوە تورکیەکانیش هەر بە خورشیدی ناویان هێناوە- هۆزی خورشیدی لە سەر دەستی شاه عەباسی سەفەوی یەکەم کۆتاییان پێهات کە لە مێژووی کوردا شاه عەباسی بە گەورەترین خوێن ڕێژی گەلی کورد و تێکدەری دەسەڵاتەکانیان لە پێنووس دراوە لە دوای نەمانی شاه عەباسی یەکەم ئەم هۆزە کە بە باپیرەی فەیلیەکانی ئێستا لە پێنووس دەدرێن لە ناوچەکانی خوارووی بەشی کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا دووبارە دەسەڵاتیان بەدەستگردوە تەوە و بەردەوام فەرمان ڕەوای خاکەکەی خۆیان کردەوە تا سەردەمی (ڕەزا شای پە هلەوی) کە

یەکێکە لە پاشا خوێن ڕێژەکانی دژ بە گەلی کورد و دوژمنی دەسەلاتەکانیان کە لە ساڵی (١٩٢٩) ز دەسەڵاتی لە ئێران دا لە دوای قاجاریەکان بەدەست هێناوە ناسراو ترینی خاوەن دەسەڵاتەکانی ئەم هۆزە (حسێن قولی خان و علی مراد خان و اسناعیل خان) بوونە.

ئەم ناودارانە دەسەلاتەکانیان درێژکردوەتەوە بۆ سەر ڕووباری (دەجلە = دیجلە) لە ناوچەی (عیلام = ئیلام).

هۆزانی فەیلی لە نێو خاکی عێراقدا دەسەڵاتێکیان دروستکرد لە ساڵەکانی (١٥٢٤ – ١٥٣٣) ز بە سەرۆکایەتی (ذوالفقار تخود) ئاماژەی تخود دەگەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی تخودی لە ناوچەی (لەکستان) لە ساڵی (١٥٢٤)ز دەستی گرت بە سەر شاری بەغدادا و دەوڵەتێکی کوردی تێدا دروستکرد و زۆر بە دادوەری دەسەڵاتەکەیبەڕێوە دەبرد سەرئەنجام هەموو خاکی عێراقی گرتەوە و ئەم دەوڵەتە و دەسەلاتەکەی لە مێژووی کورد و کوردستاندا مێژوونووس ی گەورەمان مامۆستا محمد أمین زەکی بەك بە جوانی ئاماژەی بۆ دەسەلاتەکەی و داد پەروەریەکەی کردووە – شاە تەهماسب شای ئێران بە هێزێکی زۆ گەورەی سوپا وە هێرشی کردە سەر بەغدا و جەنگێکی زۆر لە نێوان سوپای و سوپای ئێراندا ڕوویدا بەرگرییەکی زۆر لە بەغدا کرا سەرەنجام (ذوالفقار) شەهید بوو ئێرانیەکان بەغدایان داگیر کرد . دوژمنانی



کورد هەمیشە لە بۆ سەدا بوونە لە هەرجێگەیەك دەسەڵاتێکی کوردی بەدی کرابێت هەوڵی لە ناوبردنیان داوە.

لە کۆتای ساڵەکانی دەسەلاتی شاە عەباسی سەفەوی دووەمدا دەوڵەتێکی کوردی دیکەی لە خوارووی عێراق لە ناوچەی (دێر) دروستکرا بەسەرکردایەتی (ئەفراسیا شاە ی فەیلی) لە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانیەکاندا ئەم پیاوە والی بەسرە بووە لە عوسمانیەکان ڕووی وەرگێڕا و بانگی پاشایەتی بۆ خۆی دا شاری (دێر) کە جێگەی لە دایك بوونی خۆیەتی لە دوایدا خوارووی ناوچەی خوزستان و شاری (کبان)ی داگیر کرد لەو ناوچانەدا ژمارەیەك لە هۆزی عەرەبی (بەنی کەعب) ی نیشتەجێ کرد و (شێخ بەدرالدین کەعبی) کرد بە سەرکردەی ناوچەکەیان و دەسەڵاتی کارگێری ناوچەکەی پێسپارد لە هەموو بارەیەکە وە و کردی بە بەشێك لە دەوڵەتەکەی خۆی بە سەرکردایەتی و پاشایەتی پاشا (ئەفراسیاب).

ئەو زەویە سێ گۆشەیەی کە دەکەوێتە نێوان ڕووباری کارون و کەناری عەرەبەوە بە زەوی (فەیلیە) کان بە ناوبانگە.

ئەم نێوە لە سەردەمی (شێخ خزعل الکعبی) و لە دوای ئەو (شێخ مزعل الکعبی) یشدا هەروەها ناسراوە ئەو کۆشکە و بەندیخانەی کە (شێخ خزعل) تێدا کارگێری ئەنجام دەدا بە ناوی فەیلیەکانەوە بوو دەسەڵاتی فەیلیەکان بۆماوەی (٧٢) ساڵ بەردەوام بوو لە دوایدا بە دەستی عوسمانیەکان ڕوخێندرا.

لە ساڵەکانی سەدەی هەژدەمی زاینیدا دەسەڵاتی (زەند) یەکان بە سەرۆکایەتی کریم خانی زەند هاتە کایەوە دەستیان گرت بە سەر هەموو خاکی ئێراندا و شاری بەسرەیانیش گرت ئەمەش لە ساڵی (١٧٠٥) ز دا بوو. جێگووتنە هۆزی زەندی کورد دەگەڕێتەوە بۆ هۆزی لەکی کوردی ئەم راستیە نوسەرانی مێژووناس محمد علی سوڵتانی و عباس العزاوی و فریدریك شوبول و سایکس بیکۆپشت راستیان کردوتەوە.

دەسەڵاتی زەندیەکان (٤٤) ساڵ بەردەوام بوو دەسەڵاتەکەیان بە تەواوی پڕ بوو لە دادوەری و یەکسانی و ئازادی لە نێوان سەرجەم گەلەکاندا و زۆر بەتەنگی دڵی دراوسیەکانی دەوڵەتەکەیە بوو. لە ساڵی(١٧٩٤)ز لە لایەن دەسەڵاتی قاجاریەکانەوە رووخێنرا لێرەوە کوردستان دابەشکرا لە نێوان دەوڵەتی عوسمانی و سەفەویەکاندا لە ساڵی (١٦٣٩)ز لە لایەن سوڵتان مورادی چواردە م و شاه عەباس سەفەوی دووەمدا رێکەوتنەکە بە رێکەوتنی (زەهاویان قەسر شیرین) نێونرا.

لە (١٦-١٢-١٩٣٩) مۆرکرا کوردستان کرا بە سێ بەش واتا کوردستانی رۆژ هەلات:- ١- ناوچەی پشتکۆ (ئیلام). ٢- لوڕستان ئەو زەویانەی دران بە دەم خاکی عێراقەوە بریتین بوون لە نێوان کەرکوك لای ژوور بەسرە لای خواری عێراق بون نێوی خاکی عێراق لە پەرتووکی پیرۆزی ئاڤێستا دا بە (ئێراکستان)



هاتووە بە شێوەزاری (میدی) یەکان هەروەها نێوی بەسرە یش بە (دەشتی میسان) هاتوە.

بەتایبەت لە سەردەمی ساسانیدا مێژوونوسی عەباس عزاوی دەڵێت شاری (عمارە) شارێکی کوردی و کورد نشینی بووە بە ناوی (دووزیان) ئەمەش ئاماژە بووە بۆ هەر دوو زێ ی (دووچلە=دیجلە و فرەهات=فورات) کە لەو نزیکەدا دەگەن بە یەك هەروەها دەڵێت نێوی بەغداد وشەیەکی رەسەنی کوردیە بەواتای (باغی داد = بەغداد) بە واتای باغی داد لەم جێگەیەدا دەسەڵات و داد پەروەری هەبووە و ئەم نێوەی پێ بەخشراوە تا ئێستاش ژمارەیەکی زۆر کورد هەیە کە بە عەرەب کراون (المستعرب) لەم شارانەدا.. ١- حلە. ٢- حی. ٣- ناسریە. ٤- بەسرە. ٥- عمارە. ٦- علی غەربی . ٧- شێخ سەعد. ٨- کوت. ٩- دیوانیە. ١٠- ناسریە. ١١- سەماوە.

لە دیوانیە ئەم هۆزانە کوردن:-

١- البو شهیب - بەشێکن لە هۆزی شێخ بزێنی و البو عمران و البوعرجان و البودریعی و البو موسی و البوتاکی و البومطخ و البوطلحة.

٢- البوجریبە و البوحلیمە البورحیمە. لە هۆزی هەمەوەندن.

٣- البوعنگود و البوصفر و البوهدولی و البو بشیر والبو هجول و البوموسی و البوخیری - لە هۆزی دزەین.

ئەو تیرانەی سەر بە هۆزی فەیلیە ئەمانەن:-

١- لەك. ٢- لڕ. ٣- كورد علی. ٤- مالیمان مەلەك شاه. ٥- قەیتولی. ٦- اركەوازی. ٧- كلاوای. ٨- شوهان. ٩- بەختیاری. ١٠- كەڵهوڕی. ١١- زەندی. ١٢- سورەمیی. ١٣- محسانی. ١٤- موسی ی..



**سەرچاوەكانی (هۆزی دێرینی كوردی فەیلی = فیلی):**

١- مێژووی هۆزی فەیلی - حسێن كاكی .

٢- مێژوونووسی بیانی (هوكركروته) دەربارەی هۆزەكانی كورد.

٣- مێژوونووس عەباس عەزاوی - هۆزەكانی عێراق.

٤- راپۆرتی ئاسەوار ناسی (أولتر هنیش) فەرەنسی .

٥- داستانی (كل گامیش) نووسەر - محمد علی الروحانی .

٦- هەمان ەرچاوە .

٧- مێژووی میدیا - بورهان قانع.

٨- مێژوونووس عەباس العزاوی - العشائر العراقیە.

٩- كتاب تأریخ كورد و كوردستان - محمد ئەمین زەكی بەگ

## ﴿ هۆزی دێرینی رۆژەکی ﴾



وێنەی عەبدال خان بە پێی وەصفی ئەولیا چەلەبی

مێژووی دروستبوونی ئەم هۆزە دێرینەی کورد بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش (١٥٠٠) ساڵ پێش ئێستا واتە (٥٢٠)ز ئەمەش بە گوێرەی بۆچوونەکەی مێژوونووسی گەورەی کورد خاوەنی پەرتووکی شەرەفنامەکە شەرفخانی بەدلیس یە ئەم بەرێزە کاتێ باسی هۆزەکەی خۆی دەکات کە هۆزی رۆژەکیە لە پەرتووکەکەیدا و بەم شێوەیە دەنووسێت (میرانی بەتلیسی) نەوەی (بەهوات)ن و دەگەڵ شاهانی رۆستەمدار و شیروان



پسمامی هەقن)[1] ئەگەر مەبەست شەرەف خان لە سەرەتای دروستبوونی ساسانیە کان بێت کە بە کیسرەوی نێویانی هێناوە ئەوە دەکاتە ساڵی (٢٢٦)ز و ئەگەر مەبەستیش لە پاشای ساسانیان (کیسرای)[2] یەکەم بێت کە دەکات ئەنەو شیروانی عادل ئەوە کە دەکاتە (٥٣٢)ز بە هەر جۆرێك بێت مەبەستەکەی ئێمە دەپێکێت کە دەمانەوێت ئاماژە بەو هۆزە کوردە دێرینیانە بکەین کە پێش (٢٠٠٠) ساڵ هەبوونیان لە کوردستانی گەورەدا هەبووە و توانیویانە پارێزگاری لە خۆیان و نێوە پیرۆزەکەی خۆیان بکەن کە تا ئەمڕۆیش هەر بەو نێوە دێرینە بە ناوبانگە کانی کورد دەژمێردرێن کە هەمیشە خاوەنی توانای گەورەی و دەسەڵاتی بە هێز بوونە لە نێو پارچەکانی کوردستانی با کووردا.

بە پێی ئاماژەی شەرەف خان لە پەرتووکی شەرەفنامەدا لا پەڕەی (٦٨٠) لە گۆڕینی مامۆستا هەژار کە دەڵێت ئێمە واتە میرانی بەدلیس باپیرەمان (بەهوات)[4]ە و لەگەڵ کیسرە ویەکاندا پسمامی هەقین دەبێت باپیری ئەمان و ساسانی زراری کە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانیانە دەبن بە برا و هەردووکیان کوردی رەسەنن و پاشماوەی هۆزە میدیە دێرینەکانن.

شەرەفنامە ئاماژە بۆ دەسەڵاتی میرانی بەدلیس دەکات و دەڵێت ((هەتا ئەمڕۆ کە کلکەی مانگی قوربانی ساڵی هەزار و پێنجی کۆچە و وا بوو بە حەوت سسەد و شێستساڵ فەرمانڕەوایانی بەتلیس و دەرووبەرەکەی و حەول و حەوشەکەی بود و نەبودی

مشورخۆرانی ئەم خانەدانە سەر پەرشتی بوون و لەو ماوەیەشدا بیخەنە سەر یەك (١١٠) ساڵێك لێیان سێنراوە ونا مۆ و بیانی پێی راگەیشتوون)) بە گوێرەی نووسراوەکەی شەرەف خان میرانی رۆژەکی لە ساڵی (٣٤٥)ك وە فەرمانڕەوای ناوچەی بەتلیس یان بەدەست هێناوە واتە جگە لە مێژووی درووستبوونی هۆزی رۆژەکی فەرمانڕەوایان دەگەڕێتەوە بۆ پێش هەزار ساڵ لە ناوچەکەدا (ئەولیا چەلەبی) کە خاوەنی پەرتووکی مێژووی (سیاحەت نامەیە) [5] بەم شێوەیە بۆ مێژووی شاری بەتلیس دەدوێت و دەڵێت ((لە زەمانی ئەسکەندەری مەکدوونی)) دا ئەم شارە دروستکراوە بە ناوی ((بەتلیس)) ی خزمەتکاری ئەسکەندەرەوە نێونراوە. کە ئەسکەندەری مەکدوونی خۆی رایسپاردووە ئەم قەڵایە دروستبکات دواتر دەڵێ ((ئەم قەڵایەی کوردستان لە چەند شاوە بۆ شایەکانی دوای خۆیان ماوەتەوە))، فەرمانڕەواکانی ئازربایجان وەکو ((یوسفی قەرەقوینلی)) و (حەسەنە درێژی) (ئاق قونیلی) ، ئەم قەڵایەیان گرتووەوتێدا ماونەتەوە، یەکەم جار لە سەردەمی عەباسیەکاندا (سوڵتان ئەحەدوللا) لە دەستی رۆمیە مەسیحیە کانی دەرهێنا.

پاشان (حەسەنە درێژ) لەوانی سەند و لە ساڵی (٨٦٨)ك ئەو حەسەنە شکاو ئیتر کەوتە دەستی بنەماڵەی (سوڵتان ئەحەدوللا) پاشتر لە ساڵی (٩٢٠)ك خانی بەتلیس سەری بۆ سەلیم خان دانەواند، ئیتر دەسەلات دیسان گەڕایەوە بۆ میرانی (بەتلیس)[6] ی



هۆزی رۆژەکی و بەحکومەت و بەسەربەخۆی درایە دەستی خۆیان، لە فەرمانەکانی سوڵتانی عوسمانیدا نازناوی (خانی عالیشان خانی پایەبەرز) درا بە میرانی (بەتلیس) رۆژەکی.

بە پێی کتێبی شەرەف نامە فەرمان رەوای بەتلیس لەم بەشانە پێکهاتووە. (ئەخلات – مووشی – هۆزی رۆژەکی) زۆربەی دانیشتوانی شاری بەتلیس لە خێڵی (رۆژەکی)ن کە بنەماڵەی میرنشینەکەشی هەر لەم هۆزە بوون هەرکاتێك تورك و فارسەکان ویستیان کوردستان داگیر بکەن،دەبوایە لە پێشدا لە گەڵ فەرمانڕەوایانی هۆزی رۆژەکیدا بە شەڕ بێن چونکە بەبێ شکستی میرنشینی بەتلیس نەیان توانیوە چۆك بە هیچ دەسەڵات و هۆزێکی کورد بدەن، لە بەرئەوەی بە درێژانی مێژوو رۆژەکیەکان توانیانە بەربەستێکی بە هێز و گران دروست بکەن لە بەردەم هەموو ئەو شالاوانەی کە بۆیان کراوە بە تایبەت لە لایەن ئاق قونیلی لە ساڵەکانی (١٤٧٩ – ١٤٨١)ز و لە لایەن عوسمانیەکانەوە لە ساڵەکانی (١٥٣٥ – ١٥٨٣)ز [7] . تەنانەت تاکو سەرەتای سەدەی (٢٠) ئەم ناوچەیە لە بەربەرە کانیدا بەردەوام بووە و تاکو یاخی بوونەکەی (مەلا سەلیم و شەهابەدین) کە دواتر مەلا سەلیم لە کونسوڵگەی روسیا داگیراو لە سێدارەدرا.

میرنشینی بەتلیس یەکێك بوە لە میرنشینە سەربەخۆ و بە هێزەکان کە لە لایەن بنەماڵە دێرینەکانی کوردەوە حوکمڕانی دەکرا، بە شێوەیەکی ئازاد لە نێو خۆیاندا میری تازەیان لە نێو بنەماڵە

حکومڕانەکاندا هەڵدەبژارد بە تایبەتی لە هۆزی ڕۆژەکی کە ئەوان هەمیشە بە دڵسۆزیەوە و بەئەو پەڕی داد پەروەریەوە فەرمانڕەوایان دەبردبەڕێوە بەبی دەس تێوەردانی عوسمانی و هیچ دەسەڵاتێکی دیکەیان بەسەرەوە هەبێ تەنانەت عوسمانیەکان بۆیان نەبوو هیچ میرێکی بەتلیس لە پۆستی میرایەتی لادەن و یەکێکی دیکە لە جێگەی دا دەنێن.

میرنشینان (بەتلیس) توانیویانە بۆ ڕاگرتنی ئەو پارسەنگانە ماوەیەکی دوور و درێژ لە هەوڵی هێشتنەوەی قەوارەی خۆیاندابن تەنانەت تاکو سەرەتای سەدەی بیستیش بە یەکێك لە ناوچەوشارە هەرە بەرەنگاربووەکانی کوردستان لە بەرانبەر دوژمناندا ئەژماردەکرد،[٨] لەم بارەیوە . د. عەبدوالله عەلیاوەی دەڵێ لە پەرتووکە مێژوویەکەیدا کوردستان لە سەردەمی عوسمانیدا.

(میرنشینی بەتلیس) لە میرنشینە کوردە کۆنەکانە و دەرکەوتە باشووری ڕۆژ ئاوای گۆمی (وان) ە و وئازایانە بەرگری هەوڵی عوسمانیەکانی بۆ پێشێل کردنی سەربەخۆی دەکرد و لە سەدەی نۆزدەهەم دا شەریف بەك میری میرنشینی بەتلیس بو کە لە هۆزی ڕۆژەکی بوو پەیوەندی چاکی لە تەك بەدرخانی گەورە دا (بۆتان) هەبووە و چووە پەیمانی (پیرۆز) ەوە پەیمانەکەی مۆر کرد بۆ یەك گرتنی هەموو کوردستانی گەورە.



لە دوای ڕووخانی ئەمارەتی (بۆتان) لە ساڵی (١٨٤٧) بە پیلانی نەیارانی کورد عوسمانیەکان توانییان پاش داکۆکیەکی زۆر شەریف خان بگرن و بەدیلی بردیان بۆ (ئەستانە) و دەسەڵاتی میرنشینەکەی درایە دەست کەسێکی تورك بەمەش فەرمانڕەوای ئەم میرنشینەش لە ساڵی (١٨٤٩)ز کۆتای هات .[٩] لە نێو میرە گەورە بە ناوبانگە کانی بەتلیس دا ژمارەیەکی زۆر پیاوی ئازا و چاو نەترس و بەدەسەڵات و زانای گەورەی یان تێدا هەڵکەوتوە و لە کاتی دەسەڵاتەکە یاندا گەلێك ڕۆڵی گەورەیان هەبووە لە مێژووی فەرمانڕەوا یەکەیاندا لێرەدا دەمەوێت بۆ نموونە ئاماژە بۆ یەك میرێکی گەورەی هۆزی دێرینی ڕۆژەکی بکەم ئەویش ((میر عوداڵ خان)) ە میری میرنشینی سەربەخۆی ناوچەی (بەتلیس)ە، ( (میر عوداڵ خان ) ی بەتلیس (٩٩٥-١٠٩١ ك =١٥٨٧ – ١٦٨٠ ز ) ) [١٠]، خان عەبدال خان کوڕی شەمسەددینی کوڕی شەرەف خانی بەتلیسە بە گوێرەی گێڕانەوە پەرتووکی سیاحەت نامەی ئەولیا چەلەبی بەم شێوەیە باس لە ئاگاری (میر عەبدال \ دەکات (پاوێکی کورتە باڵا و مل کورت ڕەشتاڵە ، لوتەرانی ، چاوشین ، قسەخۆش ، دەم و چاوروون ، کوێچکە بچووك، سمێڵ پڕوردێنی تۆپ ، بە گوڕ و توند و تۆڵ ، دەنگ گەورە و ناوشان پان، دەست شێرانە و باسکی مەردانە ، ناو قەد باریك و لنگ درێژ و هەڵسوکەوتی بە ئەسپای))

ئەوليا چەلەبيە باس (ئەودال = عەبدال خان) دەكات و دەڵێ ئەم پیاوە لە سەرجەم بوارەکاندا سەردەرچوبوە، ئەدەب – هونەر – پزیشکی – سەربازی – راوو شکار– و توانایەکی سەر سوڕێنەری هەبووە لە باسێکدا دەڵێ عەبدال خانی هونەرمەند). دەڵێت (یەکەم شت لە بواری فەلسەفە و زانیاری و سەیر و عەجایەبدا و لە کیمیا و سیمیادا زۆر شارەزایە) دوای ئەم ئەولیا چەلەبی باسی لە (جالینوس و بوقرات و فیلوسی) دەکات و دەڵێت لە زانیاریدا لە ئەوان هیچی کەم نەبووە، هەروەها لە چەند جێگەیەکی دیکەدا نوسیویەتی دەڵێ (پیاوی پیری پەك کەوتەی هەشتا ساڵەی یان تلیاك کێشێکی ماڵ وێران بێتە لای دەرمانی دەکا و دەیخاتە گەرما و هەتا چاکی دەکاتەوە ئەو جۆرە نیوە مردووانەی چاك دەکردەوە و دەگۆڕان بە پیاوێکی دیکەی روومەت سور و گورج و گۆڵ – دەستی مەسیحایەتی وەهای زۆر بوو . بە یتاڵ نامەی خوێندوە لە دەرد و ئازاری ولاخان باش دەزانێ و راوکەرو نیشان ئەنگێوێکی بێ هاوتا یە – لە دەرمان کردنی چاودا ئەوەندە شارەزایە ئەو کەسەی ئاوی رەشی خزاوەتە نێو چاوی بە میلێکی زۆر باریك ئاوە رەشەکەی لێ خاڵی دەکات و چاوی کابرا روون دەکاتەوە .

جگە لە مانە لە شارەزای بەنایشدا زۆر شارەزابووە زۆر بەی جێگە گرنگەکانی سەرای بەتلیس خۆی نەخشەی کێشاوە. لە بەرك تێگرتنی کتێب و خۆش نوسیدا دەستێکی بالای هەبووە.



شاعیرێکی بە توانا بووە و شیعرەکانی هاوتای شاعیری گەورە عزمی زادە بووە لە زمانی تورکی و عەرەبیدا زۆر بە توانا بووە دەڵێت (ئەگەر کتێبێکی عەرەبی یان تورکی) بە دەستەوە بگرێ بە کوردی و بە فارسی راستەوخۆ وەری دەگێڕێ ئەو شیرەی خان بۆ خۆی دروستی دەکرد دەمی هیچ کاتی هەڵنەدەگەڕایەوە ، سەعات سازێکی زۆر بلیمەت بووە سەعاتی رۆژانە و مانگانە و سالانەی دروست دەکرد سەعاتی سەر بورج وریاکەرەوەی بۆخۆی دروست دەکرد، سەعاتێکی زۆر بچووکی لە سەرنقێمی ئەنگوستیلەکەی دروستکردبوو لە کارەکانی (جان پەترۆکشیر) گەلێك گرنگتروو بە نرخ تر بوو هەر بە سەعاتی ئەفسانەی جادوو لە قەڵەم دەدرا.

لە بارەی هونەری مۆسیقادا هەر باسی ناکری مەقامی راست و دووگای زۆر باش دەزانی لە گووتنی زەجل و زیکرو تەسنیف و چوار گا ودارسقی و سەر چیادا وەستا یەك بوو کەسی نایگاتێ.[11]

خۆ لە برینکاریدا وێنەی هەرنەبووە ئەو سوارانەی لە سەرسم دان و خلیت بازیدا دەکەوتنە خوارەوە و لاقیان دەشکا هەردەستی پێیان بگە یشتایە بە حەوت رۆژ دەیانی خستەوە سەر پێ خۆ یان و دەرۆین خودای گەورە ئەوەندە هۆ شو زیرەکی ووریایی و زانای تێگەیشتنی دا بوو بەم پیاوە کە لە سەدان پیشە و هونەر و وەستایدا مامۆستا بوو ئەگەر تەواوی زانیاریەکانی ئەو لێرە دا باسی بکەین دەبێتە پەرتووکێکی زۆر گەورە.

چیرۆك و بە سەرهاتی (خان عەبدال) بابەتێکی زۆر گرنگە و پێویستە هەڵوێستەی لە سەر بکرێ. لەو سەردەمەدا عەبدال خان میری بەتلیس دەبێ ئەحمەد پاشای سەرکردەی سوپای عوسمانی لە شاری (ئۆسکۆدار) هوە بە خۆی و لە شکرێکی زۆرەوە روودەکەنە ئەیالەتی (وان) بێگومان ئەم سەفەرەی ئەحمەد پاشای عوسمانی بۆ بردنی خێر و بێر و نوقڵ و نەبات نەبووە کە دابەشی بکات بە سەر خەڵك و میرنشینەکانی کوردستاندا بەڵکو بۆسە پاندنی نوێ کردنەوەی دەسەڵاتی عوسمانیەکان بووە جگە لە وەرگرتنی باج و خەراج و گۆڕینی والیەکان بەکەیفی خۆیان لە پێناوی مەرام و خواستی دەوڵەتی عوسمانیدا. جگە لە ئەولیا چەلەبی کە ئەم باسانەمان بۆ دەگێڕێتەوە گەشتیاری فەرەنس ی (ژان باتیس تاڤێرنیێ) کە لە نێوان سالانی (١٦٣٢ – ١٦٦٨) دا نۆ جار گەشتی بۆ ولاتانی رۆژ هەلات کردووە.(١٢)

لە گەشت نامەکەیدا کۆمەڵێك زانیاری دەربارەی میرنشینی بەتلیس و عەبدال خان نوسیوە و زۆریش لە نزیکەوە میر عەبدالی ناسیوە و دیار یانیش گۆڕیوەتەوە و دیاریەکانیش کتێب بووە هەروەك شەمسی محەمەد ئەسکەندەر دەڵێ (چونکە ئەو عەبداڵ خانەکە میری بەتلیس بووە و ژان باتیست تاڤێرنی) بە دیداری گەیشتوە لەگەڵ زانست و شارستانیەتدا سەرو ساختی زۆر خۆشی بووە و کتێب خرکردنەوەی زۆر مەراق بووە ئەمەیش ئەوە دەرەخات کە عەبداڵ خان کە میر بووە لە هەمان کاتدا زانا و



خوێنەوارێکی زۆر چاك بووە و پەیوەندی زۆریش لە تەك زانایاندا هەبووە.

جێمسی ریدز لە سەرتایی باسەکەیدا بە مشێوەیە باسی عەبدال خان دەکات (خانی بەتلیس پێشەوانی ناودارانی کورد دژی حوکمی عوسمانی لە شاری بەتلیس شۆرشی لە دژیان هەڵگیرسان. هەر دەربارەی عەبدال خان مامۆ ستا عبدالرقیب یوسف دەڵێ (کەم بلیمەتی وەك عەبدال خان لە مێژوودا هەن.

هیچ شوێنێك شك نابەم بەرهەمی زانستی و هونەری عەبدال خانی لێ بن. زۆر بەدووری نازانم لە شەڕی نێوان ئەوو ئەحمەد پاشای عوسمانیدا سوتابن. من کە هاوینی (١٩٧٧)ز چووم بۆ بەتلیس لەم رووەرەو و ئەوکاتە کتێبێکی لە سەر بەتلیس دانا ووتی: هیچ بەرهەمێکی دیار نەماوە بیستەمە دیوانە شیعرێکی لە دیار بەکر هەبووە. نازناوی شیعری (عادل) بووە (کەژخان) یش پێ دەڵێن لەبەر ئەوەی چوەتە چیا و لەدژی عوسمانیەکان شۆرشی بەرپاکردووە . پرسیاری گۆڕەکەیم کرد فەرمووی گۆڕی لە بەتلیس نیە و دەوڵەتی عوسمانی دەستگیری کردووە و لە ئەستەمبوڵ لە سێدارەی داوە.

لە ساڵی (١٠٩١)ك لە ئەستەمبوڵ لە شێدارە دراوە .. لە هەر دوو کتێبی (معجم إعلام الکورد) ی . د.محمد علی الصویری و (مشاهیر الکرد و کوردستان)ی محمد أمین زەکی بەك.

ناوی عەبدال خان هاتووە و ئەمانیش لە کتێبی ئەولیا چەلەبی وەریان گردووە . محمد أمین زەکی بەگ دەڵێ (میر عەبدال) کوڕە برای شەرەفخانی بەتلیسە و میری بەتلیس بووە و مەلیك ئەحمەد پاشای عوسمانی والی بەغدا ساڵی (١٠٦٥)ك بە سوپایەکی گەورە وە هێرشی کردۆتە سەری خان نەیتوانیوە بەرەنگاری ئەو هێزە زۆرەبێتەوە لە بەر ئەوە بەتلیسی بەجێ هێشتوە لە گەڵ ماڵ و منداڵەکانیدا ، ئەولیا چەلەبی ئەو کاتە هاوەڵی مەلیك ئەحمەد شا بوە بە چاوی خۆی زووڵم و زۆری ئەحمەد پاشای دیوە کە کردیەتیە سەر میر عەبدال و پشتیوانەکانی.

لە کۆتایی باسی عەبدال خان دا دەڵێم. وەك لە بەڵگە نامەکاندا لە پەرتووکە مێژووی و سەرچاوەکاندا هاتووە لە مێژووی کوردا ئەم پیاوە زۆر کەم وێنەبوە پیاوێکمان وەبەرچاو ناکەوێت لەم پیاوە لێوەشاوە و پلە و پایەی زانستی و بەهرەمەنی و بلیمەتی و سوار چاکی لە عەبدال خان زیاتر بوو بێت.

تەنانەت لەوشەڕانەیشدا کە بووە زۆر بە ژێری مامەڵەی لەتەکیاندا کردووە.[١٤]



سەرچاوەکان :

١- پەرتووکی – شەرەف نامەی شەرەف خانی بەدلیس.
٢- مێژووی دەوڵەتی ساسانی – موفید لائق محمود العابد.
٣- فەرهەنگی مەهابات – گیر موکریانی.
٤- شەرفنامەی شەرەففخانی بەدلیس.
٥- پەرتووکی (سیاحەت نامە) نووسینی ئەولیا چەلەبی.
٦- هەمان سەرچاوە.
٧-شەرەفنامەی شەرەف خانی بەتلیس.
٨- میر عەبدال خانی بەتلیس – نووسینی بوار نورالدین .
٩- پەرتووکی مێژووی . د. عبداللە عەلیاوەی .
١٠- میر عەبدال خان – نووسینی بوار نورالدین .
١١- سیاحە نامەی ئەولیا چەلەبی.
١٢- سیاحەنامەی نووسەری فەرەنسی (ژان باتیست ڤێرنی) .
١٣- مشاهیر الکورد – محمد امین زەکی بەگ.
١٤- کتێبی مێژووی – عبدالرقیب یوسف – مێژوونووسی الدولە الروسیە.

## ﴿ هۆزی زراری دێرین ﴾



خودا لێخۆشبوو مامۆستا گیوموکریانی [1]لە پەرتووکە بەناو بانگەکەیدا (فەرهەنگی مەهابات) دەفەرمووێت هەروەك سەرچاوەکان ئاشکرای دەکەن پاشا و سەرکردەکانی دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی (ئەردەشێری بابەکی پەهلەوی زراری) بووە کە دامەزرێنەری بنچینەی ساسانیان بووە هۆزی (زراری) تا ئێستا یش لە کوردستاندا هەر ماون و هەر بەو ناوە دێرینەی چۆیانەوە پێناسە دەکرێن دەفەرموێت شێوە زاری پەهلەوی یان پاڵەوی



شێوە زاری نەتەوەیەکی تایبەت بە میللەتێك نەبووە واتای پەهلەوی یان پاڵەوی شارستانی دەگەیەنێت نەك نەتەوە ئەم وشەیە وەك پێناسەیەك بۆ سەرداران و فەرمان ڕەوایانی پاشایەتی ساسانیان بەکارهێنراوە لە کات و سەردەمی دەسەڵاتەکەیدا ، بانی ئێران یان پانتای ئێران هەندی لەو دەشتە بەرفراوانە لە خۆدەگرێت کە ژمارەیەك رووبار و چیای بچووك و دۆڵی کشتوکاڵی و بیابانی تێدا یە کە لە گشت لایەکەوە زنجیرە چیاکان دەوری لێداوە زنجیرە چیای باکوری ڕۆژئاوا کە بە چیاکانی قەوقاز ناودەبرێت زنجیرە چیا باشوریەکانیش چیای (برز = بەرز) وزاگرۆزەکە لە باکورەوە تا باشور و بەگەیشتنی بۆ دەریای عومان درێژ دەبێتەوە.

بانی ئێران گەورە ترین و سەرەکی ترین زەویەکانی ئەو پاشا و دەوڵەتانە پێکدەهێنێت کە بۆ ماوەیەك بە سەرمێژووی ناوچەکەدا زاڵ بوونە هەر لە هۆزە إیلامیەکانەوە کە دەگاتە (٢٢٢٥-٧٤٥) پ.ز تا دەگاتە (ساسانیەکان) لە (٢٢٤ – ٦٤٠)ز[2] ، ساسان کەدەکاتە باوکی بابکی زراری لە شاری (ئەستەخر) ئاگر بان و کاهێنی گەورەی ئاینی زەردەشتی بووە لە سەردەمی دەسەڵاتی فارسە (بارازنجیە) کاندا ساسان کارەکەی خۆی داوەتە کوڕەکەی خۆی کە بە بابکی زراری بە ناوبانگ بووە و لە هۆزی کوردی زراری بەناوبانگ بووە و سەر بە بنەماڵە و هۆزە میدیەکان بووە مێژووی ئەو سەردەمەیش زۆر بە روونی بۆ مانی ئاشکرا ئەکات

که هۆزه میدیەکان خۆیان بە خاوەنی ئاینی زەردەشت زانیوە بابکی زراری داوای لە پاشای فارەسکان کردوە (ئەردەشێر)ی کوڕی بکات بە فەرماندەیەکی سەربازی لە هەرێمی فارسدا. بۆیە بابك و ئە ردەشێری کوڕی سوودیان لەو فەرمان ڕەواییە وەرگرتووە و توانیویانە هێرش بکەنە سەر پاشای فارسی وبیکوژن، کاتێك (بارانجی) فارسی کوشتووە و دەسەلاتی هەرێمی فارس داگیرکردووە پاشای (پارس) ئەرتە بان (ئەردەوان)ی پێنجەم داوای لە بابك و ئەردەشێری کردوە کە پاشانشینەکەی بداتیٚ .
لەو سەردەمەدا بابك دەمرێت و ئەردەشێری کوڕی بانگەشەی پاشایەتی بۆ خۆی دەدات و هێزێکی سەربازی وەهای پەیدا کردووە کە زیاتر بێت لە هێزی پاشا (پارس) ئەم و دوو هێزە لە دۆڵی (هورمزدجان) پێکدادەدەن لە دوای شەڕێکی خوێناوی ئەردەشێر سەردەکەوێت لەو کات و سەردەمەدا بانی ئێران کە لە سەرەتاوە ئاماژەم پێکرد پێك هاتبو لە چەند هەرێمێك و هەرێمەکان پاشایەکی ناوچۆ سەرپەرشتی دەکرد لەوانە هەرێمی میدیای کوردی و ئەرمینیا و هەرێمی چیاکە کوردستانی ئێستایە لە چەند هەولۆ هێرشێکدا هەندێکیان بە ئاشتی و دیالۆك و هەندێکیش بە شەرخستیانیە سەر پاشایەتیەکەی خۆی واتە پاشایەتی ساسانیان لە دوای ئەوانە هەرێمی بابل و نێوان دوو رووبار (بين النهرين) وئەفغانستان و بلوجستانیش مل کەچ کردووە. لە دوای ماوەیەکی کەم بەدەست و بازووی پاڵەوانەکانی



توانی بەشەکانی پاشانشینی فارسەکان کۆبکاتەوە و هەرێمێکی نوێی لیٚ دروستکردوو خستیە سەر پاشا یەتیەکەی خۆی ئەوکاتە نێوی لە ولاتەکەی ژێر قەڵەم ڕەوەکەی نا (ئەمبراتۆریەت) ی ساسانی ، ئەو ئەمبراتۆڕییتە بە گوێرەی فراوانیو زەبەلاحی قەڵەم ڕەوی دەسەلاتەکەی گەلیٚ چاکسازی ئەنجام داوە لە نێو ئەو هەرێمانەدا کە خستبونیە ژێر دەسەلاتی خۆیەوە لەوانە:[3] ١- ئاینی زەردەشتی کرد بە ئاینێکی ڕەسمی دەوڵەت لە شێوەی یاسا پەیڕەوی (ئاڤێستا) ی پیرۆزی دەکرد دوای ئەوەی سەرجەم پارچەکانی کۆکردە و کردی بە یەك بەرگ و ڕێزی تایبەتی بۆ زانایانی ئاینی دا ناو سەرکردەکەیانی کرد بە یاریدەدەری خۆی، ئەردەشێر گوتویەتی ((چاکە و پیرۆزی لە دەوڵەتێکدانیە ئاینێکی نەبێت خێر یش لە ئاینێکا نیە دەوڵەتێکی نەبێت و نەی پارێزێت)).
کوڕی بابکی زراری و سوپاکەی سەرکەوتن و ئرتەپان و سوپاکەی بەشکاوی گەڕایەوە ، ئەردەشێر لە ڕۆژی (٢٨)ی نیسان (أبريل)ی ساڵی (٢٢٤) ز ڕۆیشتە نێو شاری مەدائنە وە و گرتی رایگەیان کە ئەو جێگرەوەی پاشا پارسیەکانە و دامەزرێنەری بنەماڵەیەکی دەسەلات داری نوێیە ئەویش ساسانیە.[4] ئیتر لەو کاتەوە پاشا (فارسەکان و پارسەکان) هەمیشە لە نیگەرانیدا بوون کە گوایە دەسەلات و پاشایەتی ئەوان لە لایەن یەکێکە وە زەوت کراوە کە لەوان نیە و بە ڕەگەز کوردە ئەوەتا یەکێك لە پاشا دۆڕاوەکانیان لە

کاتی گەڕانەوەی دا بۆ وڵاتی فارس ئەم نامەیە دەنێرێت بۆ ئەردەشێری بابکی ساسانی زراری و دەڵێت: ئەم نامەیەی مێژوونوسی گەورەی عەرەب تەبەری لە پەرتووکە مێژوویەکەیدا بە عەرەبی بەم جۆرە نوسیویەتی.[٥] (أيها أردشير البابكى الكوردى ، إنك قد غدوت گورك و إجتلبت حتفك، أيها الكردى المربى فى خيام الأكراد ، من اذن لك فى التاج التى لبسته و البلاد التى أحتويتها عليها و غلبت ملوكها و أهلها ومن أمرك ببنأ المدينه التى أسستها فى الصحراو باسم مدينه الكورد) خاوەنی پەرتووکی معجم البلدان دەڵێت ئەردەشێر بابك شارێکی لە نزیك (مدائنی = میدین) دروستکرد بە ناوی (کورد ئاوا) تائێستایش ئاسەوارەکەی هەرماوە.

ئەم بایەخدانەی ئەدەشێر بوو بە هۆی بایەخدانی پیاوانی ئاینی و نزیك بوونەوە یان لە دەوڵەت و توانیان کارێك بکەن کۆمەڵانی خەڵکیش لە دەوری کۆبکەنەوە بە پێچەوانەی فەرمانڕەوایانی پارس و دارو دەستەکانیان کە هیچ بایەخێکیان بە ئاین نەدەداو ژمارەیەکی زۆر یان لە  پیاوە ئاینیەکان کوشت ژمارەیەکی زۆر شار و شارۆچکەی نوێ دروستکرد لە هەرێمەکاندا بە تایبەتی لەو جێگایانەدا کە زۆر ستراتیجی بوون بۆ بازرگانی نێوان هەرێمەکان و پایتەتی گەورە و بۆ دەرەوەی وڵات و زۆر بایەخی دا بە چاك کردنی رێگە و بان چ بۆ مەبەستی سەربازی یان بازرگانی بایەخی زۆری دەدا بۆ خزمەتی کشتوکاڵ و ئاژەڵ داری هەر کەسێك بە



گەواهی بیسەلماندایە ئەو کەسە (شوانە یان جوتیار)ە راپێچ نەدەکرا بۆ باری سەربازی کۆمەلانی خەڵکی دا بەش کرد بە چەند چین و توێژێك فەرمانبەر و کارمەندانی دابەش کرد بە چەند پلە گەلێك – پیاوانی ئاینی و رۆشنبیرانی بە چاکی هاندا و مووچەی تایبەتی دیاری کرد بۆیان بۆ باری خوێندن و خوێندەواری منداڵان و گەنجان و لاوان – لە سەر رووناکی ئەو دەقانەی لە پەرتووکی پیرۆزی ئاڤێستا داهاتووە لە بارەی پزیشکی و دەرمانسازی دەوڵەتی ساسانی بایەخێکی زۆر تەواویان دەدا بۆ پێشخستنی بواری زانیاری تەندروستی چی لە بارەی دروستکردنی دەرمانی و یان پێگەیاندنی پزیشکان لەم بارەوە ئەو پاشا و سەرکردانەی رۆڵی خۆیان هەبوە لە دەوڵەتی ساسانیدا ئەم ناودارانە بوونە:–

١– ئەر دەشێری کوڕی بابك کوڕی ساسانی زراری وەك باسێکمان لێ کرد و زۆربەی سەرچاوە مێژوویەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم ناودارە دامەزرێنەری دەوڵەتی ساسانی بووە بۆ یەکەمجار هەروەك مامۆستا گیو موکریانیش پشت راستی ئەم بۆ چونەی کردوەتەوە و باسێکمان لە بارەیەوە لە سەرەتادا پێشکەش کرد لە دوای ئەو شاپوری کوڕی جێگەی گرتەوە.

٢–شاپووری یەکەم – ساڵی (٢٤١) دوای مردنی باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست و لە ساڵی (٢٤٢)ز بە شێوەیەکی رەسمی ئاهەنگی تاج پێ بەخشینی ئەنجام دا، سەرچاوەکانیش ئەوە باس دەکەن کە شاپوور یەکێك بووە لە بەناوبانگترین پاشایانی دەوڵەت

ساسانی لە بەرئەوەی کەسێکی ئازا و هیمەت بەرز و لە لایەن گەلیشەوە زۆر خۆشەویست بووە، لە کاتی دەسەلاتەکەیدا هەرێمی ئەرمینیا و پاشانشینی (صخر) کە پاشانشینی عەرەب بوو شۆڕشیان بەرپاکردوو دژی شاپوور وەستانەوە سوپای ئامادەکرد و هێرشی کردە سەریان لە دوای جەنگێکی زۆر توانی ئەرمینیا بگەڕێنێتەوە و شۆڕشی گێڕەکانی سەرکووت کرد پاشانشینی (صخر) لە بەرئەوەی قەلا و پایگەی زۆر پتەو یان هەبوو بۆ ماوەی (٤) ساڵ شەڕ و پێدادان بەردەوام بوو بە هۆی ناپاکی (نضيرة)ی کچی زیزەنی پاشای (صخر) توانیویەتی ئەویش دامرکێنێتەوە و قەلا چۆی شۆڕشەکە یان بکات.

٣- هورمزدی یەکەم . ئەم پاشایە بۆ ماوەی یەك ساڵ بەردەوام بووە لە دەسەلاتەکەیدا کە دەکاتە (٢٧٢ – ٢٧٣) ز دوای مردنی باوکی فەرمانڕەوای کردووە هیچ شتێکیش سەبارەت بەورووداوە سیاسیانە نازانرێت کە لە سەر دەمی ئەو پاشایەدا رووی دابێت لە دوای ئەو براکەی بە هرامی یەکەم فەرمانڕوای وولاتی بەدەست هێناوە.

٤- بەهرامی یەکەم. ئەم پاشا یە بۆ ماوەی سێ ساڵ (٢٧٣ – ٢٧٦) دەسەلاتی گرتووەتە دەست دیاری کرین رووداوی سەردەمەکەی ئەو کاتە بوو (زنوبیا) پاشای تەدمور دوای مردنی مێردەکەی داوای هاوکاری لە بەهرام کرد بۆ روو بەروو بونەوەی



گوشاری ئەمبراتۆریەتی رۆمان بەهرام هاوکاریەکی سادانەی پێشکەش کرد و زەنوبیا سەرنەکەوت .

٥- بە هرامی دووەم. لە ساڵی (٢٧٦)ز بە هرامی دووەم کە کوڕی یەکەم بوو دەسەلاتی گرتە دەست و جەنگەکانی لە دژی رۆما نوێ کردەوە لە تەك ئەوەشدا هیچ جۆرە دەست کەوتێکی سەربازی و سیاسی لە دژدا وەدی نەهێنا .

٦- ترس – ترسیش لەو جەنگانەدا سەرکەوتوو نەبووە کە دژ بە رۆمان ئەنجامی دان سەرئەنجام ئەرمینیا کەوتە بەر تەماحی هەردوو لاوە پاشای رۆمان سوپایەکی بێشوماری نارد لە گەڵ سوپای ساسانیدا جەنگ روویدا سەرئەنجام سوپای ساسانی شکان و ناچاری پەیمانێك بوون کە ساسانی دەست بەرداری ئەرمینیا و بەینە نەهرێن بێت و بۆ رۆمان بە جێ یان بهێڵێت.

٧- هورمزدی دووەم. هورمزدی دووەم هەشت ساڵ (٣٠٢ – ٣١٠)ز فەرمان رەوای کرد، پاشایەکی رووناك و خۆشەویست بوو حەزی کردووە دادگەری لە پاشانشینەکەیدا بلاوبکاتەوە ، ئەو پیاوە گەورانەی کە سەر بە دەوڵەتەکەی بوون بە تایبەت عەرە بەکان ئەمەیان پێ چاك نەبوو بو بە شەڕ و پێکدادان روویدا و لە یەکێك لەو شەڕانەدا هورمزدی پاشای ساسانی کوژرا هەر بۆیە عەرەبەکانی کەنداو (ئەحسا) یان کردە پێگە بۆ بەگژاچوونی دەسەلاتی ساسانیان.

٨- ئازەرنرسی . ئەم پاشایە کوڕی هورمزدی دووەم لە ساڵی (٣١٠)ز فەرمانرەوای گردە دەست لە سەردمەکەیدا ململانێیەکی گەورە لە نێوان گەورە پیاوانی دەوڵەت روویدا کێشەکە زۆر گەورە بوو سەرئەنجامەکەی بوو بە هۆی تیرۆرکردنی پاشا لە دوای خۆی شاپووری برا بچووکەکەی ببێتە پاشای ساسانیان.

٩- شاپووری دووەم. بەهۆی وەدەستهێنانە گەورەکانی لە ناوەوە و لە دەرەوەدا ئەم پاشایە بە بەناوبانگترین پاشایانی دەوڵەتی ساسانی لە پێنووس دراوە سەربارەی دوور و درێژی فەرمانڕەواکەی کە (٧٠) ساڵ بووە (٣١٠ – ٣٧٩)ز بەردەوام بووە و زۆریش بە سیاسەتی هێمنی و ئارامی کارەکانی ناوەوە و دەرەوەیشی هەڵسوڕاندوە.

١٠- ئەردەشێری دووەم. بۆ ماوەی سێ ساڵ جێگەی باوکی گرتەوە (٣٧٩ – ٣٨٢)ز سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن کە چاك و چاك سازبووە و هەوڵی چاك سازی زۆری داوە لە کاتی سەردەمەکەیدا بڕیاریدا بۆ هەڵوەشاندنەوەی سەرجەم ئەو باجانەی کە بە سەر گەلەکەیدا سپێنرابوون ئاماژە بەوەیش دەکرێت کەسایەتی زۆر بە هێز نەبووە بۆیە ئەو کاربەدەستانەی لە سەردەمی شاپووری برایدا لادرابوون لە سەر کار بۆ تۆڵە گەڕانەوەیان دەکرد بۆ نێو دەسەڵات سەرئەنجام بوون بە هۆی لابردنی لەو دەسەڵات و دانانی سابووری برای لە جێگەی.



١١- شاپووری سێیەم . بۆ ماوەی شەش ساڵ لە دوای براکەی (٣٨٢-٣٨٨)ز فەرمانڕەوای کرد ئەویش هەروەك براکەی بە کەسایەتیەکی لاواز لە پێنوس دراوە مل کەچی تەماحو ویستی پیاوانی دەورووبەری بوو لە ساڵی (٣٨٤) لە تەك رۆماندا رێکەوتنێکی کرد ئەرمینیا یان دا بەش کرد بەدوو پارچە رۆژ هەڵات و رۆژئاوا بەشی رۆژهەڵات بەر ساسانیان کەوت و خۆر ئاوایش درایە رۆمان، کاتێك ویستی بەرەنگاری هێزی گەورە پیاوان بێتەوە ساڵی (٣٨٨)ز کوژراو بە هرامی برای لە جێگەی دانرا بە پاشای ساسان.

١٢- بەهرامی چوارەم. بە یارمەتی گەورانی دەوڵەتەوە فەرمانڕەوای گرتە دەست و بۆ ماوەی (١٥) ساڵ (٣٨٨ – ٣٩٩ز فەرمانڕەوای کرد بە ناز ناوی (کرمان شاە) ناسرا واتە پاشای کرمان لە کاتی باوکیدا فەرمانڕەوایەتی ناوچەی کرمانشای ئێستای کردووە ناوی شاری (قرمسینی) گۆڕی و ناوی نا کرمان شاە.

١٣- یەزد گوردی یەکەم. لە دوای باوکی دەسەڵاتی ساسانی گرتە دەست نزیکەی بیست ساڵ (٣٩٩ – ٤٢٠) ز فەرمانڕەوایەتی ساسانی کردووە سەرچاوەکان دەگێڕنەوە گوایە پیاوێکی دڵ رەق و خراپ بووە ستەمی زۆری لە گەلەکەی خۆی و ژێر دەستەکانی کردووە تاوای لێهات نازناوی (بزەکار) خراپەکاری بە سەر دا سەپێنرا زۆر سەیرە سەرچاوە سریانی و بێزنتیەکانیش زۆر

باسی چاکە و چاکەکاری دەکەن و دەڵێن هەژارانی هەمیشە بە سەردەکردەوە و سۆز و بەزەی بە سەریاندا دەباران.

١٤- بە هرامی پێنجەم . یەزد گورد پێش مردنی سێ کوڕی هەبوو گەورەکەیان شاپووری ناو بوو جێگری باوکی و فەرمانەدەی بەشە ساسانیەکەی ئەرمینیا بوو شاپووری کوڕی لە وڵاتی عەرەبی لە دەوڵەتی (حیرە) بونرس کەسێیەم کوڕی بوو منداڵ بوو دایکی جولەکەبوو. پیاوە گەورە سیاسەت مەدارەکانی دەوڵەتی ساسان لە دوای مردنی پاشا کەیان ئەمیرێکی دیکە یان هەڵبژارد کردیانە پاشای وڵات بەهرام ئەمەی زانی داوای یارمەتی لە ئەمیری ئەمارەتی (حیرە)ی عەرەبی کرد کە لەلایان مێوان بوو ئەوانیش هێزێکی سەربازی تۆکمەیان خستە ژێر دەسەڵاتیەوە تونی ئەمیرەکسرا یە کە لابەریب و خۆی لە جێگەی ببیێت بە پاشای ساسان سەرچاوەکان دەڵێن ئەو پاشا نوێیە کەسێکی خۆشەویست و جەنگاوەر و براوە و لە هەمان کاتیشدا دڵداربووە.

١٥- یەزد گوردی دووەم. لە دوای باوکی دەسەڵاتی گرتە دەست وڵاتەکەیان و چاودێریان دەکرد زۆربەی کات بەبی هیچ هۆیەك سنوورەکەیان دەبەزاند. فەیروز هەوڵێکی زۆری دەدا بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرانی و قات و قڕیە بەکەم کردنەوەی باج و دابەش کردنی دانەوێڵە بە سەردانیشتواندا ئەمە چارەسەر نەبوو هەتا خودای گەورە بارانی بۆیان باران. هۆزەکانی (هیاتلە) لە سەر سنوور زیانیان زۆر تر بوو فەیروز بڕیاری رووبەروو بونەوەیانی دا



لە یەکەم جەنگدا گیرا و سوپاکەی تێکشکا بۆ رزگارکردنی خۆی (قوباد)ی کوڕی کە جێگری بوو بە بارمتە داینا لەو کاتەوە پاشا یانی ساسانی مل کەچی فەرمانی پاشایەتی هیاتلەبوون.

١٧- بلاش گەورەکانی ئێران دووای کوژرانی فەیروز بلاش برا بچووکیان بە پاشای ساسانیان هەڵبژارد ئەم پاشایە لە ساڵی (٤٨٤ -٤٨٧) ز هەوڵی دروستکردنی سوپا یەکی نوێی بەهێزی دا و دروستی کرد سەرکردەی سوپاکەی (زرمهر) ی سەرکردە بوو کە توانیویەتی سەر بکەوێت بە سەر (هیاتلە) کاندا کە داوای سەرانەیان دەکرد لە بەرانبەر دا ئەوەی دیلەکاندا بە مەیش کۆتای بە ئاشتەوای نێوانیان هات.

١٨- قوبادی یەکەم. گەورە پیاوانی دەوڵەت قوبادی یەکەمیان بە پاشای وڵات دانا بۆ نزیك بوونەوە یان لە هۆزە(هیاتلە) کان لە بەرئەوەی قوباد بۆ ماوەی دوو ساڵ لە لای هیاتلە دەست بە سەر بوو رێزێکی زۆر یان لێگرتبوو قوباد دۆستایەتیەکی زۆری لە تەك هیاتلەدا هەبوو ئەمەش لە پێناو نزیك بوونەوەی ساسانیان لە تەك هیاتلەو کۆتای هێنان بە جەنگ و شەڕ فرۆشتن جەنگ کۆتای هات لە نێوانیاندا بەم بۆنەیەوە هەتا سەردەمی ئەنەوشیروانی کیسرایش (جزیە) سەرانەیان دەدا وەك دەردەکەوێت لە باسە مێژوویەکاندا ئەورەوشتە و ئاکارە جوانانەی لای باوکی هەبوو لە ئەودا بەدی نەدەکرا سیاسەتێکی زۆر توندرەوی دژ بە ئاینە کانی فەلە و جوولەکە بەکار هێنا سەرئەنجام سوپای نارد بۆ ئەو شار و

هەرێمانەی جولانەوەی (نەسرانی – مەسیحی) تێدا پەرەی سەندبوو بە تایبەت لە هەرێمی ئەرمینیادا سەرجەم پەرستگە و کلێسەکانی سوتاندوو کاهینەکانی کوشت لە جێگەی ئەواندا ئاتەش گەی زەردەشتی دروست کرد هەر چەندە ئاینی زەردەشتی ئاینێکی گشتی بووە و رێگەی بە سەرجەم ئایینەکانی دیکە داوە و رێزیشی لە بۆ چونەکانیان گرتوە بە مەرجێك ئەوانیش رێز لە زەردەشتیەت بگرن و دژی کار نەکەن.

سەر ئەنجام یەزد گورد لە کارەکانیدا سەرکەوتنی بە دەست نەهێنا یەزد گورد لە سالّی (٤٥٧)ز مرد دوای ئەوەی (١٨) سالّ فەرمانڕەوای کرد – هورمزدی کوڕی بوو بە جێگری.

١٦– هورمزدی سێیەم. ئەم پاشا یە برایەکی لە خۆ بچووکتری هەبووە بە ناوی فەیروز (پیرۆز) فەرمانڕەوای هەرێمی رسجستان بووە هرمز چاوی برێوەتە دەسەلاّتەکەی بە هاوکاری گەورە پیاوێك کەناوی (رەهام) بووە هێرشی کردوەتە سەری جەنگ لە نێوان دووبرادا دوو سالّی خایاندووە سەرئەنجام بەدەستی (رەهام) هورمزد دەکوژرێت و سوپاکەی دەشکێت فەیروز دوایان دەکەوێت پایتەختش داگیر دەکات و بانگی پاشایەتی بۆ خۆی دەدات.

١٧– فەیروزی یەکەم. سەرەڕای ماوە درێژی فەرمانڕەوایەکەی کە ماوەی (٤٥٩ – ٤٨٤)ز خایاند. هیچ رووداو گەلێك سیاسی یا ژیاری گرنگی دەرنەخست لە سەردەمەکەیدا بێ بارانی زۆر کاری کردە سەر ناوچەکەیان و لە لایکی دیکەوە (بەربەریە) کان چاویان



بڕیبوە (ئەنۆ شیروان = کیسرا) سەردەمی کیسرای یەکەم کە نازناوی (ئەنۆ شیروان)ە بە واتای گیانی نەمر بە جوانترین ماوەکانی دەوڵەتی ساسانی دادەنرێت ئەمەش دوای ماوەیەکی تالّ بە دەستی هێناوە.

١– چاکسازیەکی گەورەی دەست پێ کرد لە نێو وڵاتەکەیدا بە نامە سەرجەم سەرۆکی هەرێمەکانی لێ ئاگادارکردەوە بۆ جێ بەجێ کردن و پەیڕەوکردنی لەوانە گەڕانەوەی زەوی و زارەکان و ئەو شتە گوازراوانەی دەوڵەت دەستی بە سەردا گردبوو بۆ خاوەنە رەسەنەکانی یاسایەکی تایبەتی دانا بۆ ئەو ئافرەتانەی بە زۆر هەڵگیراون مافی خۆیانیان بدرێتێ ئەگەر رازی بوون بەو پیاوەی دەستی بەسەر داگرتووە بە مەرجێك کچ ببوبێت کە دەستی بە سەردا گیراوە مارەی پێویستی بۆ دیاری بکرێت ئەگەر ژن بوبێت ئگەر بیەوێت بگەڕێتەوە لای مێردی پێشووی دەگەڕتەوە و سزای دەست بە سەراگرەکەیش دەدرێت، تاڕادەیەك چاك چاکسازی دادوەریش کرد لەوانە چاك کردنەوەی ئەو خانوو بەرە و باغوو پرد و کێڵگە وازلێهێنراوەکان و بە جێ ماوە کان کە خاوەنەکانیان بە هۆی باوەڕی مەزدەکیەوە بەجێیان هێشتون دەوڵەت چاکیان بکاتەوە و بیداتەوە خاوەنەکەی – هوڵدان بۆ پەرەپێدانی ئاژەڵ داری و بە گشتی کشتوکاڵ و یارمەتیدانی جووتیاران و کەم کردنەوەی باج یان بە یەکجاری هەڵگردنی لە سەریان – جگە

لەمەیش هەوڵی چاکسازی سەربازیش دا لە هەموو بوارەکاندا. ئەم کارانەی نەوشیروان لە ساڵی (٥٣٢)ز دەستی پێکرد.

ئەوەی مێژوو نووسانی عەرەب و فارس و بێزەنتیەکان لە بارەی ئەنەوشیروانەوە نووسیویانە سەرجەم کۆکن لە سەر چاکسازی و دادوەری و ئازایەتی ئەو سەرکردە گەورەیەی ساسانیان.

١٩- هورمزدی چوارەم. ساڵی (٥٧٩)ز هاتە جێگەکەی باوکی گێراندنەوە کانیشی بۆ هەڵسەنگاندنی ئەو پاشایە دژن مێژوونوسە عەرەبەکان دەڵێن زۆر دادگەربووە تالە باوکیشی زیاتر شایانی ئەو نازناوەبوە زۆر بە سۆز بووە بۆ هەژاران و ستەم لێکراوان وریا و أدیب جوانخاس بووە داد گەریەتیەکەی بەسەرگشت خەڵدا باڵی کێشاوە لەوانە خۆی بە گەورەی هۆزەکانیشی زانیوە بۆ چوونی فارسەکان و بێزەنتیەکانیش بە تەواوی دژی ئەم بۆ چونانەن .

٢٠- کیسرای دووەم. کیسرا دوای وەرگرتنی دەسەڵات لەو بارودۆخەدا هەوڵیدا هەموو لا یەك لە خۆی رازی بکات بۆیە بەدەست و دیاریەکی زۆرەوە هێزە بیزەنتیەکانی گەڕاندەوە کە ئەوان توانیان بیگەڕێننەوە سەر تەختی پاشایەتی ساسانیان.

بەستامی خاڵۆشی کردە سەرکردەی خۆراسان بەندویش ی کردە راوێژ کاری کۆشکی پاشایەتی بە هەموو توانای هەوڵی نزیك کردنەوەی پیاوانی زەردەشتی دا.



٢١- قوبادی دووەم. ئەم پاشایە ناوی خۆی (شیرویە) بو نازناوی خۆی قوبادی بۆ خۆی هەڵبژارد بوو. لە ساڵی (٦٢٨)ز لە دوای باوکی دەسەڵاتی گرتە ددەست دیار ترینی کارەکانی دروستکردنی ئاشتەواری بوو لەتەك بیزەنتیەکاندا، بڕیاری دا بەگێڕاندنەوەی سەرجەم ئەو تالانانەی ساسانیان هێنابویان لە سەرووی هەموو یانەوە گەڕاندنەوەی خاچی پیرۆز . تا ئێستایش گاورەکانی ئاسیای رۆژئاوا لە رۆژی (١٤)ی ئەیلولا گشت ساڵێك بە ناوی جەژنی بەرزکردەوەی خاچ ئاهەنگ دەگێرن کە دەکاتە ئەو رۆژە قوبادی ساسانی خاچی پیرۆزی گەڕانەوە بۆ گاورەکان.

٢٢- ئەردەشێر سێیەم لە دوای مردنی (شیروە) ی باوکی دەسەلاتی گرتە دەست ئەمەش بە بڕیاری گەورە پیاوانی دەوڵەت ئەو کاتە منداڵ بوو لە تەمەنی (٧) ساڵیدا هەر ئەوەش بوو وای کرد لە هەندێك پیاوە گەورەکانی دەوڵەت چاوی تەماحی تێ ببڕن.

دیاری ترینی ئەو پیاوەانە (شەهربەراز) بوو بە نەهێنی لە تەك هەر قلی بیزنتی دا پەیمانی بەست و پارە و ماڵێکی زۆریشی دایە. شەهربەراز چووە (مەدائن) بە ناوی کاری تایبەتی بە خۆی.رۆیشتە تەلاری پاشایەوە وپاشای منداڵی کوشت و خۆی لە جێگەی بە پاشا ناوبرد.

سەرکردەی هەرێمەکان لە دژی هەڵسان لە دوای ساڵێك دژایەتی کوشتیان. سەرکردەکان رایان گەیاند. کە (کیسرای کوڕی ئەمیر

قوباد) پاشایه هەر بەم گۆڕانكاری و پشێوی له دەوڵەتی ساسانیدا دەستی پێكرد و دواتر رووخاندی. هەر لەم كات و سەردەمانە شدا ئاینی ئیسلام گەیشتوبوە ناوچەی ساسانیان بە شێوەی نەهێنی بڵاودەكرایەوە هەر لەو كات وسەردەمانەدا لە ساڵی (٦١١)ز جەنگی زیقار روویدا لە نێوان ئیسلام و ساسانیدا لە ساڵی (٦٣٣)ز خالیدی كوڕی وەلید بەرە و دەڤەری ئیران رووینا.

هەروەها لە ساڵی (٦٣٤)ز جەنگی جسر روویدا لە گەڵ ساسانیان كە دەكاتە (١٣)ك لە دوای ئەوە جەنگی (جسر) لە (٦٣٥)ز رویدا دوای ئەوانیش جەنگی جەلەولا و جەنگی نەهاوەند كە لە (٦٣٧ ز بەرانبەر ١٦ ك) روویدا – خودای گەورە بڕیاری دا بوو دامودەزگای دەوڵەتی ساسانیان بەدەستی هاوەڵانی (محمد)(د.خ) بە تالان بچێت ئاشكرایە حەزرەتی زەردەشت پەیامبەر پێش (١٧٠٠) ساڵ هۆشیاری لەم بارەیەوە داوە بە باوەڕدارانی ئاینەكەی وە لە هەمان كاتدا داوایشی لێیان كردبوو باوەڕ بە ئاینی ئیسلام بهێنن ئەوە جیگەی باوەڕە ساسانیەكان ئاینی زەردەشتیان لە یەكتا پەرستیەوە بۆ ئاگر پەرستی بردبوو.



سەرچاوەكانی هۆزی زراری –ساسان:

١– فەرهەنگی مەهابات – بەڕێز گیو موكریانی ساڵی ١٩٥٧ بەغدا.
٢– مێژووی دەوڵەتی ساسانی– كیسرەویەكان سالانی (٢٢٦ – ٦٥١)ز مفید لائق محمود العابد.
٣– ئێران لە سەردەمی ساسانیەكاندا (ئارسەركریستس) بەزمانی فەڕەنسی.
٤– مێژووی كۆنی ئێران – حسن پیرنیا بە زمانی فارسیە.
٥– پەرتووكی مێژووی تەبەری.
٦– مێژووی دەوڵەتی ساسانیان – مفید لائق محمود العابد.

# ﴿ هۆزی گاوانی دێرین ﴾



هۆزی گاونی [1] دێرین لە هۆزە بەناوبانگ و دێرینەکانی گەلی کورد دەژمێردرێن مێژووی دروستبوونی ئەم هۆزە بە پێی سەرچاوە مێژوویە خۆماڵی ودەرەکیەکان دەگەڕێتەوە بۆ پێش وەدەرکەوتنی ئاینی ئیسلامی پیرۆز بە چەند سەدەیەك [2] پێش ئەوەی ئەم هۆزە لە ناوچە شاخاوی و ساردەکانی کوردستانەوە بەرەو ناوچە گەرمە سێرەکانی عێراق کۆچەکانیان دەست پێبکەن بۆ ناوچە دەشتایەکانی (حللە و عمارە و کوت) لەو ناوچانەدا بتوانی دەسەڵات بە دەست بهێنی و ئەمارەت و دەستگە کارگێڕیەکانیان دابمەزرێنیٚ و بیٚ بە خاوەنن تەلاری بەرز و



دروستکردنی پایتەخت و شار و شارۆچکە بە ناوی خۆیانەوە و تا ئێستا یش ئاسەوارەکانیان شاهیدی بەرچاوە بە گوێرەی ئەو سەرچاوانە وە دەردەکەوێت ئەم هۆزە نەبە زوو قارەمانەی کورد لە ناوچەکانی موکریان و هەورامانە وە کۆچیان کرد بێت بۆ ئەو ناوچانەی ئاماژەمان پێکرد وە هەر لە شێوەی کوچکردنی هۆزە کانی دیکە گەڕاون بەدوای بژێوی ژیان و بەخێوکردن و پەروەردەکردنی ئاژەڵدا ئەوەی ئەم راستیە دەسەلمێنێت جوڵە و کۆچ کردنی چەند هۆزێکی دێرینی کوردە کە لە ناوچەکانی دایك زادەی ئەمان و لەو دەوورو بەرەدا ژیاون و لە رەورەوەی مێژووی ژیانی ئەم هۆزە دلێرە دا ئاشکرا یە ژمارەیەك لەو هۆزانە لە دوای سەدەیەك یان زیاتر لە دوای کۆچکردنیان هاوبەشیان هەبووە لە تەکیاندا لە خەبات و بەربەرەکانی نەیاران و بژێوی ژیاندا لەوانە هۆزەکانی (ماچۆران) لەو باوەڕەدام ئەمە ماچۆ گۆرانە کە هۆزی دێرینی هەورامان و ئەو هۆزانە دەگرێتەوە کە بەشێوەی ماچۆ ئاخاوتن دەکەن تا ئێستا یش پێوە بە گۆران دەناسرێن ئەم هۆزە دێرینە لە ماڵبەندی کیکان و ئازربایینجان دا نیشتەجێن. و ئەو هۆزانە کە لە نێو چیاکان دا لەو کات و سەردەمەیدا هەبونیان هەبووە واتە پێش وەدەرکەوتنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ئاماژە بۆ ئەم هۆزانە کراوە [3] ،(هەزبانی – سەرات – شازنجانی – لوڕ – بادلکان – بارینجان – بارمیسیان – خاڵی – جەبا نارقی – گاوانی – شاە جان) ئەم هۆزانە گەلێك دێرینترن،(مەرزەبان ئەمانە

باپیرانی صلاح الدین ئەیوبی کە بە هۆزی (ڕەوادی) یش دەناسرێت – زراری – گەلاڵی – لەك – کەڵوڕ – بەختیاری – فەیلی=فیلی – موکی – مەکمی=مەنی – سۆڵی – باپیری – نخوسی – سۆرانی – سێولی – فریادی – سنانی – یانی – مازنجانی – حەیدی – چوڵمەکی – هەکاری – بەختی – داسنی – دنبلی –دینەوەری – باڵکی – شکاکی – باگنی =بادینی – قەیتولی – قەیتاس – شوهان=شوان – موانی – یزیدی – – تائێستا یش پێوە زۆر بەی ئەم هۆزانە بونیان هەیە لە نێو کوردستانی گەورەدا و بە ناوەرەسەنەکەیانەوە دەناسرێن جگە لەوەی ژمارەیەك ڕۆستای و چیاو ئاوایەکانی کوردستان مۆرکی ئەم هۆزە دێرینانەی هەر پێوە ماوە و هەر بەو ناوانە یشەوە لە زۆر بەی تۆمارە کانی دەوڵەتە دا گیرکەرەکانی کوردستان دا هەر بەو ناوەوە تۆمارکراون و ئامارکراون سەرەڕای هەوڵی ڕەگەز پەرستی نەیارەکانمان کە هەمیشە و لە هەموو کات و سەردەمێکدا هەوڵی شێواندن و لە ناوبردن و سڕینەوەی جێگە و پێگە و ئاسەوارە مێژینەکەمانیان داوە ئەوەش هەر سەردەمێك بە سیاسەتێك و بە بۆ چوونێك کە بۆ بەرژەوەندی خۆیان پەیڕەویان کردوە لە سەردەمی دەسەلاتی سەفەویەکاندا هەوڵی بە فارسی کردنمانیان داوە (سیاسه التفریس) و لە سەردەمی  دەوڵەتی بە ناو ئیسلامی عوسمانی تورك بە تورکی شاخاوی ناومانیان بردوە و تا ئێستا یش پێوە سیاسەتەکانیان لەوبارەیەوە چڕ و پڕترکردوەتەوە و لە



سەردەمی عەرەبانیشدا هەر بە کۆتاهاتنی سەردەمی چوار جێگرەکەی پەیامبەرمان (محمد ی کوڕی عبدالله) دروودی خودای لێبێت کە سەردەمی دەسەلاتی ئیسلام وەك پەیامبەرمان دەفەرکووێت لە (خلافە=جێگر) ەوە بوو بە پاشایەتی دەستیان داوەتە سیاسەتی ڕەگەز پەرستی و سەرجەم ئەو دەسەلاتانە تا دەگاتە دەسەلاتە دڕندانەکەی (سەدام حسین) هەمیشە هەوڵی (تعریب) و جینۆساید کردنی گەلەکەمانیان داوە دوێنێ بوو برا چاورەشەکانمان ژمارەی (١٨٢) هەزار پیر و لاو و ئافرەتی کوردی کوردستانی باشووریان زیندە بە چاڵ کرد لە ڕۆژی دروستبونمانەوە لە سەر چیای (جوودی=گودی) یەوە دایك زادە و پەیویستی ئەم خاکە نەبوونایە و ڕەگوڕیشەمان بە ناخیدا نەچوا بە ناخی زەویدا هەر گەل و هۆزێکی دیکە بوایەن ئێستا نێو و شوێنەوارمان لە هیچ شتێکدا بەدی نەدەکرا دەگەڕمەوە سەر بابەتەکەم کە باس گاوانی دێرینی کوردە خودا لێخۆشبوو دوکتۆر مستەغا جواد لە کۆڕی زانیاری کورد لە بەغدا وتارێکی پێشکەش کردوە لە بارەی هۆزی دێرینی گاوانی کوردەوە بە ناونیشانی ٠ ( هۆزی لە بیرکراوی گاوان) ئەم وتارە لە لایەن کۆڕی زانیاری کوردەوە لە هەفتا کاندا کراوە بە نامیلکە یەك و پاشان رادەستی خودا لێخۆشبوو زانا و نووسەر و بیردۆزی کورد مامۆستا هەژار کراوە کە لە زمانی عەرەبیەوە وەری گێراوەتەوە سەر زمانی کوردی لە بەر ئەوەی بۆ چون وەرگێڕانەکەی مامۆستا هەژار زۆر و

زێده به پێزن هەندێکیان هەر وەکو خۆی دەخەمە پێش چاوی خوێنەران لەم بارەیەوە دەڵێت (ئەم نامیلکەیە بیرخستنەوەی هۆزێکی سەر بەرزوو نەبەزو مەرد و نەبەرد کەونارای کورد، لە ڕۆژ و ڕۆژ گارێکدا ئەو هۆزە کە بە هۆزی گاوانی بە ناوبانگ بووە زۆر دیاردە و لە بەرچاو بووە لە سایەی ئازادیەتی و میرخاسی گەڕناسی کوردانەی خۆیانەوە لە لایەکی ئەم جیهانە پان و بەرینەدا ناو و ناوبانگی زۆر و زەوەندەی پێکەوە ناوە و لەلای لاوەکی و دەرودراوسێ و ئاشنا و بییانیانەوە بە زیخ و بوێرد چاو نەترس و شێر و ئابڕۆ مەند و جوامێر و کار پەسەن و چاوتێر ناسراوە و دۆستی خۆی شاد کردون و نەیاری بەرباکردون و پاڵەوانی بەزاندون لەشکری ڕەفاندون لە چاخ و چەرخی خۆیان گەلی کوردی وەك گەلێکی هەرەئازا و بەکار بە خەڵك ناساندوە).

ئەم بە باڵاهەڵدانەی هەژار هەر چەندە زۆر بەپێزە بۆ ئازای و میرخاسی ئەم هۆزە لە ڕاستیدا ئەوان لەمە زیاتر بوون لە سەردەمەکەی خۆیاندا ، هۆزی گاوانی کورد لە دەورانی دەسەڵاتی خەلیفەکانی عەباسیدا ژیاوە وشان بەشانی هۆزی بەرەی ئەسەدی عەرەب شاری (حللە)[٤] ی ئێستا یان بنیات ناوە سەرەڕای ئەو شوێنەوارە ناسراو مێژوویەکە تا ئێستایش هەرماوە، ماوە شیان ماوەیەکی زۆر گۆڕەپانی زۆرانبازی ڕێبازی پڕ لە شانازی یان نێوانی خانەقین و مەندەلی ئێستا و (حەلوان = هەڵوان) ی ئەوسا و بەدرە و جەسانی لای کوت و عەمارە بووە گەلێك چیاو کەژ و



ئاوی وشکان و نەرمان و ڕەقەن و بەندەنیان لە ژێر دەستا بووە وکەس نەی وێراوە دەستیان بۆ بەرێ وەك هەژار دەڵێت ((هەرکەسێ خۆی لە قەرەی داونە بوەتە قەرەبروت)).. مامۆستا هەژار دەڵێت من لەو باوەڕەدام زۆریش بەدور نازانم (جوانڕۆ) ی ئێستا گاوانڕۆ بێت وەك گوتمان مێژوو نووسانی عەرەب هەمیشە پیتی (گ)بە(ج) بە کارهێنراوە لە بەرئەوەی پیتی (گ) لە عەرەبیدا نیە ئەمەش ئاشکرایە روو لە زمانی کوردیدا بە (چۆم=چەم) دەگووترێت بەواتای چۆمی گاوانی دێت، ئەم ڕاستیە ئەوەمان بۆ وەدەردەخات ئەم هۆزە دێرینەی کورد کە لە دەڤەری موکریان و هەورامانەوە کۆچیان بۆ گەرمە سێرەکانی عێراق کردووە، هۆزی گاوانی هۆزێکی دێرینی کوردە و لە مێژووی عێراقدا لە هۆزە هەرە بەناوبانگەکانە و لە هەموو یان جێگەی بەرزترە و خاوەن ناوترە و لە باری شەڕ و شۆڕو سیاسەیشدا لە هەموان هونەرمەندترە و شوێنەواریش لە ئەدەبی عەرەبیدا بەرچاوە بە تایبەت لە بواری شیعر دا زۆریش حەزیان لە شیعرکردووە و برەویان پێداوە، جێگەی داخ و نیگەرانیە نووسەران و ڕۆشنبیرانی کورد بە هیچ شێوەیەك باسیان لێوە نەکردووە و بایەخ یانیشی پێ نەداوە دەبینین لە پەرتووکە مێژوویەکانی عێراق دا پێگەیەکی ئەو تۆیان نیە و لە پەرتووکی بیانیشدا هەروەها لەبەرئەوە پێویستە بەم هوزە نەگوترێت هۆزی گاوانی نەناسراو لە ڕاستیدا زۆر دیار و ناسراو بونە لە سەردەمی خۆیاندا بۆیە پێویستە بگوترێت هۆزی گاوانی

لە بیرکراو ، ئەم هۆزە دلێرەی کورد لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا دەورێکی زۆر گرینگیان هەبووە ئاکاری ئەوەندە بەرزو گرنگ بووە هەڵدەگرێت پێویستیە رۆڵی کاریگەریان لەم بوارە گرنگە مێژوو یدا نە لەلایەن مێژوونوسانی عێراق و نەلە لایەن مێژوونووسانی کوردەوە لە بیرنەکرێت. ئەگە پێگەی ئەم هۆزە نەبەزە جێگەی تایبەتی خۆی لە مێژوودا بۆ دیاری نەکرێت لە لایەن مێژوونوسانی هەردوو لاوە بەراستی دەبێتە بیٚ ئەمەکی و پیٚ نەزانینی رۆڵە گرنگە کانیان لە بیر بکرێت بۆ نموونە (ماموانی گاوان) کە لە پەرتووکە مێژوویە ئاینەکاندا نێوی هاتوە بە (أصحاب الجاوان)[٥] یەکێکە لە زانایانن و هاوەلانی پەیامبەرمان (محمد کوڕی عبداللە درودی خوای لێبێت)، ئەم زانا یە گومانی لە سەر نیە کە یەکێکە لە هۆزی گاوان لە ساڵی (٥) کۆچیدا لەو رێبوار و کاروانانە دەبیستێت کە پەیامبەرێك وەدەرکەوتوە بەو ناوە و ئاینی ئیسلامی پیرۆز بە کۆمەلانی خەڵك دەگەیەنێت و لەلایەن پەزدانەوە بە فریشتەدا فەرمانی بۆ دێت ئەم زانایە لە لایەن ئاینەکەی خۆیەوە ئاگادار کراوەتەوە کە ئاینی زەردەشتیە ئەم رووداوە رووەدات و ئاینێکی نویٚ دێت و ئاینەکەی خۆی داوا دەکات باوەڕ بەو ئاینە بهێنن و دەستبەرداری ئاینەکە و نەکەبن ئەم زانایە لەو کاتەدا و لەتەك ئەو کاروانانەدا کە هاتوچۆی (حجاز=سعودیە) دەکەن ملی رێگە دەگرێت و دەچێت بۆ شاری مەدینەی پیرۆز بۆ پشتراست کردنەوەی ئەم هەواڵە لە شاری



مەدینەی پیرۆز بە خزمەتی پەیامبەر دەگات کاتێك لە دەمی پەیامبەرەوە درودی خودای لێبێت راستیەکانی بۆ وەدەردەکەوێت بۆی ئاشکرا دەبێت ئەمە ئەو ئاینەیە کە زەردەشت لە گواتەکانیدا و لە ئاڤێستادا ئاماژەی بۆ کردووە هەر لەو کاتەدا و لە سەردەستی پەیامبەردا باوەر دەهێنێت و دەبێت بە یەکێك لە هاوەڵانی پەیامبەر دروودی خودای لە سەر بێت بۆ ماوەی (٥) ساڵ لە خزمەتی پەیامبەردا دەمینێتەوە تا ئایەتەکانی قوران و ژمارەیەك لە فەرموودەکان لە بەردەکات لە ساڵی (١٠) کۆچیدا پەیامبەر دەست دەکات بە ناردنی نامە بۆ دەوڵەتە زلهێزەکان و چەند دەوڵەتێکی دیکەدا وایان لیٚ دەکات ئاینی ئیسلام پەسەند بکەن هەر لەو کاتەدا (ماموانی گاوانی) داوای نامەیەك لە پەیامبەردەکات کە بینوسێت بۆ (نەوشیروانی دادوەر) کە ئەوکاتە سەرکردەی هەرێمی چیا دەبێت واتە کوردستانی ئێستا پەیامبەر درودی خودای لێبێت داواکەی (ماموان) نەداتە دواوە و نامەیەك بۆ (نەوشیروانی دادوەر)ی کورد دەنوسێت (ماموان) نامە هەڵدەگرێت و دەگەڕێتەوە زیدی باپیران و نامەکە دەبات بۆ (نەوشیروان)لە هەرێمی چیا (ماموان) نامەکە بۆ پاشا دەخوێنێتەوە و بە وردی ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ پاشا روون دەکاتەوە کاتێك پاشا لە راستی ئەم ئاینە نوێیە تیدەگات دەڵێت بە (ماموان) ئەم ئاینە ئەو ئاینەیە کە حەزرەتی زەردەشت ئاماژەی پیٚ کردوە لە گواتە کانیدا کە دەفەرموێت (پەیرەوی

ئاڤێستای پیرۆز) و گواتەکانی من بکەن تاخاوەنی وشترە سورەکە لە دەڤەری عەرەبیەوە دێت بۆلاتان ئەو ئاینە نوێیە ئەوکاتە پەسەندبکەن وەدەفەرموێت مڵکی ساسانیان بە تاڵان دەچێت بە دەستی هاوەڵانی (محمد(د.خ)) رێگە دەدات بە (ماموانی گاوانی) بە نهێنی ئاینی ئیسلام بڵاوبکاتەوە تا هاوەڵانی (محمد(د.خ)) دەگەنە لامان(ماموان)[٦] وەك یەکێك لە هاوەڵانی پەیامبەر ئەم ئایینە بە نهێنی لە نێو کۆمەڵانی خەڵك بڵاودەکاتەوە وە هەر ئەم هۆیە بوو کاتێك سوپای ئیسلام گەیشتە شارۆچکەی (جەلەولا = گولاڵە) ژمارەیەك لە سەرکردەکانی کورد کە ژمارەیان (١٢) کەس بوون لە کوردستانەوە لە هەرێمی چیاوە گەیشتنە لای سەرکردە •سەعدی کوڕی وەقاس) و باوەڕیان بە ئاینی ئیسلام هێناوە پەیمانیان دا بە بێ سوپای ئیسلام لە شارەزور و هەرێمی چیادا شۆرشی بەرپا بکەن دژی دەسەلاتی فارس هەروەك سەرچاوەکان ئاماژەی پێدەکەن ئەو شۆرشە بەرپاکراوە لە کوردستاندا بۆیە سەرکردە سەعد کوڕی وەقاس رووی سوپای لە کوردستان وەرگێرا بەرەو ناوچەی فارس هێرشیان دەست پێکرد ، ئەمە نمونەیەکی زۆر بچوکە کە تاکی کوردێك توانی ئەم خزمەتە بە ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێشکەش بکات توانی نازی خۆی بە سەر گەلەکەی خۆیدا بدات کە ئاینی ئیسلامی پیرۆزی بە دیاری هێنا بۆ یان بە کاروانێك کە ماوەی (٥) ساڵی رەبەقی خایان ئەم زانا و هاوەڵە گاوانیە کوردە تائێستا (١٧) [٧] فەرمووەدەی



لێگێڕدراوەتەوە (٥) یش لە بارەی مارە و تەڵاقەوە یە ئەم هۆزە بەناو بانگەی کورد گەلێ پیاوی سەرکردە و سوار چاك و فەرماندەی گەورەی یان تێدا هەڵکەوتوە خاوەن دەسەڵات و سوپای گەورەی زۆر بێشومار بونە ئەو شار و شارۆچکانەی ئەوان لە حللە و لەکوت و لە عمارە و ئەودەورو بەرەدا دروستیان کردوە هەتا ئێستاش شاهیدی بەرچاون.

لە ئەمیرو فەرماندە بەناوبانگەکانیان (ئەمیر ئەبو شوجاع کوڕی ئەبو نجمی)[٨] کوردە و گاوانی یە وە رامی کوڕی ئەحمەد لەساڵی (٣٩٧)ك یەکێك بووە لە ئەمیرە گەورەکانی گاوانی لە ساڵی (٤٢٠)ك دا بە ناوبانگترین ئەمیری کوردی گاوانی کە لە گەڵ برا عەرەبەکانیان دا بەرانگاری سەلجوقی بوونەوە (ئەبوو الفتح گاوانی و ئەبو الشوك کوڕی محمد کوڕی عەنازی) ی کوردی هۆزی شازنجان بوون جگە لەم ئەمیرە کوردە گاوانیانە ژمارەی نۆ میری دیکە ناویان لە لاپەڕەی مێژوودا هاتوە دەسەڵاتی ئەم هۆزە لە (داقوق=دێی کۆك) ی ئێستا تا دەگاتە خانەقین و مەندەلی و زرباتیە هەبووە جگە لەو ناوچانەی (حللە و کوت و عمارە) کە لە ژێر قەڵەم رەویاندا بوە.

١- هۆزی گاوانی کورد لە نووسینی عەرەبیدا پیتی (گ) نیە بۆیە بە (ج) نووسراوە مامۆستا هەژار.

٢- ناوچەی جوانرۆی هەورامان گاوان رۆیە و ئەم هۆزە لەو جێگەیە وە کۆچیان کردووە – مامۆستا هەژار .

٣- پوختەی مێژووی کورد و کوردستان - محمد أمين زەکی بەك .

٤- كتاب معجم البلدان (الحله) .

٥- کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا - حسن محمد حمەکریم.

٦- کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلامیدا - حسن محمد حمەکریم.

٧- هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٨- هۆزی لە بیرکراوی گاوانی - دکتۆر مستەفا جواد .








**((سەرچاوەکانی هۆزی گاوانی لە بیرکراوی))**


١- نامیلکەی دکتۆر مستەفا جواد (عشيره الگاوانيان المنسيه) بغداد ١٩٧٢ ز .

٢- پوختەی مێژووی کورد و کوردستان بەڕێز محمد امين زەکی بەگ.

٣- الطبقات الكبرى - لە نووسینی تاج الدين سبكی.

٤- كتاب مروج الذهب - المؤرخ - مێژوونووس مەسعوودی .

٥- مسالك الابصار فى ممالك الامصار - فضل الله العمرى .

٦- سەفەر نامەی إبن بەتوتە - چاپی قاهرە .

٧- كامل فى التأريخ نووسین إبن الاثير رووداوەکانی ساڵی (٣٩٧ ك) .

٨- گاوانیە بە ناوبانگەکان - بەڕێز مامۆستا هەژار موکریانی - چاپخانەی زانیاری - بەغدا ١٩٧٣ .

٩- کوردستان لە بەردەم فتوحاتی ئیسلام دا .

## ﴿ هۆزی زەنگنەی دێرین سەردەمی مادیی بچووك ﴾



بەشی یەکەم :-

بە گوێرەی پەرتووکی (کورد گال نامەك) نووسینی ئاخوەند محەمەد ساڵح زەنگنە سالی (١٠٧٠) ك بەزمان فارسی.

بەم شێوەیەی خوارەوە باس لە دروستبوونی هۆزی زەنگەنە و بڵاوبوونەوەیان لە خاکی کوردستان وڵاتانی دوور و دراوسێکاندا و دروستکردنی دەسەڵات و فەرمانڕەوایەکانیان دەکات.



(کوردی زەنگنە لە و بەشەی کوردن کە بە کوردی ڕۆژهەڵاتی دەناسرێن و ناوبانگیان دەرکردووە کوردی ڕۆژهەڵاتیش ئەو دەستەیەن کوردن کە لە ڕۆژهەڵاتەوە هاتنە وەڵاتی ماد. هەرلێرە شەوە بەرەو باشوور ڕۆژئاوا کۆچیان کرد و لە ناوچەی ئەم سەردەمەی ئێستا کە بە . کوردستان ، دەناسرێت نیشتەجێ بوون بە پێی مێژووی دێرینی دەستەی ڕۆژهەڵاتی کە بە ماد، دەناسرێن لە حەوت تیرە پێك هاتوونە ١- پاتاسنی ٢- بوز ٣- ئەستروشان ٤- ئاری زانت ٥- بودی ٦- ماژ ٧- دیلمان.

تیرەی 'بودی' لە گەڵ ڕەوتی سەردەم دوو تیرەی زەنگنە و برا خۆ یی دا دابەش بوو کە لە دوو کوڕی (بود) زەنگان و ((براخم)) ەوە سەرچاوەیان گرت و هەر بە بۆنەی ئەوانەوە نەوەکانیان بە زەنگەنە و براخۆیی ناو بانگیان دەرکرد ریشەی زەنگەنە بەم شێوەیە دەست پێدەکات. حەزرەتی (نوح = ناخ) سەڵاروی لێبێت.

یافسی – کومەر–تورك – خەزەر – کارداك – بوغاز – میتان – ئارینی – گیوەر – رودین – سور – دەخوو – بولگار – پشدەر – تیرحان – شود – غوران – مادی گەورە – چەرکەسی – داس – زەنگان – دراج – حەکار– (خۆشناو – زاران – ساسون – سەنجار – شوکات – شوهان =شوان) کۆرەك – وان – میران – شۆبار – پازوو – کاد – گاور – مەنگو – ئاگاز – جیك – مادی بچوك.

مادی بچوك – حەوت کوڕی هەبوو ناوەکانیان بەم جۆرە بوو.

پارتاسن – ئەسترشات – ئاری زانت – بوز – ماژ – بود – دیلمان
– (بود) دوو کوڕی هەبوو – زەنگان و براخمی .
ریشەی بنەچەی زەنگان کە لە دوایدا بە زەنگەنە ناسران بەم
شێوەیە – مادی بچوک – بود –زەنگان – تور – غدیر – شوبان –
کولك – رشوان – ئارین – باشمان – راسن – گیل – کوساد –
پازو – زینل – شوهان – زاخو – رشوان – رامینی – سەوید –
نەدران – سابول – حورموز – باجەل – خانی – دیرە – زرکان –
شوانك – کازان – فرکی – مەرزەك – باکیل – پاتاك – برسان–
فیرۆز –ئیسپیبود–کورئك–بورگان–میهران–نوجەها–سیامەك–
بیدار–فەرهاد– سیاوش–وەندان–نوزەر–شامیر– بیسوت–
مهران–بەدلیس–مەردان–رەوانشێر–ئیزبووك–بەهرام–شێربورز–
بوراك–مهران–رۆستەم–تیرداد–گودورز–رەسان–کوباد–
گرشاسپ– سەلەم– سەران– شاگان – پەیکەر – تیرداد– ئەورام –
سەوید – خەڵەف – بەکر – سەعید – عیسا – عوبێد – توراب –
ئابان – ئەحمەد – باشار– حەکەم – مهران – موعینی – جابر –
برسان – سیراج – حارس – سەنان – یول بیگ– ئەیبەك –
بەهمەن – مەلیك –شاە بێگ – بەهادور – سەنجەر – یەعقوب –
عومران – عوسمان – قەیسەر – خەڵەف – حەبیب – لەیس –
مستەفا – موبارەك – مووسا – مەحموود – داود – سلێمان –
ساڵح ئەمە بە گوێرەی بنەچەو رەچەلەکی نووسەری پەرتوکی
(کورد گال نامك . بۆ بنەچەو رەچەڵەکی (میرسمایل) ی زەنگەنە لە



(حارسی)ەوە دەست پێ دەکات بەم شێوەیە – حارس – فارسی –
(القاس = التاس) عەلی – نەوشیروان – میر سمایل – میر ئەحمەد
– میر محمد– میر علی– میر عبدالرحمن – میر القاس – میر
مستەفا – سلێمان خلیل محمود – محمد – ئەحمەد – فتاح – رەزا
– علی – عومەر – (کاوە – بەختیار – بنەچەی نووسەری ئەم
بابەتەیە.
کاتێ ((کەیقوباد)) ی کوردی ماد فەرمانڕەوای ماد و فارسی گرتە
دەست و بوو بە پاشا میرنشینی ((زابلستان)) ی دا بە کوردە
زەنگەنەکان میر سەوید ئەو سەردەمە سەرۆکی تیرەی زەنگەنە بوو
لە سەر فەرمانی کەیقوباد و بە سەرۆکایەتی میر سەوید زۆر بەی
زۆری بنەماڵەکانی زەنگەنە کۆچیان کرد لە ناوچەی ماد
(ئەتروپاتین=ئازربایجان) ی رۆژئاوا بە تایبەت ناوچەی
(موکران=موکریان) ەوە بەرە و باشوور بۆ بەڕێوە بردنی
فەرمانڕەوای ئەمارەتی زابلستان و (نیگا بانی) پاسەوانی سنووری
ئێرانی گەورەی لە ساڵەکانی (٨٥٣ – ٨٥٠) پ.ز .
بنەماڵەکانی هۆزی زەنگەنە و بە تایبەت میر سەویدی زەنگەنە تا
سەردەمی هاتنی ئەسکەندەر مەقدوونی بۆ داگیرکردنی ئێران لە
ساڵی (٣٢٣)پ.ز ، لە زابلستان فەرمانڕەوایان کرد دوای مردنی
میر سەویدی زەنگەنە کوڕەکەی نەدران و کوڕەکەی حورموز
کوڕەکەی باجەل کوڕەکەی خانی کوڕەکەی دیزە کوڕەکەی پاتاك
کوڕەکەی برسان یەك لە دوای یەك لە سەر تەختی ئەمارەتی

زابلستان فەرمانڕەوایان کردووە بە ناوی هۆزەکەی خۆیانەوە و سەر بە دەسەڵاتداری (ماد) بوونە.

درێژەی مێژووی سەردەمی ئەم سەرۆکە کوردە زەنگەنانە درێژەی هەبووە تا سەردەمی هێرش و شاڵاوی میر تەیمور گورگانی لە ساڵی (٧٨٥)ی کۆچی لە ناو چوونە . لە بەرئەوەی لەم بارەیەوە سەرچاوەی دیکەمان لە بەردەستدا نیە کە بتوانین لە بارەیانەوە درێژەی بارودۆخیان باسی بکەین. هەر ئەوەندە دەزانین کە لە سەردەمی داگیر کردنی ئێرانی گەورە لە لایەن ئەسکەندەری مەقدونیەوە کاتێ ئەسکەندەر بە شوێنی (دارا)دا دەگەڕا و رووی کردە ناوچەکانی ئێرانی گەورە بەرەو رۆژئاوا لەو سەردەمەدا میر برسانی زەنگەنە میری ولایەتی زابلستان بوو.

جگە لە گوێی رایەڵبوونی دەسەڵاتی ئەسکەندەر هیچ چارەیەکی دیکەی بۆ نەمابوو ئەسکەندەریش بە خەڵاتی گرانبایی نەوازشی لە گەڵ کرد و لە سەر فەرمانڕەوایی زابلستان هێشتیەوە بە هاوکاریکەری خۆی هەژمارد مێژوونووسە یۆنانیە کان ناوچەی زابلستانیان بە (زەنگینا) کە لە زەنگینی و دەوڵەمەندەوە هاتووە وەرگرتووە و ناساندویانە . یان ناوچەی ژێر دەسەڵاتی هۆزی زەنگەنە بە واتای ناوچەی زەنگەنە یان ناوچەی پڕ لە سامانی تیرەی زەنگەنە.

لکاندنی زۆر بەی ناوچە میرنشینە کوردەکان بە میرنشینی زابلستانی زەنگەنەوە لە رۆژهەڵات و باشوورەوە سنووری



زابلستان بە توران و موکرانەوە لکابوو فەرمانڕەوای زابلستان (میربرسان زەنگەنە) کاتێ بارودۆخی نەگونجاوی کوردەکانی توران و موکرانی بەدی کرد دڵی زۆر سوتا و لە ناوچوونی ئەوانی بە بێهێزیی نەژادی کوردزانی هەروەها لەوەش ئاگادار بوو کە بە لە ناوچوونی تەواوی کوردەکانی توران و مەکران ورەی دوژمنە جدگا لە کان بەرز دەکاتەوە وهانیان دەدات هێرش بکەنە سەر زابلستانیش لە بەرئەم هۆیانە میربرسانی زەنگەنە خۆی بۆ هاولانی و یارمەتی کوردانی توران و مەکران ئامادەکردووە بە سوپایەکی زۆرەوە چوو بۆ بەر بەرەکانی جدگاڵەکان شان بە شانی کوردانی توران و مەکران جدگالە داگیرکارە هێرش بەرەکان ولایەتی مەکران و ناوچەی باشوور و ناوەندیی ولایەتی تورانیان داگیر کرد بوو لە ناوچەی (سوهەر ئاباد) کۆ بوونەوە قەڵای (تفان) یان کرد بوە مەڵبەندی جەنگیان و کۆبونەوەی ئەو هۆزانەیان لە تەکیاندابوو.

هەر لە بگرە و بەردە و دانانی پیلاندا بوون کە چۆن هێرش بۆسەر هەرێمی کیکان پایتەختی توران دەست پێ بکەن – کوردان ئەم هەواڵەیان پێ گەیشت زۆر بە چالاکانە دەستی هێرشیان بردە سەر مۆڵگەی دوژمن لە سوهرئابادان رووبەڕوی سەربازگەی دوژمن لەشکری خۆیان بۆ جەنگ ریزبەندی کرد لە کازیوەی بەرەبەیاندا تێکڕا هێرشیان کردە سەر دوژمن و جەنگ بەر پابوو میری زابلستان میر برسانی زەنگەنە لە تەك لە شکری خۆیدا کە پێك

هاتبوون لە تیرەی زەنگەنە و سەباحی و سنجاوی و سفادی لە دەستی راستی قۆڵی دوژمنەوە بە سەرکردایەتی میر برسانی زەنگەنە هێرشیان دەست پێ کرد میری توران میرکیکان سەرکردایەتی تیرەکانی کوردانی براخۆی دەکرد هێرشیان بردە سەر قۆڵی ناوەندی دوژمن میری مەکران میر (قوباد = کوباد) شان بە شانی تیرەکانی ئەدرەکانی و مامڵی و کرمانی شالاویان بردە سەر قۆڵی چەپی دوژمن.

ئەم جەنگە سەختە دەست بەیەخەیە سێ رۆژی خایان و جدگاڵەکان شکان و پاشەکشەیان کرد و توانای بەرگریان نەماو داوای ئاشتیان لە کوردان کرد. لە بەرئەوەی جدگالەکان زۆر درندە و خوێنرێژ و شەڕ خواز بوون بۆ ئەوەی لە شەڕ یان دوور بن میرانی کوردان میر برسانی زەنگەنە و میرکیکانی براخۆی و میر قوبادی (مەکران = موکریان) بڕیاری شەڕ وەستانیاندا و لە تەکیاندا رێکەوتنی کە دووڵی ( سوهەرئابادان) ببێت بە سنوری نێوان کوردانو جدگاڵەکان ئەم جەنگە و ئەم پەیمانە لە ساڵی (٢٩٠)پ.ز رویداوە.

دوای هاتنی سوپای یونانیەکان بە سەرکردایەتی ئەسکەندەر و هێرش هێنانی جدگاڵەکان شیرازەی بولکی (هۆزایەتی) کوردان لە ناوچەی توران و مەکران تێك چو بوو لە بناغە دەرچوو بو . سەرداران و سەرانی کورد کە بە ئەزموون ودنیا دیتە بوون لە جەنگەکانی یونانیەکان و هۆزە جدگاڵەکان دا گیانیان لە دەست دا



بوو میراسن مشکانی لە جەنگی یۆنانیەکاندا شەهید کرا و میر جالینی سارۆنی و میر ناچاك کریشکانی میر بۆڵان مامڵی میر توران کرمانی لە شەڕی ئەسکەندەری یۆنانیدا شەهید کرا بوون.

هەروەها میر شادین غوزداری میر نورکان ئەرمێلی میر بەرزۆ بۆلانی لە شەڕی سوهەر ئابادان جدگاڵەکاندا شەهید بوون لە نێو کوردانیدا تەنیا میرکیکانی کیکانی و میر رۆشی گۆرانی لەم جەنگانەدا بە ساغی مابوو نەوە لە بەر تێکچوونی شێوەی رێکخستنی کوردان تێکچوو بوو جگە لە ئەمارەتی زەنگەنە لە زابلستان بە سەرۆکایەتی میر برسانی زەنگەنە بە هێز بوو وەك خۆی مابوە وە لە بەر ئەوە هیچ چارەیەکیان نەما میرانی کوردان بڕیاربان دا ناوچەی کیکاناو توران بە ئەمارەتی زەنگەنەی زابلستانەوە ببەستن و ببن بە یەك دەسەڵاتی گەورەی بە هێز لە ژێر سەرکردایەتی میر برسانی زەنگەنەدا — هەر بەم شێوەیە گەلی کوردانی کوردستان توانیان جارێکی دیکە هێز و دەوڵەتێکی بە ئەزموون و رێکخستنی پتەو ترو لە شکرێکی جوانتر و رێکتر پێکەوە بنێن و پارێزگاری چاکتر لە نەتەوە و خاك و نیشتمانەکەی خۆیان بکەن. منیش دەڵێم خۆزگە ئەم جارەیش خۆزگە بەرپرسانی ئێستا مانیش وانە و دەرسێکیان لە مێژووی گەلە کەمان وەرگردایە چۆن لە پێناوی پارێزگاری ولاتدا میرانی کوردانی ئەوسەردەمە دەستیان لە نێو دەستی یەکتر نا ئەمانیش وەها یان بکردایە لە پێنناوی کورد و کوردستاندا.

## ﴿ هۆزی زەنگنەی دێرین ﴾






**بەشی دووەم :ـ**

لە کاتی خوێندنەوەی پەرتووکە مێژووییەکاندا بۆم دەرکەوت ئەم هۆزە لە دێر زەمانەوە هەبوونی هەیە و هـۆزێکی دیرینی گـەورەی کـوردە ولەســەردەمی زۆر زووەوە هێزێکـی یــەکگرتوو خــاوەنی دەسەڵاتی ڕامیاری و کارگێری خۆی بوە بەیەکێك لەهۆ زە دێرینـە گەورەکانی گەلی کورد لەپێنوسی دراوە ناوی ئەم هۆزە لەپەرتوکە دیـرین و نوییـەکانی مێژویـدا زۆر بەڕاشـکاوانە ئامـاژەی پێکـراوە لەلایــەن مێــژوو نوســەکانی خۆمــان و ڕۆژهــەڵات[1] ناســەکان و توێــژەرەکان و گەریدەکانــەوە زۆر بەچــاکی باســی لێــوەکراوە



لەمێــژووی دێــرین ونویــدا جــێگیر و دابــین کــراوە کــە ئــەم هــۆزە لـەهۆزەکانی (مـوکری) لەناوچـەی (موکریـان) جیابوەتـەوە شـایەنی باسـە هۆزەکـانی مـوکری پێکهـاتوون لەچـەند هـۆزێکی گـەورە کـە ژمارەیـان لەسـەرووی (٢٠) هـۆزی دێـرین کـوردە و ڕەگـو ڕیـشەیان دەگەڕێتــەوە بــو هــۆزە دێرینــەکانی (میــدی) یــەکان بێگومــان مێژوونوسـان و توێـژەرەوان دابینیـان کـردووە کـە ئـەوان بـاپیرە گـەورەی گـەلی کـوردن هـەر ئـەم هـۆزە (میـدی) یەکوردانـە بـوون کـەتوانیان دەسـەڵاتی گـەورەی (میـدیا) لەسـاڵەکانی (٦٠٠) پ-ز دروسـتبکەن بـەناوی دەوڵـەتی (ئیمپراتۆریـەتی میـدیا) وە هەرئـەم دەسەڵاتە توانی سەرکەوتن بەدەست بینیـت سـەرکەوتبێت بەسـەر دەوڵـەتـە زلهێزەکـەی (ئاشـوور) دا لەشـاری (نەینـەڤا) ی ئێـستادا ئـەوەش لـە سـاڵی (٦٠٠)پ-ز بەسـەرکردایەتی پادشـای میدیـەکان ٠کەیخەسرەو =کیاکسار = ئۆکیشتر)بوو هـەر بـەم شێوەیە توانیـان خۆیان و ژمارەیەکی زۆر لەنەتەوەکان و هۆزە جیاکانی ناوچەکە لە بەندایەتی و کۆیلەیی و دەست بەسەری و ژێر دەستی ئاشوریەکان ڕزگاربکەن .

خوێنـەری ئـەم بابەتـە دەتوانیـت سـەیری پـەرتوکی ئیمپراتوریـەتی میـدیا بکـات لەنووسـینی مێـژوو نـوس و ڕۆژهـەڵات نـاس (ئیگـۆر میخائیـل ویـچ دیگـۆنـۆف) .نـاوی هـۆزی زەنگەنـە لەفـەرمانی شـاە عەباسـی سـەفەوی دووەمـدا هـاتووە کـە مێـژوو نوسـی گـەورەی ئێرانـی (کـەلیموڵای تـەوە حـودی) لەپەرتوکـە بەناوبانگـە کەیـدا

(کۆچی گەورەی کورد بۆ خۆراسان)[٣] بەزمانی فارسی و لەلایەن بەڕێز مامۆستا (عەدنانی بەرزنجی) یەوە کراوە بەکوردی و بەتایبەت لەلاپەڕەی (٣٩٤) دا بەم شێوەیە فەرمانەکە نووسراوە .

(دوابەدوای چاپی نووسراوەکانی بەرگی دووەم (لەسەر برایانی کوردی زەنگەنەی خۆراسان و بەڵگەی دەستکردی شاە عەباسی سەفەوی لەسەر گوتەی ئیمام زینە العابدین کە گوایە کوڕانی (سەلمان زەنگەنە) بەخاك سپێرانی لاشەی شەهیدانی کەربەلا ناوبراون بۆیە لەسەرەتای سەرهەڵدانی دەسەڵاتی سەفەویەوە سەرجەم هۆزی زەنگەنە لەدانی خەراج و بێکاری کە کار گەلێکی ئاسایی بوو بوون مەعاف کران)کەواتە هۆزی زەنگەنە لەسەر دەمی شەهیدانی کەربەلا بەشداریان کردبێت کە دەکاتە ساڵی (٦١) کۆچی واتە پێش ١٣٧٥ساڵ هۆزی زەنگەنە بوونیان لەناوچەکە داهەبووە . بەدوور نازانرێت ئەگەر بگوترێت ئەم هۆزە دێرینە گەورەیەی گەلەکەمان (١٥٠٠-٢٠٠٠)ساڵ پێش ئێستا دا دروست بوو بێت بێگومان ئەم مێژووە زۆر کۆنە زەنگەنەیش هۆزێکی لەو مێژووە زۆر دێرینترە کەنووسەر ئاماژەی پێکردووە ئەم هۆزە لەدێر زەمانەوە لەناوچەکانی کرماشان و گەیلان و فیروز ئاباد و ماهی دەشت و لەکەرکووك و خانەقین و کفری و نەینەوا دا نیشتەجی بوونە .[٤] نێوی ئەم هۆزە دێرینەی کورد لەپەرتوکە بەناو بانگە کەی گەریدە (ڕۆسۆدا) دا هاتووە کاتێك هۆزە کوردەکانی ژماردووە لەساڵەکانی (١٨٠٠-١٨١٨ن) بەئازایەتی و



سوارچاکی و پاڵەوانی ئەوان و سەرکردەکانیدا هەڵیداوەو تائێستایش پێوە ژمارەیەکی زۆر لەپیاوانی گەورەو ناودار و بەرپرس و سەرکردە و فەرمانـدە لەژمارە یەکی زۆری بەشە پارچەکراوەکانی کوردستانی گەورەدا بوونیان هەیە و لەنیو دەسەڵاتی عێراق و ئێران و تورکیاو روسیا وئەفغانستان و پاکستان و بلوجستان دا هەن . ئەم هۆزە لەکاتی سەردەمەکانی پێشوودا ژمارەیەك دەوڵەت و میرنیشینیان هەبووە . لەشێوەی سەربەخۆی تەواو نیمچە [٥] سەربەخۆیدا فەرمانڕەوایان کردوە زۆربەی ئەم میرنیشینانە توانیویانە فەرمانڕەوایان فراوان بکەن بۆ نموونە لەکوردستانی رۆژهەڵات لەناوچەی کرماشان (نەوشیروان) توانی دەسەڵاتەکەی فراوان بکات لەکرماشانەوە تاگەیشتە زەهاو – خانەقین – مەندەلی – و زرباتیە. شوینەوارەکانیان تائیستا لەکرماشان و ماهی دەشت و خانەقین شاهیدی بەرچاون بەتایبەتی کۆشك و سەرای عەلی خان بەگی زەنگە لەخانەقین – کەلە تۆمارگەی ئاسەوارەکانی عێراقیش هەربەو ناوە نووسراوە بۆزیاتر روونکردنەوە خوێنەر دەتوانێت سەیری کتێبی (رحلە المونشی و البغدادی)[٦] بکات جگە لەم ئاسەوارانە لەبەشی کوردستانی باشوور ئاسەواری ئەم هۆزە دێرینە زۆرن . بەتایبەتی لەناوچەی شارە دیی (قادرکەرەم) ژمارە (٤٠-٥٠) ئاسەواری شارۆچکە و شارەدی و شار هەبووە و لە ژێر فەرمانـدە و کارگێری میرنشینی زەنگەنە دا بووە بە سەرکردایەتی و فەرمانـدەی (میر سمایل

زەنگەنە) و لە دوایدا (میر ئەحمەد خان)[٧] ی کوری میر سمایل زۆربەی سەردەمەکانی خۆیان بە سەربەخۆی و نیمچە سەربەخۆی بردوتە سەر خاوەنی ئالاو لۆگۆی تایبەتی خۆیان بوونە هەر خۆیان توانیویانە چەکی پێویستی بەرگری بۆ خۆیان دروستبکەن و کار خانەکەی لە پایتەختی (خۆر نەوەزان) دا بووە تفەنگی (ئەژدەگان) و دەمانچەی (بۆز و باز) یان دروستکردووە.

هەروەك شاعیری دێرینی ئەم هۆزە دەڵێت (فەلەك بنچینەی بنیادی بەردەن..... دیەنم حوکمات چل سنجاق کەردن)...

یان دەڵێت: (شیرخەی شەهێنان شیرقەی بۆ زوباز ... قەترەی قەتران تازەی ...

ئەم میرنشینە لە سەردەمی دەسەڵاتی میرسمایل و میر ئەحمەدی کوڕیدا دەسەڵاتیان گەیشتوەتە رووباری (دەیاڵە =دیالە) واتە سیروای ئێستا شاوچگەی (دەربەندیخان) لە رۆژهەڵاتەوە.

لە خۆرئاواوە شاری کەرکوك و تازە خوورماتوو شارۆچکەی خورماتوو دەشتی بەیات و چیای حەمرین=ئینجانە لە باکورەوە ناوچەی شارە زوور روباری زەڵمو تانجەڕۆ و ناوچەی بازیان و شێخ بزێنی تا دەگاتە سەر رووباری زێی بچوك لای باشوورەوە تادەگاتە بەرزایەکانی چیای حەمرین و تادەگاتە وە سەر رووباری (دەیاڵە=دیالە) خوێنەر دەتوانێت سەیری نەخشەی خوارەوە بکات بۆ زیاتر رون کردنەوەی ناوچەی جوگرافیای ژێر دەستی دەسەڵاتی میرنشینی زەنگەنە لە سەردەمی (میرسمایل و میر



ئەحمەدی کوڕیدا) لەو سەردەمەدا ئەم میرنشینە توانیویەتی دەسەڵاتی رامیاری و کارگێری و سەربازی خۆی بە سەر ئەم ناوچانەدا بسەپێنێت لە دوای مردنی میرسمایل دەسەڵات وەرگرتن بوو بە بۆماوە (الوراثة) کوڕ لەدوای باوکی دەکرا بە میر هەروەك میر (نەوشیروان) پۆستی ئەمارەتی زەنگەنەی لە کرماشان لە ماهی دەشت لە (بابا=باپیرەی) وەرگرت کە میر (القاس) ی گەورە بو.

لە بەر ئەوەی (عەلی خان) باوکی (نەوشیروان) وەزیری دارای شاه عەباس سەفەوی دووەم بو بۆ زانیاری زیاتر خوێنەر سەیری پەرتووکەکانی رۆژهەڵات ناسەکان (ئەدمۆندر و نبرستمون) بکەن لە بارەی ئەم هۆزە و هۆزی کوردەکانەوە زانیاری زۆریان نووسیوە . ئەم هۆزە کوردە دێرینە ئێستا بە ژمارە و بەخێزان ئێستا یان لە سەردەمی دەسەلاتەکەیان زۆر ترن. کە ئێستا زیاتر بلاّوبوونەتەوە بە نێو هەموو کوردستانی گەورە و دراوسیّ کانیاندا ئێستایش پێوە زۆر بەی زۆریان هەر لە نیشتمانی دایك زادەی خۆیاندا دەژین سەرەرای ئەو ئەشکەنجە و ئازار و زۆرداری نەیارەکانیان کە ئێستا یش لە ناوچەی (ماهی دەشت) لە کوردستانی رۆژهەلات و لە ناوچەی (قدرکەرەم) دەژین، پێویستە لێرە دا ئاماژە بەوە بکەین کە لە پێش هاتنی نەوشیروان و ئەو خێزانانەی لە تەکیدا کۆچیان کرد بوو لە ماهی دەشتەوە و لە ناوچەی (قادرکەرەم) و دەورو بەریدا نیشتەجیّ بوون هۆزی زەنگەنە بونیان لەم ناوچەیەدا هەبو

سەرکردەیان (حاجی عەلی خان بەگ) ی زەنگەنە بوو ئەمیش کە بەڕەگ و ڕەچەڵەك لە تەك ئەواندا یەك تیرەیەك بوون گەواهیمان بۆ ئەم ڕاستیە نووسینە کەی (تەدموندزە) کە ڕۆژهەڵات ناسیکی ئینگلیزە ئاماژەی بۆ ئەم هاوکاریانە کردوە کە بە پیاوودارای یارمەتی هۆزی زەنگەنەی کردووە لە کوردستانی ڕۆژهەڵات.





سەرچاوەکان:-

١- پەرتووکی ڕۆژهەڵات ناسی (ئەدمۆندن).
٢- پەرتووکی ڕۆژهەڵات ناسی (نبرستمون).
٣- پەرتووکی مێژووی کورد و کوردستان - محمد امین زەکی بەك.
٤- پەرتووکی مێژووی گەریدە ڕۆسو - هۆزە کوردەکان.
٥- مێژووی (میدا) - بورهان قانع.
٦- رحله المونشئ البغداد- عباس العزاوی.
٧- کۆچی مێژووی کورد بۆ خۆراسان - کەلیوالله ی توحودی.
٨- شەرەف نامەی شەرەف خانی بەتلیسی.

## ﴿هۆزی دێرینی موکری﴾



بەرێز (شەرەف خانی بەتلیس)[1] لە پەرتووکی بە ناوبانگە مێژوو یەکەیدا ئاماژە بۆ هۆزی مووکری دەکات و دەفەرموویێت (بەرگی/١ لابەڕە ٢٩٦-٢٨٨) بنەچەکی حاکمانی مووکری (حکام موکری) ناوچەی باشووری دەریاچەی (ورمێ) دەگرێتەوە بۆ هۆزی مووکری کە لە شارەزوور دامەزراو هەندێك دەڵێن ئەم هۆزە میراتی (بابان)ە.



هەروەك سەرچاوە مێژوویە دێرینەکان دەگێڕنەوە لە سەردەمی هێرشە کانی ((هۆلاکۆ)) دا چەند بنەماڵەیەکی کوردی ((دیاربکر)) ی کوردستانی باکوور رویان لە بەشی کوردستانی باشوور کردووە و لە چیاسەرکەشەکاندا ماونەتەوە تورکان بە هۆزی (قایەچی) واتە شاخاوی لە مێژووەکانیاندا تۆماریان کردوون ئەم وشەیە سەرئەنجام بۆ مستەفا کەماڵی خوێنرێژیش ماوەیەکە نێوی کوردانی کوردستانی تورکیای بە (تورکی شاخاوی) دەستنیشان کرد ئەم هۆزە لە چیا کانی (هەندێن و زۆزەك) ەوە روو بە (هەولێر=ئەربیلو) دادەبەزن شان بە شانی برا(فەلە=مەسیحیە) کانیان لە قەڵای هەولێر دەسەڵاتێکی هاوبەشیان دروستکرد بۆ ماوەیەك دەسەڵاتیان لە ناوچەکەدا رەوابوو سەربازە فەلەکان ناودارێکی ئاینی ئیسلام دەکوژن لە ساڵی (١٢٩٧)ز دا – سکاڵا دەبرێتە بەرمەغۆ لە کان ئەوانیش فیرقەی نویَ (نەورۆز) ی ئیسلام لە تەك ژمارەیەك کورد و عەرەبدا دەنێرنە سەر قەڵا و بۆتۆڵەی پیاوە ئایینەیکە گەمارۆیەکی زۆر توندی قەڵاکە دەدەن لە بەر نەبەردی و ئازایەتی سەربازانی نێو قەڵا گەمارۆ دەشکێت و مەغۆلەکان دەگەڕێنەوە لە ساڵی (١٣١٠)ز دووبارە مەغۆلەکان قەڵاکە گەمارۆ دەدەن دانیشتوانەکەی زۆر ماندوو دەکەن لەو کاتەدا (موکری=شاخاوی) ە کان لە تەك ئەمیر زین الدین بالۆی سەرۆکیاندا ناکۆك دەبن (ئلیخان)ی مەغۆلی بەڵێنیان دەداتێ لە قەڵا بێنە خوارەوە کەس زیانی بۆیان نا بێت ژمارەیەك لە سەربازە

فەلەکان و چەکدارە شاخاویەکان خۆیان بەدەستەوە دەدەن مەغۆلەکان هەر لەو جێگەیەدا قەتلوعام یان دەکەن.



خاڵێك لێرەدا کە بۆ مەبەستەکەی ئێمە گرنگە ئەوەیە(موکری = بەکری– شاخاویە) (قایەچی) یەکان. لە هەولێر خاوەنی دەسەڵاتێکی زۆر بوونە و رووداوی ساڵی (١٣١٠) ز کارێکی زۆری نەکردەسەر هۆزەکەیان تالە بەر یەك هەڵبوەشێتەوە لە ساڵی (١٤٠٣) تەیمور خان سودێکی زۆری لە شارەزایانی ئەم هۆزە وەرگرت کاتێك هێرشی کردە سەر گورجستان. سەرچاوەکان روونی دەکەنەوە ئەم هۆزە دێرینەی گەلی کورد بۆ ماوەیەکی زۆر دەسەڵاتدار بوونە لە ناوچەی شارەزوور [٣] ئێستا و ناوچەی مووکریاندا شەرەف خانی بەتلیس بەم شێوەیە ئاماژە بۆ ئەم هۆزە دەکات و دەڵێت (سیف الدین) کەب یەکەم ئەمیری ئەم هۆزە دەژمێردرێت.



ژمارەیەکی زۆری لە هۆزی بابان و هۆزەکوردەکانی دیکەی کوردستانی خوارووی رۆژهەڵاتی لە خۆ کۆکردۆتەوە لە سەردەمی تورکمانەکاندا لە ((نیوەی دووەهەمی سەدەی پازدەهەم)).

ناوچەی (دەریای) گرت و لەوێوە دەسەلاتی بەرەو ناوچەکانی (دۆڵ باریك) و (ئەختاچی) و (ئێڵ تەمور) و (سۆڵدۆز) پەرەپێدا کۆچی (ئەمیر سیف الدین) بۆ ئەم ناوچانەی سەرەوە بۆ مەبەستی (کۆنترۆڵ) کردن بۆ پێکەوەلکاندنی دانیشتوانی ناوچەکە لە ژێر یەك قەڵەم رەوی کوردانەدا بوو هەروەك زۆر بەی سەر چاوەکان ئاماژەیان پێدەکەن تیرەی بابانی لە هۆزی مووکری جیابوونەتەوە و هۆزێکی تایبەتیان بە خۆیان پێك هێنا و هەروەك هۆزی زەنگەنەیش لە رەچەڵەکدا دەگەڕێتەوە سەر هۆزە موکریەکان و ئێستایش هۆزی تاڵەبانی لە هۆزی زەنگەنە جیابوونەتەوە و لە سەرەتا دا بنەماڵەی شێخ مەحموودی زەنگەنە بوون باپیرەگەورەکەی تاڵەبانیەکانە.

ئەم جۆرە گۆڕانکاریەی نێو رێکخراوی هۆزە کوردیەکان لە مێژوودا زۆر روویداوە پەرتووکی (مسالك الابصار) ی میسری کە پێش ساڵی (١٣٥٠) ز نووسراوە لە نووسینی لیستی هۆزەکاندا ئاماژەی بۆ نێوی هۆزی مووکری دێرین کردوە بۆ نێوی هۆزی مووکری گەلێك بۆ چونی جیاواز هەیە کە نوسەران ئاماژەیان پێکردووە.

١- نێوی ئەم هۆزە لە بەکرەوە هاتووە گوایە لە شاری (دیار بەکر = بەکری) تورکیاوە هاتونە بەرەو باشوور و شەی بەکری بووە بە مووکری.

٢- بۆ چوونی هەندێك لەم هۆزە دەڵێن باپیرە گەورەی پێش چوار پشتی ئەم هۆزە ناوی (بەیرەم ئاغا) بووە لە شاری ٠دیار بکر) ەوە هاتووە.

٣- ئۆسکارمان (دیبوکری)[٤] وەك دانیشتوانی سەرەکی ناوچەی سابلاخ ناو دەبات کە لە لایەن موکریەکانەوە ژێر دەست کراون بە ڕەواڵەت دەبێت دیبوکری لە گوندی (دیبوکر)ەوە هاتبێت کە تەنیا (١١) کیلۆ مەتر لە باشووری سابلاخ هەڵکەوتوە بە واتای (دێ بوکری) هەر لە شێوەی (دێ گورجی) لە شاری سەردەشت.

٤- زۆربەی بۆ چوونی نووسەران هە رمەبەستی یەکەم دەگەیەنێت و ئێمەش هەردان بەم مەبەستدا دەنێن لە بەرئەوەی ئەم تیرە لە دیار بەکرەوە کۆچیان کردووە بۆ چیا سەختەکانی باشوور پاشان لە هەولێر دەست بە کاربوونەو لە دوای ئەوێ لە شارەزوور پاشان ناوچەی موکریانیش بە سەرکردایەتی ئەمیر سیف الدین سەرکردەیان خستویەتیە سەر دەسەڵاتەکەی هەر وەك ئامازەمان پێکرد.

رشید الدین باسمی لە پەرتووکە مێژوویەکەیدا ئامازە بۆ ئەم هۆزەدەکات و دەڵێت ئەوان (نەمەغۆل بون نە ئویێغوز) بەڵام لە چیاکانی (ئۆیێغرستان) دا دەژیان ناوی تازەی (قەیەچی) واتە



(شاخەوان) یان پێدرا. لە ناوچەی موکریان دا چەند هۆز و تیرەیەکی جۆراوجۆری زۆر دەژین - لەوانە. هۆزی (بلباس)ە. ئەم هۆزە گرنگەی کورد لە بەشی رۆژئاوای ناوچەکەدا دەژین بەوتەی شەرەف خانی بەتلیس بەرگی /١ لاپەڕەی (٣٥٨) کۆنرادراسیۆنی (رۆژەکی) لە بەتلیس لە دوو لق پێکهاتووبوون (بلباس) و (قەوالیس) کە سەر بەناوچەی هەکارین لە سەرزێی بچووك لە رۆژگاری ئێستای ئێمەدا هۆزی دێرینی (بلباس) لە لا شانی زنجیرە چیای (قەندیل) دەژین زستان دەچنە نێو چیا و دەشتایەکانی (مێزوو بۆتامیا). بە هاوینی دەگەرێنەوە نێو دەڤەرەکانی چیاکانی قەندیل . هەر لەم دەڤەرەدا هۆزێکی زۆر دێرین و گرنگ ژیان دەبەنە سەر ئەویش هۆزی دێرینی (مەنگۆڕ)ە ئەم هۆزانەیش لە شێوەی هۆزی مووکری لە دروستبونیادا هاو مێژوون. هەروەك رشید الدین لە پەرتووکە کەیدا لە لاپەڕە ژمارەی (٢٥٣) پەرتووکەکەیدا ناوی مەنگور بە (مەنگقوت) دەنوسێت ناوی ئەو ئەمیرانەیان دەبات کە لە خاکی نیشتمانەکەیاندا خزمەتیان کردووە لە گوندێکی ناوچەی (سەراو = سەراب) ناوی ئەمیرێکیان بە (مەنگقوتە)ی باوکی (قوتلوغ شا) بەناوبانگ بووە من ناتوانم لێرەدا زانیاری تەواوی لە سەر ناوچەی (مووکریان) و حاکمەکانی و ئەو هۆزەدێرینانەی پێش (١٠٠٠) ساڵ تێدا ژیاون شی بکەمەوە و ئامازە بۆ یەکە بە یەکە یان بکەم ئەمە توانایەکی زۆری دەوێت تەنیا مەبەستی من لەم توێژینەوەم ئەوەیە بەپێ زانیاری خۆم

ژمارەیەك لەو هۆزانە و سەركردەیەكی گەورەی لێهاتو یان وەك نمونەیەك بەرچاوی خوێندەواران بخەن.

بۆیە یەكێك لە سەركردەكانی هۆزی موكری دەستنیشان دەكەم وەدەر خستنی دلێری و ئازایەتی و سوار چاكی ئەو سەركردەیە لە نیشتیمانی مووكریان رۆڵێكی دڵسۆزی و قارەمانی و پیاوەتی وەدەربخەم ئەمەیش بە شێوەیەكی پوخت و كورت ئەو قارەمانەی من لێرە دەمەوێت ئاماژەی پێ بكەم و پەنجەی سەركردە یو خەبات و تێكۆشانی بۆ درێژ بكەم ئەویش خودا لێخۆشبوو شەهید قازی محمدی مەهابادی موكریانیە،[7] ئەم بنەماڵەیە واتە بنەماڵەی (قازی) كە لە سەردەمێكی زووەوە بەم نێوە بەناوبانگن پیاوی ناوداری گەورە و زانا و مامۆستای بەناوبانگیان زۆر تێدا هەڵ كەوتووە بە درێژایی تەمەنی ئەم بنەماڵەیە هەمیشە لە خەبات و قوربانیداندا بوونە لە پێناوی خاكی كوردستانی خۆشەویست بۆ نمونە قازی فەتاح كە دەكاتە برا بچوكی باپیرەی قازی محمد لە سەردەمی خۆیدا رۆڵێكی گەورەی دەبینی لە بواری وەدەست هێنانی مافەكانی گەلی كوردا لەساڵەكانی سەرەتای شەڕی جیهانی یەكەمدا زۆر بەی دەوڵەتە زلهێزەكانی ئەو سەردەمە پێیان خستبوە نێو خاكی ئێرانەوە و یان چاویان بڕیبوە خاكەكەی لەوانە دەوڵەتی ئەڵمانیا و ئینگلیز و رووسو عوسمانیەكانیش سەرجەم ئەم هێزانە هەریەكی بە بۆچوونی خۆی خستبوە گڕ بۆ راكێشانی نەتەوەكانی ئێران بۆ لای خۆی بەتایبەت نەتەوەی كورد



لە بەرئەوەی گەلی كوردی كوردستانی رۆژهەڵات بەدەستی نەیارەكانیان بە تایبەتی فارسە رەگەز پەرستەكان ئازار و ئەشكەنجەی زۆریان چەشتبوو گوێیان بە هاشە و پیلانی بییانیان نە دەگرد سەرجەم گەلی كورد ئەوەی دەستی چەكی دەگرت دەستیان دایە چەك بەرانبەر بیانیەكان و كاربەدەستە فارسەكان لەوانە دانیشتوانی ناوچەی (مووكریان) و بەتایبەتی شاری مەهابادبوون بە سەرۆكایەتی قازی فەتاح (١٨٣٢ ك – ١٩١٦ ن) .

ئەم سەركردەیە هاوڕێ لە تەك نیشتمان پەروەرانی مەهاباد و دەورووبەرەكەیدا بەر بەرەكانیەكی توندی پاشایەتی ئێران و رووسەكانیان كرد توانیان دەستی داگیر كەران لە ناوچەكەیان وەدەرنێن بە دەسەڵاتی پاشایەتی ئێرانیشەوە و مەهابادیان ئازاد كرد . لە ساڵی (١٩٢٩) رەزا شای ئێران فەرمانێكی دەركرد بە تایبەت بۆ ناوچە كوردیەكان كە جل و بەرگی فەرهەنگی و شەبقەی پەلەوی لە بەركەن و جل و بەرگی كوردی فەڕێدەن لە دژی ئەو بڕیارەی رەزا شاە لە شاری مەهاباد و دەورو بەرەكەدا دژی دەسەڵات هەرایەكی چەكداری روویدا و توانیان فەرماندەی هێزە ئێرانیەكان لە ئازربایجان بپێبگن رەزا شا هێزێكی (٤) هەزار كەسی پڕ چەكی نارد بۆ مەهاباد دوای شەڕێكی توند هێزی دەسەلات سەركەوتن و شاری مەهابادیان داگیر كردو ژمارەیەكی زۆریان لە دانیشتوەكانی شەهید و بەندكرد و سەركردەكانی بزوتنەوەكە یش پەنایان بردە بەر عێراق.

لە (١٦)ی ئەبیلولی ساڵی (١٩٤٢) کۆمەڵەی (ژیانەوەی کورد) لە مەهاباد دامەزرا و رۆژنامەی ئۆرگانی پارتی لە تەموزی ساڵی (١٩٤٣) بە نێوی (نیشتیمان)دەرکرد.

ئەم پارتیە نوێیە توانی ژمارەیەکی زۆر لە روناك بیران و پیاو ماقولانی ناوچەکە رابکێشێتە نێو خۆیەوە لە ساڵی (١٩٤٤) قازی محمد یش چووە ریزی ئەو کۆمەڵەیەوە – قازی محمد لە بنەماڵەیەکی ناوداری ناوچەی موکریانە وەك ئاماژەم بۆی کردە لە دایکبوونی ساڵی (١٩٠٠)ز لە مەهاباد.

زانستە ئاینیەکانی لە سەردەمی باوکی میرزا عەلی خوێندوەکە بوو بە قازی موکریان قازی محمد هەر لە منداڵی یەوە حەزی لە ئەدەب دەکرد هۆنراوەکانی حاجی قادری کۆی زۆرکاریان تێدەکرد پاش ئەوەی فێری زمانی عەرەبی و فارسی بوو زۆرێك بایەخی بە ئەدەبی رۆژهەلات دەدا.

پاشانیش فێری زمانەکانی رووسی و ئینگلیزی تورکیش بوو. بیرو و باوەڕەکانی قازی فەتاحی باپیرەی زۆر کاریان تێکرد بوو کە برا بچووکی باپیری بوو – قازی فەتاح لە یەکێك لە بەرگریەکانی دژی ئینگلیزی و رووسی و پاشایەتیدا شەهید ببو– قازی محمد لە ساڵی (١٩١٥) لە مەهاباد دژی عوسمانیەکان جەنگاوە کە هێشتا تەمەنی (١٥) ساڵ کەمتر بوو لە ساڵی (١٩٢٢) دەستی بە دەیگوتنەوە کرد وە لە ساڵی (١٩٢٦) بە کارگێری زانیاری لە مەهاباد دادەمەزرێنێت زۆر کۆششی دەکرد بۆ کردنەوەی فێرگە لە



وانە فێرگەی کچان لە ساڵی (١٩٣١) قازی محمد گوازرایەوە بۆ قازی (موکریان) بە هاتنە ریزی قازی بۆ نێو (کۆمەڵەی ژ.ك) بە شێوەیەکی بەرچاو کۆمەڵە فراوان بوو لە ساڵی (١٩٤١) دەستی بە گەڕان کرد بە نێو رووناکبیران و سەرەك هۆزەکاندا و لە تەکیاندا کۆبونەوە و لە هەمان ساڵدا لە مەهاباد کۆنگرەیەکی گەورەی بەست ماوەی سێ رۆژی خایان هەر لەو ساڵانەی دوایدا قازی محمد سەرکردایەتی کۆمەڵەی گردە دەست بە ناوی (پارتی بینای) هەر لەو رۆژەوە کۆمەڵە بە ئاشکرا کارەکانی دەستپێکرد.

لەو ساڵانەدا قازی دووجار سەردانی تارانی کردوو چاوی بە شای ئێران کەوت و داوای لێکرد لە جیاتی ناردنی تۆپ و تانگ بۆ ناوچەی مەهاباد و کوردستان رێگەبدات خوێندن و زانیاری بڵاوبکاتەوە شا یش بەم داوایە رازی بووە.ئەو بارودۆخە کاریگەریەکی زۆری لە بەرزکردنەوەی ئاستی زانیاری و رامیاری ناوچەکەدا هەبوو لە رۆژی (١٦)ی ئابی ساڵی (١٩٤٥) بەیانامەیەك لە شاری مەهاباد بڵاوکرایەوە کە واژووی (٧١) رووناك بیر پیاو ماقوڵانی ناوچەکەی بەسەرەوە بوو تێدا دروستبوونی (حیزبی دیموکراتی کوردستان) یان تێدا ئاشکرا کرد و لە رۆژی (٢٥ تا ٢٨)ی تشرینی یەکەمی خایان قازی محمد بە سەرۆکی حزب دەسنیشان کرا ساڵی (١٩٤٦)ك ئۆرگانی حزب بە ناوی (کوردستان) بڵاوکرایەوە.

لە دوازدەی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٤٥) جعفر پێشەوەری لە ئازربایجان لە تەوریز (حکومەتی کۆماری دیموکراتی خودموختاری) دامەزراند.

لە (٢٢) کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٤٦) قازی محمد یش لە کۆبوونەوەیەکی جەماوەری گەورەدا دامەزراندنی (کۆماری دیموکراتی خود موختاری کوردستان)ی راگەیاند قازی محمد لەوتارەکانیدا هەمیشە رای دەگەیاند کە مەبەستی ئەوان جیابونەوە نیە لە ئێران مەبەست نەهێشتنی ستەمە لە سەرگەلەکەی کە لەلایەن دەوڵەتی ئێرانەوە دەکرێتە سەری.

حکومەتی تاران پەنای بردە بەر کردنەوەی جۆراوجۆر بۆ لە ناو بردی ئەم دوو کۆمارە ساوایەی (ئازربایجان و کوردستان) قەوام السلطنة کە سەرۆك وەزیرانی ئێران بوو هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی ژمارەیەك لە ناوداران و سەرۆك هۆزەکانی دا کە بە پلە و پارەبان کرێت و لە بزوتنەوەکە روویان وەرچەرخێنێ. دەسەڵاتدارانی تاران بڕیاریان دا بەناوی هەڵبژاردنەوە لە ناوچەکەدا ژمارەیەکی زۆر سوپا بڵاوبکەنەوە قازی محمد بە بەیانێك ئاگاداری تارانی کردەوە کە رازی نابێت بە ناردنی هێز ناوچەکە یان بەو هۆیە وە چەند جێگەیەك ئامادەکرا بۆ پەرچدانەوەی هێزەکانی تاران و ئاگاداری حکومەتی ئازربایجانیش کردوەوەلە نیازی گەلاوی شای ئێران خیانەتی چەند کەسێکی ناسراو لە ئازربایجان وەك (جاوید و شبوستری و محمد بێ ریا) پەیوەندیان بە تارانەوە کرد



بەیانیەکیان لە ئێستگەی تەوریز دژی ئەو هەنگاوە بڵاو کردەوە و گوتیان هێزی حکومەت بۆ کوێ دێ با بێت.

ئەمە بوو بە هۆی هەڵوەشاندنەوەی نەخشەکەی قازی محمد و دڵخۆشکردنی نەیارانی کورد و ئازەربایجانیەکان. ئەوەی شایانی باسە هێزەکانی سوپای رووسیا کە بە سوپای سور دەناسرا وە ژمارەی یەکیان هێشتا لە کوردستان و ئازەربایجاندا جێگیر بون قەوام و سەڵتەنە بوڕێ خۆشکردنی خۆی بۆلێدانی کورد پەیوەندی بە (مۆسکۆ) وە کرد و لە تەکیاندا رێ کەوت کە دوو بۆڕی (نەوت + غاز) بە بێ بەرانبەر بدات بە رووسەکان هەتا هەتایە لە بەرانبەر دا رووسەکان کە خۆیان بە پێشڕەوی ئاشتی و ئازادی گەلان دا دەنا هێزەکانیان بکێشنەوە چۆنی ویست و هەروەهایش بۆ کرا- حکومەتی شای ئێران دەرفەتی بۆ هات و بە سوپایەکی گەورەی زۆر و ژمارەیەك لە خۆفرۆشان کە خۆیان لە (٣٠) هەزار پیادە و (٥٥) تانگ و (١٠٢) تۆپ و ژمارەیەك فڕۆکە روویان لە ناوچە کوردەواریەکان کرد و بەپشتیوانی (ئینگلو – ئەمریکی) بە شێوەیەکی دڕندانە بەربونە گیانی گەلی کورد و ژمارەی (١٥٠٠٠) هەزار کوردیان شەهید کرد – [8] قازی محمد بڕیاری دا شەڕ نەکات بۆ ئەوەی گەلەکەی (جینۆساید) نەکرێت خۆی و سەدری قازی برای و سەیفی قازی ئامۆزای خۆیان دا بەدەستەوە لە بەرە بەیانی رۆژی (٣٠) مارتی ساڵی (١٩٤٧) بەدادگای کردنێکی

نەهێنی وبێ یاسای هەرسێکیان لە سێدارە دران و گیانی پاکی خۆیان کرد بە قوربانی خاکی کورد و کوردستان .

هێزەکانی حکومەتی شای ئێران لە رۆژی (١٧)ی کانوونی یەکەم ساڵی (١٩٤٦) چوونە نێو شاری مەهاباد ئیتر ئەو رۆژە بە رۆژی کۆتای کۆماری دیمکراتی کوردستان لە شای مەهاباد هێنرا.



سەرچاوەکانی هۆزی موکری:–

١– مێژووی کورد و کوردستان شەرەف خانی بەتلیس .

٢– وێنەی کورد لە مێژووی ئیسلام دا – حیدر لشکری هەروەها مینورسکی و کورد وەرگێرانی ئەنوەری سوڵتان.

٣– هەمان سەرچاوەی پێشوو .

٤– ئۆسکارمان مێژوونووسی – بەدێبوکری ناویان دەبات.

٥– شەرەف خانی بەتلیسی بەرگی یەکەم لاپەڕەی (٣٥٨) بڕوانە.

٦– رشید الدین لە پەرتووکە مێژوویەکەیدا لاپەڕە (٢٥٣) بڕوانە.

٧– خەباتی رزگاری خوازی کورد و ئازەر لە ئێران – د. کمال مظهر .

٨– کوردستان و الاکراد – دکتۆر عبدالرحمن قاسملول (٧٢) .

## ﴿ هۆزی گۆرانی دێرین و گەورە و بەرینی کورد ﴾



هۆزی گۆران هۆزێکی زۆر گەورە و دێرینی کوردە لە وەیش گەلێك گەورەترە وەك تەنیا هۆزێك لە بێنوس بدرێت لەبەرئەوەی تا ئێستا چەند هۆزێکی گەورەی دیکەی کوردیان لیٚ دروست بوە و هەر بەو دیالۆکەیشی ئە پەیڤن کە لەو کات و سەردەمەی دێرینەی دروستبوونی ئەم هۆزەدا ئاخافتنیان پیٚ کردوە ئەو زمانەیش ئاخافتنیان پیٚ کردوە ئەویش شێوە زاری (ماچۆی) ئێستا یە بەلاّم لەبەر بەسەرچوونی سەردەم و گۆڕانکاری شێوە زاری جۆراو و جۆر و دروستبوون و تێکەلاوبوونی لە تەك ئەم شێوە زارەدا



گۆڕانکاری زۆری لە وشەکاندا دروستبونە بەڵگەشمان بۆ ئەم راستیە نووسراوەی پەرتووکی پیرۆزی (ئاڤێستا)ی پیرۆزە کە هەر بەم دیالۆکە و هەر بەم شێوە زارە (ماچۆ) یە نووسراوەتەوە لە راستیدا گۆڕا   نکاریەکی زۆر لە هەندێك وشەکانیدا بەدی دەکرێت گرنگ ئەوەیە شێوازە دێرینە رەسەنکەی خۆی تا ئێستایش لە دەسی نەداوە. ئێستا یش پێوە ئەم هۆزانە کە ئێستا هەبونیان هەیە لە کوردستاندا کە هەریەکیٚ بە ناوێکیٚ تایبەتیەوە دەناسرێن و بە سەرجەمیانیش گۆران دەگوترێت (١- هەورامانی تەخت. ٢- هەورامانی لهۆن. ٣- زەنگەنە. ٤- باجەلان. ٥- کاکەی. ٦- زازا. ٧- شەبەك . ٨- شێخانی بەرزنجی).

بەرێزیخوالێخۆشبوو (ئاخوەند محەمەدی ساڵح زەنگەنە بەلوج) لە پەرتووکی (کورد نامەك)[1] واتا کورد بێژنامە دا کە لە ساڵی ٠١٠٧٠ ك – ١٦٥٩ ز) نوسیویەتی بەم شێوەیە ئاماژە بۆ هۆزە هەرە دێرینەکانی کورد دەکات و بەتایبەتی هۆزی دێرینی (گۆران) و دەڵێت کوردە برا خۆیەکان یەکیٚ لەو تیرە گەورانەی کوردن کە لە سەرتاسەری دنیا شێوازی شەڕی ولاّتگیریان وەکو تیرەکانی تری کورد ناوبانگی دەرکردوە تەنانەت خاسەی بۆنی عەنبەریش لە نووسین و ستایشی خەسلەتی چاکیان زیز و دەستەمۆ یە کوردە برا خۆیەکان لە دەورو بەری ساڵی (٨٥٠)پ.ز پاش دروستبوونی سەڵتەنەتی مادە کوردەکان لە ماد و پارس کە لە دوایدا بە ناوی سەڵتەنەتی ماد و پارس ناوبانگی دەرکرد. بۆ یەکەم جار بە

پشتیوانی کەی قوباد پاشای کوردە مادەکان  پایان نایە سەر خاکی (بەلوجستان) دەسەڵاتداری ئەو سەر زەوییە یان هێنایە ژێر قەڵەم رەوی خۆیان پاش نیشتەجێ بوونیان لەو ناوچانەدا لە لایەن ئەو خەڵکانەی کە لە پێش هاتنی ئەوان لەو ناوچانەدا نیشتەجێ بوون بە (کوردگاڵ) ناسران ئەمەش بەمانای ئەوانەی بە کوردی دەپەیڤین دەبێت هەر بۆیە سەرەتا ئەم تیرەی کوردە بەکوردگاڵ ناوبانگیان دەرکرد. بنەچەی کوردە برا خۆیەکان بەم شێوەیەی خوارەوەیە.



گێرەرەوە مێژووی و ئاینیەکان دەگێرنەوە کە لەدوای تۆفانی نوح سەلاوی لێبێت سێ کوڕەکەی (حام و سام و یافس) لە گیژەن رزگاریان بوو هەموو مرۆڤەکانی دنیا خۆیان بە نەوەی ئەم سێ کوڕەی پەیامبەر (نوح) سەلاوی لێبێت دەزانن بە هۆی زۆر بوونی نەژادی ئەم سێ کوڕە بۆ بژێوی ژیان بە هەموو پەنا و قوژبنی ئەم



دنیا یەدا بڵاوەیان لێکرد یەکەم جار روویان کردە ناوچەکانی باکوور رۆژهەڵاتی گردای زەوی لەوێ نیشتەجێ بوون پاشان هەندێکیان بەرەوباشوور کۆچیان کرد لە ناوچەی ئێستا یان نشینگەیان دامەزراند خەزرەتی یافس هەشت کوڕی هەبوو. ١- کۆمەر –ئەم کوڕە بە دامەزرێنەری بنەچەی کورد دادەنرێت..(یافس).

١- کۆمەر. ٢- تورك. ٣- خەزەر. ٤- کارداك. ٤- بوغازە. ٥- میتان . ٦- ئارین . ٧- کیوەرز  ٨- رودین. ٩- سورز ١٠- دەخوو . ١١- بولگارز ١٢- پشدەرز ١٣-تیرحان. ١٤- شود. ١٥- غوران. ١٦- مادی گەورە ١٧- چەرکەس. ١٨- راسن. ١٩- زنگان. ٢٠- دەراجز ٢١- حەکار. ٢٢- خۆشناو. ٢٣- زاران. ٢٤- ساسون. ٢٥- سەنجار. ٢٦- شکاك. ٢٧- شوهان. ٢٨- گۆرەك. ٢٩- وان. ٣٠- میران. ٣١- سوباز. ٣٢- پوز. ٣٣- کاد. ٣٤- گاورز ٣٥- مەنگور. ٣٦- تاکاز. ٣٧- چیك. ٣٨- مادی بچوك:- مادی بچوك حەوت کوڕی هەبووە:- ١- پارتاسن. ٢- ئەشتروشاد. ٣- ئاری زانت. ٤- بوزە. ٥- ماژ. ٦- بود. ٧- دیلمان. ٨- لەم حەوت کوڕە حەوت تیرەی کورد دروست بوون و هەریەکە بە ناوی باپیرە گەورەی خۆیەوە ناسران. ئەم تیرە کوردانە بە کوردی رۆژهەڵاتی دەناسران لە بەرئەوەی ئەوان لەلای رۆژهەڵاتەوە هاتبوون (ماد) و(فرس) – کوردە براخۆیەکان لە نەوەی (بود)ن بنەچەکەیان لە دوای بود بەم

شێوەیە یە (بود) ١- براخمی گەورە. ٢- جاکینی . ٣- پوران. ٤- حوتان. ٥- دووسەك. ٦- ئارۆك. ٧- زوراك. ٨- براخمی بچووك – باپیرە گەورەی هەشت تیرەی براخۆیی یە لە زمانی کوردیدا ابراهیم بە براخمی بێژە دەکرێت لە بەر ئەوەی نەوەکانی (براخم) بە براخۆی ناسران براخمی بچووك هەشت کوڕی هەبوو کە ناوەکانیان بەم شێوەیەیە:- ١- کیکان. ٢- گۆران. ٣- سارون. ٤- غوزە. ٥- شکاك. ٦- ئەرمیل. ٧- بوڵان. ٨- کریشکان لە گەڵ ڕەوتی سەردەم نەژادی کوڕەکانی براخمی بچوك ئەوەندە زۆر بون کە هەشت تیرە یان لە براخۆیەوە دروستکرد هەر تیرەیەك بە ناوی باپیرەیەوە ناسران و ناوبانگی دەرکرد بەم شێوەیە نەوەکانی کیکان بە کیکانی و گۆران بە گۆرانی و سارۆن بە سارۆنی غۆر بە غۆرانی مشکان بە مشکانی ئەرمیل بە ئەرمیلی و بۆڵان بە بۆڵانی و کریشکان بە کریشکانی ناسران.

لێرە دا ئێمە بە مەبەستەکەمان دەگەین کە دووەمینی تیرەیە و باسەکەمان لە بارەی دروستبوونی هۆزی گۆرانە وەیە دیاری کردنی سەردەمی بۆ لە بەرچی ناسنامەی گۆرانیان بۆ بەدستنیشان کراوە بۆچی بە گۆران دەناسرێن ؟

کوردی براخۆیی لە شێوەی تیرەکانی دیکەی کورد لە خاکی (ماد) ژیانیان دەبردە سەر سەرەتا لە سەردەمێکی نادیارە وە واتە پێش هەزاران ساڵ پێش زاینی هاتونەتە ئەو ناوچانەی کە کەوتووتە باشووری خاکی (ماد) و کە بە کوردستان دەناسرێت کیکان



کوڕەگەورەی براخمی بچوك بوو لە بەر ئەوەی پلەی سەر داری و سەرۆکایەتی کوردە براخۆیەکانی وەرگرت. بنەچەی گۆرانیەکان بەم شێوزەیە دەست پێدەکات:- ١- گۆرانی گەورە. ٢- شیوان. ٣- باشمان. ٤- دلوت. ٥- زینل. ٦- تەکش. ٧- کاش. ٨- کوساد. ٩- گۆران بچوك.

لە دوای مردنی (گرشاسب) پاشای(پێشداد) ییەکان وڵاتی ماد وپاوس دووچاری باری شڵەژاوی و پاشا گەردانی هات، ئەم باروو دۆخە بوبە هۆی پەشۆکاوی و ترس و دڵە راوکێ سەرەك هۆزەکانی ماد و پارس لە دوای کۆبوونەوەیەکی فراوان لە نێوانیان دا بە کۆی دەنگ بڕیاریان دا کەی قوبادی کوردی ماد کە سەرۆکی گشتی هۆزە کوردەکان بوو لە جێگەی (گوشاسب) لە سەرتەختی ماد و پارسی جێنشینی بکەن بەم شێوەیە کەی قوباد لە ساڵی (٨٥٣)پ.ز هاتە سەرتەختی ماد و پارسی لەو کاتەدا کوردە براخۆیەکان بە هۆزێکی ئازاو بە هێزی کورد دەهاتنە ئەژمارد میرکیکان لەو کاتەدا سەرکردەی هۆزە براخۆیەکان بوو وەك لە پێشدا ناویان هاتووە لە دوای ئەو میر گۆران بوو ئەم هەشت تیرەیە هەموو کات بۆ هاوکاری میر قوباد ئامادەبوون و لە کارەکانی سەڵتەنەتەکەیدا هاوکارو یارمەتی دەری بوون.

## ﴿ جەنگی نێوان ئەفراسیاب و ماد و پارسی ﴾

ئەفراسیاب پاشای (توران) لە رووی میراتەوە خۆی بە میراتگری سەڵتەنە تی پێشدادیەکان دەزانی کە پاشاکانیان پارسی بوون زۆری پێناخۆش بوو کە کەی قوبادی کوردی ماد بە فەرمانرەوای ماد و پارس هەڵبژێردرا بوو هەر بۆیە ئالآی جەنگی دژی ماد کەی قوباد بەرزکردەوە جەنگ دەستی پێکرد کەی قوبادی کوردی ماد دوای جەنگێکی خوێناوی توانی سوپای توران بشکێنێت و ئەفراسیاب ناچار بکات داوای ئاشتی بکات لە دوای مۆرکردنی ئاشتی کەی قوباد لە تەك لەشکرەکەیدا گەڕایەوە ماد لەم جەنگەدا سەرجەم تیرە کوردە کان هاوشان و هاوڕێی کەی قوباد بوون بە تایبەت کیکیان(کەیانی) یەکان و گۆرانیەکان کاتێك کەی قوباد گەیشتە (زەرەنگ) فەرمانی بە کوردی براخۆی یەکاندا بەتایبەتی تیرەی کەیانی و گۆرانی هێرش بەرنە سەر ولایەتی تۆران سەرۆکانی تیرەکانی ئەدرەکانی و ماملی و کرمانی یەکان هێرش بەرنە سەر ولایەتی مەکران و داگیریان بکەن پاش داگیرکردنی



تۆران میرنشینەکەی دا بە میرکیکان = کەیانی و میرنشینی مەکرانی دابە میر ئەیلەی ئەدرەکانی کوردە برا خۆیەکان.
نەوەکانی ئەم میرانە تاروخانی دەسەلآتی مادەکان لەم دوو میرنشینەدا فەرمانڕەواییان دەکرد. کوردە مادەکان تا شەش پشت لە سەر تەختی سەڵتەنەتی ماد و پارسی فەرمانڕەوایان دەکرد کە ناوەکانیان بەم شێوەیە بووە. ١- کەی قوباد. ٢- کەیکاوس. ٣- توسی. کە بە کەیخوسرەو یش ناسراوە. ٤- فەریبورز. ٥- کواکسار. ی٦- ئازدیاك.تیرەی کوردەکانی هاو چەرخی کەی قوبادی یەکەم پاشا ماد و پارسەکان. ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی کوردی براخۆی هاوچەرخی کەی قوباد بوون. ١- میر کیکان کیکانی=کەیانی ومیر گۆرانی گۆرانی میر خۆ سارۆنی میر مهران غۆزداری میرمشکانی مشکانی میر ئەرمیل ئەرمیلی میر بۆلان بۆلانی میر لەرزینی کریشکانی لە بەرئەوەی کەی قوباد تەمەنی زۆر درێژ بووە ماوەی دەسەلآتەکەیشی زۆری خایاندوە هەر بۆیە ئەم میرە براخۆیانەیش هاوچەرخی ئەوبوونە میرزۆزك. کەیانی میرکرەچك گۆرانی میر سەڵدوزی سارۆنی میر کیتون غوزداری میر مرداسی مشکانی میر مشکانی ئەرمیلی میر باجەل بۆلانی میرتادی کریشکانی.
لە دوای مردنی کەی قوباد کوڕەکەی(کەیکاوس) هاتە سەر تەخت پاشای ئەم سەرۆك تیرانە کورد هاوچەرخی بوون میر و شتاب کەیانی میرشادین گۆرانی میر شاگینی سارۆنی میر کاشك

غوزداری میر کرەجل مشکانی میر خۆمان ئەر میلی میر پۆران بۆلانی میر زیدان کریشکانی – کەیکاوس شا بەوجاخ کوێری مرد لە بەرئەوەی هۆزەکانی کوردی ماد کۆبونەوە توسی کوڕی فەریبورزیان بە پاشای ماد هەڵبژارد – ئەم سەرۆکانەی تیرەکانی هۆزی کوردی براخۆی هاوچەرخی توس بوون میرزکرین کەیانی=کیانی میر کاشی گۆرانی میر سابولی سارۆنی میر کیچانی میر گوڵپاکی مشکانی میر کلە چەك ئەرمیلی میر خۆمان بۆلانی میر بروشی کریشکانی بوون – دوای مردنی توس کوڕەکەی ناوی فەریبورز بوو هاتە جێگەکەی. ئەم سەرۆکە کوردە براخۆیانە هاوچەرخی بوون میرزێباری کیکانی میر رامین گۆرانی میر سورچن سارۆنی میر مانور غوزداری میر توراب مشکانی میر کرمانج ئەرمیلی میر کیشون بۆلانی میر پازوکریشکانی فەریوەرز پاشا لە جەنگی (ئاشوور) یەکاندا کوژرا و سەردارانی کوردی ماد (کیاکسار) یان هێنایە سەرتەخت کە پێنجەمین پاشای بنەماڵەی کوردە مادەکان بوو ئەم سەرۆکە کوردە براخۆیانە هاوچەرخی بوون میر براخم=برایم کەیانی میر بوغاز گۆرانی میر مانی سارۆنی میر گاور غوزداری میر مانووری مشکانی میر گورەن ئەرمیلی میر ترمان بۆلانی میر تانین کریشکانی.

دوای مردنی کیاکسار ئەزدەپاکی کوڕی هاتە سەرتەخت کە دەکاتە دوا پاشای کوردە مادەکان لە بەرئەوەی لێهاتوونە بوو زۆر مل هوڕ و ستەمکار بوو تەختەکەی لە دەست دا و بە کۆتای هاتنی



ئەزدیاك = ئەژدەهاك کۆتای بە سەڵتەنەت و دەسەڵاتی کوردە مادەکان هات. ئەم تیرە کوردە برا خۆیانە هاوچەرخی بوون میر گۆران کیکانی میر راسن گۆرانی میر شوهان سارۆنی میر مهران غوزداری میر پەیکەری مشکانی میر کوسادی ئەرمیلی میر هەکاری بۆلانی میر خێزانی کریشکانی بنەماڵەی ماد و پارسی نزیکەی (٣٠٠) ساڵ فەرمانڕەوایان کرد لە بەرئەوەی ئەزدیاك = ئەژدەهاك کەسێکی لێنەهاتوو هێز بوو نەی دەتوانی ئیش و کاری وڵات بەڕێوە ببات لە گەڵ ئەوەشدا ستەمکاری و ئازاردانی خەڵکی کرد بوە پیشە خەڵك بەدەستیەوە دەیانناڵاند لە بەرئەوە میران و سەردارانی ماد و پارس لە تەك یەکتردا راوێژیان کرد بۆ لابردنی ئەو دانانی یەکێکی شایستە لە جێگەی لە بەرئەوەی ئەژدیاك و جاخ کویر بوو بڕیاریاندا کورشی هەخامەنیش کە کچەزای ئەژدیاك بوو بۆ پاشایەتی تەختی ماد و پارسی هەڵبژێرن.

روخانی فەرمانڕەوای کوردە مادەکان و هاتنی هەخامەنیش بۆ سەرتەختی پاشایەتی هەخامەنیش یەکەم پاشای پاشایەتی هەخامەنیشینەکان بوو بە هۆی ئەوە وە بنەماڵەکەی هەخامەنیشی ناسران کورش بناغەی سەڵتەنەتی هەخامەنیشی لە ماد و فارسی دانا کورش ئەم سەڵتەنەتەی بە هاوکاری کوردە مادەکان بەدەست هێنا بوو پەیوەندی خوێنی لەتەك کوردە مادەکاندا هەبوو لە بەرئەوەی دایکی کوردی ماد بوو زۆر رێزی گەورەی لە کوردە مادە کان دەگرت سەرجەم بەرپرسانی دەسەڵاتی مادی لە جێگە و پلە

بەرزەکانی سەڵتەنەتەکەیدا هێشتەوە و زۆریش جێگەی باوەڕی بوون ئەو کوردانەی لە سەردەمی کۆرشدا لە دەسەڵات بوون یان پلە و پایەی بەرز یان هەبوو ئەمانە بوون:- ١- میر زەرشانی کیکانی = کەیانی. ٢- میر ناگان گۆرانی. ٣- میر نێرمان سارۆنی. ٤- میر شیشاری غوزداری. ٥- میر گورگینی مشکانی. ٦- میر باهۆزی ئەرمیلی . ٧- میر بوغا بۆلانی. ٨- میر سەمبان کریشکانی.

ئەم میرە کوردانە و بەتایبەتی میرەکانی یەك لە دوای یەکی هۆزی گۆران هاوشانی دەسەڵاتەکانی هەخامەنیشیەکان فەرمانڕەوای هەرێمەکان بوونە.

- روخانی دەسەڵاتی هەخامەنیش-لە ساڵی (٣٣٧)پ.ز فەیلە قدسی فەرمانڕەوای مەقدونیا لە وڵاتی یۆنان خۆی ئامادەکرد و سوپاکەی تەیارکرد بۆ جەنگ لە تەك هەخامەنیشەکاندا بۆی نەکراو لە یەکێك شەڕە ناوخۆیەکانی وڵاتەکەیدا کوژرا و ئەسکەندەری کوڕی جێگەی گرتەوە و ئەمیش ویستی هیوای باوکی بەئەنجام بگەیەنێت هێرشی کردە سەر هەخامەنیش یەکان و لەدوای جەنگی سەخت هەخامەنیش یەکان شکستیان خوارد و ئەسکەندەری مەقدوونی سەرانسەر زەویە کانی ژێر دەسەڵاتی هەخامەنیش یەکانی داگیر کرد. ئەو هەشت هۆزە کوردانەی کە باسیان لێوەکرد سەرکردەکانیان بەڕێوەبەری چەند ناوچەیەك بوون ژمارەیەك لەم هۆزانە بە بەبەرەکانی هێزەکانی ئەسکەندەری



مەقدوونی هەڵسان و سەرئەنجام شکستیان خوارد و گوویی رایەڵی دەسەڵاتە کەی ئەسکەندەر بوون و ژمارەیەکیش لەم سەرەك هۆزانە نەچەنگان لە تەك سوپای ئەسکەندەر دا و کە بینیان هەخامەنیشی بەرەو کۆتای دەڕوات بوون بە گوێی رایەڵی ئەسکەندەر و جیّ بەجی کەری فەرمانەکانی ئەمیش لە شێوەی میر برسانی زەنگەنە ، میر برسان میری گەورەی تیرەی کوردە زەنگەنەکان بوو لە سەردەمی فەرمانڕەوای هەخامەنیشیەکاندا وەك میرەکانی تری کورد خاوەن پلە و پایە بوو لە ولایەتی زابلستان دەسەڵاتداری گردبووە دەست کاتێك ئەسکەندەری مەقدوونی سەڵتەنەتی ماد و پارسی هێنایە ژێر دەسەڵاتی خۆی و سەرکەوت بە سەر بنەماڵەی هەخامەنیشییەکاندا کەدارای سێیەمی دوا پاشای ئەم بنەماڵەیە بوو هاوکار و هاودەمەکانی خۆی لە ترسی بەدوا گەڕانی ئەسکەندەری مەقدوونی بە کوشتیان دا. بەم شێوەیە دەسەڵاتداری میر برسانی زەنگەنەیش لە زابلستان کەوتە مەترسیەوە لە بەرئەوەی پیاوێکی دانا و زیرەك بوو سوودس لە ئاوەزی خۆی وەرگرت و خۆی و وڵاتی زابلستانی دا بەدەست ئەسکەندەری پاشای یۆنانیە کانەوە بەبێ جەنگ خۆی دا بەدەستەوە لە بەر ئەوە ئەسکەندەریش ئەوی لە سەر پلە و پایەی دەسەڵاتداریەکەیدا هێشتەوە وەك میروو و فەرمانڕەوای زابلستان .

لە سەردەمی ئەسکەندەری مەقدوونی و تا سەردەمی هیندیەکان و دواتر یش تا سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام هۆزی

گەورەی براخۆی کە لە سەرەوە چەند جارێك ناوی خۆیان و
دەسەلاتیان هاتووە و پێك هاتبون لەم تیرە کوردانە هەمیشە پلە و
پایە و هەبوونیان لە سەر تاسەری ئێرانی گەورە و لە توران و
مەکران و زابلستاند هەبووە و جێ پەنجەی یان هەر لە مێژوودا
دیار و وەدەر کەوتووە هەبوونە:- ١- تیرەی کیکانی=کەیانی. ٢-
تیرەی گۆران = گۆرانی. ٣تیرەی سارۆن = سارۆنی. ٤- تیرەی
غۆز = غۆزی. ٥- تیرەی مشکان=مشکانی ٦- ئەرمیل=ئەرمیلی
. ٧- تیرەی بۆلان = بۆلانی. ٨- تیرەی کریشکان=کریشکانی.
لە سەردەمی پەیامبەری خۆشەویستان(محمد کوڕی عبدالله)
دروود و سلاوی خودای لێبێت. و لە سەردەمی پاشای
(کوهستان=کوردستان) نەوشیروان دادوەردا ئەم تیرە کوردانە
ئامادەیان لەو سەردەمەدا هەبووە هاوچەرخیان بوونە(هۆزی
براخۆی):- ١- میر بەهرامی براخۆی ٢- میر شاگانی زەنگەنە.
٣- میر زەڕینی ئەردەگانی. ٤- میر سورانی ماملی. ٥- میر
شەهبەدی کرمالنی.

لە سەردەمی ئەبوو بەکری (راستگۆ) خودا لێ رازی بێت ئەم
سەرۆکە کوردانە هاوچەرخی بوونە :- ١- هۆزی گەورەی براخۆی
میر جان بێگ. ٢- میر سویدی زەنگەنە . ٣- میر لادنی
ئەردەکانی. ٤- میرکۆیانی ماملی. ٥- میر وانی کرمانی.

لە سەر دەمی پێشەوا عومەری کوڕی خەتاب دا ئەم سەرۆکە
کوردانە لە نێو خاکی کوردستاندا هاوچەرخی ئەوەبوونە:- ١-



هۆزی براخۆی میر مهران . ٢- تیرەی زەنگەنە میرسیود. ٣-
تیرەی ئەردەکانی میر پاتاك. ٤- تیرەی ماملی میر بەرزنج. ٥-
تیرەی کرمانی میر جودەك – ئەم تیرە کوردانە و ژمارەیەکی دیکە
لە هۆز و تیرە کوردە بە ناوبانگ و دیارەکانی کورد تا سەردەمی
خەلافەتی (مەعاویەی کوڕی ئەبوسوفیان) ناویان لە مێژوودا بە
ئاشکرا باسی کراوە باس لە زیرەکی وسوارچاکی و ئازایەتیان
هەبووە ئەوەی ئاشکرایە لە مێژوودا گەلی کورد لە پێش هەموو
گەلانی سەردەمی سەرهەڵدانی ئیسلامدا باوەڕیان هێناوە بە ئاینی
ئیسلامی پیرۆز و پاڵپشتیان لێ کردووە. بۆ دابین کردنی ئەم
راستیە بەڕێز ئاخوندە محەمەد ساڵحی زەنگەنە لە ساڵی (١٠٧٠ ك
– ١٦٦٠ ز) کە پەرتووکی (کورد گال نامەك) ی نوسیوەتەوە لە
پەرتووکە زۆر گرنگ و نایابەکەیدا لە بەرگی یەکەم کە شەش بەرگە
پەرتووکی مێژوویە ئاماژەی بۆ ئەو راستیە کردوە کە هۆزی گۆران
لە تەك دروستبونی دەوڵەتی ماد لە ساڵی (٨٥٣) پ.ز
دروستبوونە لە تەك حەوت هۆزی گەورەی دیکەی کوردا کە یەکێك
لەو هۆزانە هۆزی گۆرانە و سەرجەمیشیان لە هۆزی گەورەی
براخۆیی جیا بوونەتەوە . ئەم هۆزە وەك لە سەرەتاوە ئاماژەم بۆی
کردووە لە سەردەمی دەسەڵاتی مادەکانەوە تا سەردەمی خەلافەتی
معاویەی کوڕی أبو سفیان ناویان لە مێژوودا بە ئاشکرا باسی
کراوە، باس لە زیرەکی و سوارچاکی و ئازایەتییان هەبووە، ئەوەی
ئاشکرایە لە مێژوودا گەلی کورد لەپێش هەموو گەلانی سەردەمی

سەرهەڵدانی ئیسلامدا باوەڕیان هێناوە بە ئایینی ئیسلامی پیرۆز و پاڵپشتیان لێکردووە.
مینورسکی[٢] دەڵێت بە لێبڕایەوە دەبی بڵێین (گۆران) ناوی هۆزێکی سەرەکییە کە چیاکانی باکووری نێوان بەغدا و کرماشانی لە نزیك چۆمی سیروان (دەیاڵە) لە باکوور کردووە تە شوێنی خۆی ئەم ناوچەیە بەهۆی بەرزایەکانی هەورامانەوە هەورامانی لهۆن بەرەو رۆژئاوای زنجیرە بەرزایەکەی چیای(زاگرۆس) و هەروەها هەورامانی تەخت بەرەورۆژهەڵاتی ئەو ناوچەیە درێژدەبێتەوە جگە لەو دوو بەشە سەرەکیە لە دوو ناوچەی دابڕاوی دیکەیشدا بە شێوەزاری گۆرانی (ماچۆ) قسەدەکەن لە وانە پاوە – کەندۆڵە – لە سەرچاوەکانی رووباری (بانیان) هەروەها ناوچەی (دینەوەر) ئەو شوێنەی وا لە تەك (گاماسیاب) دا یەك دەگرنەوە.
باجەڵان کە لە موسڵ دەکەوێتە سەر رووباری (خۆسەر) زەنگەنە کە لە چیای قەرەداخەوە دادەکشێت نێوانی هەردوو چۆمی (ئاوەسپی و رۆخانە) بە شێوەی ماچۆی دەدوێن وەهەمان هۆز لە (زهاب) و لورستانی باکوردا دەبرێت لە کوردستانی باکور هۆزی (زازا) بەو شێوەیە دەدوێن کە دەکەوێتە نێوان دجلە و بادانەوەی فوڕات مەڵبەندی موشورزنجان و دەرسیم.



## ﴿ ڤلادیمێر مینورسکی ﴾

ڤلادیمێر مینورسکی – سەبارەت بەم پیاوە گەلێك بابەت و نووسراو بڵاوکراوەتەوە من تەنیا ئەوە دەنوسم مینورسکی لە چاو رۆژ هەڵاتناسی و کوردناسە ئەوروپیەکان ئەم پیاوە خزمەتێکی بەرچاوی بە مێژووی گە لەکەمان کردووە هەر چەندە ئەویش لە چوار چێوەی یەکی گشتی دەرنەچووە باسیشی لە زۆر بەی هۆزە کوردەکان و هەڵس و کەوتەکانیانی کردووە ئەگەر سەرتا شێوازی لوڕی بە زاراوەیەکی کوردی داناوە دواتر لێی پەشیمان بوەتەوە نەك هەر ئەمەش بەڵك و زاراوەی گۆرانیش لە کوردی بوون شۆڕدەوەتەوە گۆرانی بە فارسی لە پێنووسی داوە.
ئێمەی کورد زۆر سوپاسی بۆ خودا ئێستا پسپۆڕ و لێزانی خۆمان زۆرن پێویستی زۆرمان بە پێنوسی بێگانان نیە بێن و سیاسەت و مێژووی ئەدەبی گەلەکەمان بۆ شی بکەنەوە ئیتر قسەی فلان ئەوروپی بۆ ئێمەی کورد نەبێت بە (وحی المنزل) و بەتایبەت باگەنجەکانمان شێوازی لێکۆڵینەوە لەوان فێربێ ئینجا بە قازانجی مێژووی گەلەکەمان کەڵکی لێ وەربگرن.

مینورسکی له بارەی هۆزی گەورەی دێرینی گۆرانەوە بەم شێوەیە پێش ئێستا دا له شانۆی مێژوودا دەرکەوتوون گومانی تێدا نیە بۆ شوێن هەڵگرتنی یەکەم جاری ناوی (گۆران) پێویستە هەزار ساڵی دیکەیشی بگەڕێنێتە دواوە واتە لە پێش دوو هەزار ساڵ پێشی ئێستاوە پێویستی بۆ ناوو دروستبوونی ئەم هۆزە بگەڕێن.

ڕێزدار [٣] سەرهەنگی شێخ عەبدول وەحید کە یەکێك بووە لە سەردارانی سوپای پاکستان لە ساڵی (١٩٥٤) پەرتوکێکی بە زمانی پاکستانی نوسیوە تەوە بە نێوی (کورد و نیشتمانەکەی) ئەم پەرتووکە لەلایەن بەڕێز سامان عبدالله وە لە سلێمانی ی‌کراوە بە کوردی پەرتوکێکی زۆر گرنگ و بە نرخە کە لە بارەی مێژووی نزیکی گەلی کوردەوە دەدوێت ئەم بەڕێزە لە بارەی هۆزی دێرینی گۆرانەوە بەم شێوەیە دەدوێت.

(کوردە گۆرانیەکان)..

ئەم هۆزە بە ناوبانگە لە دەشتەکانی ڕۆژئاوا و باشووری ڕۆژئاوای ئێران زیاتر لە دەوروبەری کرماشان (گرنگترین شاری ڕۆژئاوای ئێران) دەژین گۆران بەزمانی ناوچەکە بەواتای چیانشینی دێت (گۆڕ) واتە چیا بە پێی پەرتووکی شەرەفنامە (کە گرنکترین پەرتووکە لە سەرهۆزەکوردەکان) مەلیك گوودەرزی کوڕی گیو دامەزرێنەری هۆزی گۆرانە دەڵێن گوایە بە هیمەتی پاشای ئێران ڕەهامی کوڕی گوودەرزی کوڕی گیوی ناردووە بۆ گرتنی (ئۆر شەلیم) ئەویش ژمارەی یەکی زۆری یەهودی کوشتووە



ژمارەیەکیشی دیل گرتووە لە هەندێك سەرچاوەدا ڕەهامیان بە (بەختەل نەسر) زانیوە لە هەمانپەرتووکدا هاتووە (ناوچەکانی دەوروبەری قەسری شیرین و کرماشان لە زەمانی ڕەهامەوە کەوتووەتە دەست جێنشینەکانی (گوودەرزی کوڕ گیو) هێشتا لە سەر بەردە نووسراوەکەی بێستوونی کرماشان ماوە لە پەرتووکی (مسالیك الابصار)[٥] دا کە پەرتوکێکی کۆنی دیکەیە گرنگیەکی مێژووی زۆری هەیە گوایە گۆرانیەکان لە سەدەی (١٤)ز دەسەڵاتیان بە سەر کوردستانی باشووردا هەبووە لە هەمەدانەوە تا شارەزوور هەر بۆیە دەتوانین بڵێن سەردەمێك گۆرانیەکان بەشێکی گەورەی وڵاتی ئێرانیان بەدەستەوە بووە کتێبی کوردگال نامەی ئاخوندە محمد ساڵحی زەنگەنە بە چاکی پشت ڕاستی ئەمەدەکاتەوە – ئێستایش پێوە بە شێکی زۆری ئێران و تا خانەقین هەر گۆرانن و بەشێوەزاری ماچۆیانە ئەخاوتن دەکەن.

گۆرانیەکان گەلێکی چالاك و شادن و بالاَ یان مامناوەندیە و پێستیان قاوەی و بە هێز و تەندروستی پیشە یان کشتوکاڵ و ئاژەڵدار یە بە چاکترین خوری لە مەڕەکانیان بەرهەم دێنن .

گۆرانیەکان بە ئازایەتی و زیرەکی و دڵسۆزی و خزمەتگوزاری چاك بەناوبانگن دڵسۆزی دەوڵەتەکەیانن زۆر بەی ناوچە کانیان کێڵگەی نەوتی تێدایە و زۆر جێگەیان هێشتا لە ژێر زەویدایە و دەوڵەت دەری نەهێناوە.

سەرچاوەکان :-

١- پەرتووکی کورد گاڵ نامەك - لە نووسینی محەمەدی صالحی زەنگەنە ساڵی (١٠٧٠ ك - ٦٦٠ز).

٢- مینورسکی کورد - وەرگێڕانی لە ئینگلیزیەوە ئەنوەر سوڵتانی.

٣- کورد و نیشتمانەکەی - سەرهەنگ عەبدول وەحیدی پاکستانی.

٤- شەرەف نامەی شەرەف خانی بەتلیسی.

٥- پەرتووکی (مسالك الابصار).